# هاتنە ژوور قەدەغەیە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هاتنە ژوور قەدەغەیە

کۆمەڵە چیرۆک

**مریەمی قازی**

ناوی کتێب: هاتنە ژوور قەدەغەیە
نووسینی: مریەمی قازی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨١٤
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کاروان نادر مەحموود
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٧٦٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە پێشکەشە بە:

ڕێزدار زاهیر ڕۆژبەیانی کە بۆ یەکەم جار بازنەی سووری ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانمی تێکشکاند.

بەهمەنی قوبادی. کارگەردانی فیلمنامەی ژیانی پڕ چەرمەسەری نەتەوەی کورد.

و ڕۆحی بەرزی شەهید عەلی قازی. برای خۆشەویستم

و...

دایکم و باوکی خۆشەویستم... مستەفای قازی

# پێشەکی

مریەمی قازی و هەوڵێکی یاخیبوون

زاهیر ڕۆژبەیانی

مریەمی قازی، ساڵی ۲۰۰۰بە بێ ئەوەی خۆی ببینم، لە ڕێی چیرۆکی زیندە بە گۆڕەوە ناسیم، ئەوسا لە پێشەکی ئەو یەکەم چیرۆکەیدا نووسیومە: "زیندە بەگۆڕ باڵوێزی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتە بۆ باشوور و، نەخشەی تەڵبەندکراوی چیرۆکی کوردی تەواو دەکا.. زیندەبەگۆڕ نوقلانەی ئەزموونێکی هونەریی و هۆشمەندانەی سیاسی سەرکەوتووە..."

ئەوەتا پاش تەنها نزیکەی (٦) ساڵان ئەو نوقلانەیەم، کە هەندێك پێیان وا بوو زۆرە بە یەك بەرهەم پێشبینی بکرێ، وا لە کۆچیرۆکی (هاتنە ژوور قەدەغەیە)دا بە ڕوونی دەسەلمێ، هاتنە ژوور قەدەغەیە، (۲۵) چیرۆکی کورتی هەمە بابەت و، هەمە شێوە و، هەمە شێواز لە خۆ دەگرێ.

شوێن لەم چیرۆکانەدا هەمان ئەو شار و گوند و کووچە و کۆڵانانەیە کە من و تۆی خوێنەر ژیانی ڕۆژانەمانی تێدا دەگوزەرێنین، زیندانەکان هەمان ئەو زیندانانەن کە من لە باشوور و تۆ لە باکور و ئەوی دیکە لە ڕۆژهەڵات وەکو فەرز دەبێ بەشێك لە تەمەنمانی تێدا بەسەر بەرین، مەرگەساتە کۆمەڵایەتییەکانیش دیارە هەر هەمان ئەو مەرگە ساتانەن کە هەموومان تیایاندا لە دایك دەبین و تیایاندا گەورە دەبین و دواتریش، درەنگ یا زوو تیایاندا دەمرین.

پاڵەوانی سەرەکی و لاوەکییەکانی ئەم چیرۆکانەی مریەم خانیش وەکو زۆربەی پاڵەوانی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسەکانی دیکەی کورد، پاڵەوانی ڕاستەقینەن و هیچ پێویستییان بە تەمسیلکردنی ڕۆڵەکانیان نییە، بەڵکو بە

کردەوە لە ڕووداوەکاندا دەژین و زۆر لە نزیکەوە هەست بە ماندووبوون و شەکەتی و هەناسەی ساردیان دەکەین، هەموو پاڵەوانی قوربانین، دەکەونە بەر کاریگەریی دەوروبەر، ئیتر ئەو دەوروبەرە سروشتی بێت، یا کۆمەڵگە، ئەمە وێڕای ململانێیەکی هەمیشەیی خود بە خودی مرۆڤی ئێمە لەگەڵ خۆیدا، کە لە ئەنجامی بە یەکدا هەڵپژانی پەروەردە و ناکۆکی نێوان فەرهەنگی خودی و ڕەسەن و، ڕۆشنبیریی بیانی داسەپاوەوە و لە ناخماندا دەڕوێنرێت و لە ناوەوە دەمانهاڕێ و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا کەم تا زۆر لێمان وەدەر دەکەوێتەوە، دەرکەوتنەوەیەك کە هەندێ جار لە شێوەی خۆبەدەستەوەدان و خۆخواردنەوەدا و، جاروباریش لە شێوەی شەڕوشۆڕ و یاخیبووندا خۆی دەنوێنێ.

ئەمە بوێری و ڕاستگۆیییەکی زۆری لە مریەم خان گەرەك بووە بۆ ئەوەی ئاوا بە ڕوونی و ئازایانە مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا بکا، کە ئیدیعای هیچ قارەمانەتییەك و سوپەرمانیەتییەك ناکەن، بەڵکو وەکو من و تۆیی خوێنەر پێدەکەنن، دەگرین، برسییان دەبێ، توڕوە دەبن، خەیاڵاوی و خەیاڵبازی دەکەن و، وەك هەر مرۆڤێکی زیندوو کاتێك سەری دونیایان لێ دێتەوە یەك و سەرەدەرێك شك نابەن، پەنا وەبەر خەون و فەنتازیا و خەیاڵی زانستی و ئەفسانە و، چەکی کۆمیدیا دەبەن بۆ هەڵاتن، یا تەنانەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پۆزەتیڤانەی ئەو واقیعەشی کە گەمارۆی داون.

دیارە هەر چیرۆکێك بە تەنها بۆخۆی پەیامێکی پێیە، بەڵام من پێم وایە هەر کۆمەڵە چیرۆکێکیش کە پێکەوە لە دوو توێی بەرگێك و لەژێر یەك نانیشاندا خڕ دەکرێنەوە، هەموو پێکەوەش پەیامێکی مەزنتر دەگەیەنن.

ئەم چیرۆکەش مریەم خانی قازییش لەم بۆچوونە بەدەر نازانم، کە (٢٥) چیرۆك لە خۆی دەگرێ و بە چیرۆکی (تەقینەوەیەك و ئیتر) دەست پێدەکەن و، بە چیرۆکی (تەقینەوە) کۆتاییان پێ دێت، لە نێوان هەردوو ئەم دوو تەقینەوەیشدا دیارە زنجیرەیەك تەقینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی

و دەروونــی و ئــابــووری ڕوو دەدەن، کـە لـە ژێر فشاری ڕۆشنـبـیـریـیـە داسەپـاوەکـانـدا مـرۆڤـی کورد بـە زۆرلـێکراو و، زۆردارەکـەیشیـەوە بـاج و نرخەکەی دەدەن، بۆیە هەمووشیان بە نێر و مێوە، بە گەورە و گچکەیشەوە زۆرتر لە ڕۆڵی قوربانی (بەرکار)دا دەبینرێت، نەك لە ڕۆڵی (بکەر)دا، وەك زاراوەکانی (پاڵەوان) یا (قارەمان) دەخوازن.

ئەمە لەگەڵ پێویستی ئاماژەکردنیشدا بەوەی کە پاڵەوانەکانی (هاتنە ژوور قەدەغەیە)، مەبەستم کۆمەڵە چیرۆکەکەیە، بێ وشیاری نین، ئەوان بە تەواوی لە ڕادەی کارەسات و دەرئەنجام و بەر ئەنجامەکانی ئاگادارن و، لـە ڕووشیـان دەوەستـنـەوە، بـەڵام بـە تـاکـە کـەسی، بـۆیـە وێڕای هـەوڵ و تەقەلاشیان خۆیان و خواستەکانیشیان دەبن بە ژێر– زۆرێکی گەورەتر و ڕێکخراوترەوە.

چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (هاتنە ژوور قەدەغەیە) لە ڕووی هونەرییەوە چـیـرۆکـی خـەیـاڵـی زانستـیـی تـێدایـە وەك (تـەقـیـنـەوەیـەك و ئـیـتـر)، کۆمەڵایەتییان تێدایە وەك (لە جێژوانێکدا– کە چیرۆکنووس ناوی نەنابوو و من ئەو ناوەم لێ نا) هەروەها وەکو چیرۆکاکانی (بۆنی عەتر و تەزووی سەرما) و (شەوێکی بارانی و ماڵەکانی ڕاستەی شەقام) و (لەبەر دەرکی نهۆمی یەکەم) و (ئەگەر هەموو دنیاش بدەم) و (هاچەری دەرکی ئەو ماڵەی کە فرۆشرابوو).

چیرۆکەکانی (خولانەوە) و (هێندێ لە مرۆڤەکان) و (ژیان لێرەیە) و (قەتاڵەیەك پڕ لە خۆشەویستی و ئیتر کۆتایی چیرۆك) و (هەزاران جووتە چاو) و (چرا سەوز و سوورەکانی) و (جەحەندەمی سارد) و (شەوێکی بارانی) و هەروەها چیرۆکەکانی (ئاگر و با، ئاو و گڵ) و (هاتنە ژوور قـەدەغـەیـە) دەچـنـە خـانـەی چیرۆکی دەروونی و فـەنـتـازیـا و ئـەفسانـەوە. چیرۆکەکانی (بەڵام ئاوایان دەگێڕایەوە کە ..) و (فڕی فڕی) و (تەقینەوە) و (خـودا و هـێلانـەی دەعـبـا کـوێر)یش دەشێن وەك سـاتـیـر و کـۆمـیـدیـایـەك

تەماشایان بکەین. چیرۆکی دیکەش هەن کە باس لە  تاوانی گەورەی ڕێکخراو دەکەن وەك (قیبلەگاهـ) و (ئەوان پەیکەرەکانیان بۆ سەماکردن دەویست) و (ڕەشەکوژی).

(سەوداش)یش ئەوە چیرۆکێکی پۆلیسی بەرچاوە لە ڕووی بابەت و تەکنیکیشەوە.

بەڵام وێڕای ئەم جۆرە پۆلینکردنەش کە ڕەخنەی کلاسیك کردوویەتییە باو، دەتوانم بڵێم چیرۆکەکانی مریەم خان لە یەك کاتدا هەموو ئەو ڕەگەزە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و دەروونی و شارستانییانە لەخۆ دەگرن، ئەگەر بە وردی پێیاندا بچینەوە، دەبینین زۆربەیان لە پەتر لە یەك خانەدا جێیان دەبێتەوە، هەمووش پێکەوە بەهێڵێکی هاوبەشەوە شەتەك دراون کە پەیامی چیرۆکنووسە لە بەرگریکردن لە مرۆڤی چەوساوە، ئیتر ئەو چەوساندنەوەیە ئەگەر دەروونی و خودی، یا کۆمەڵایەتی، یا سیاسی و فەرهەنگی دەرەکی بێت، یا ئەگەر هەموویشیان پێکەوە فشار بۆ مرۆڤی تاك و بە کۆمەڵیش بێنن کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی مریەم خاندا زۆر جار پێکەوە کار دەکەن.

مریەم خان زۆربەی تەکنیکە باوەکانی گێڕانەوە بەکار دەبا:

لە (گێڕانەوەی زنجیرەیی)، لە (مۆنتاژ)، لە (چاوی کامێرا-فلاش باك)، لە (بیرکەوتنەوە)ی شت بە شت و قسە بە قسە و وێنە بە وێنە لە (تێکەڵکێشکردنەوە)ی ئەفسانە و کەلەپوور، لە بەکاربردنی مەنەلۆگ و دیالۆگ و ڕاناوەکانی (من) و (ئەو) و (تۆ)، لە سوودوەرگرتن لە پێنج هەستەکە، بەڵام دیارە هەندێك لەو تەکنیکانە لەبەر نیشاندانی شارەزایی و دەسڕەنگینی بەکار دەبا، وەك خۆی لە میتا چیرۆکی (هاتنە ژوور قەدەغەیە)دا ئاماژەی پێ دەکا، کە دەڵێ (دوایە دەڵێن تایبەتمەندییەکانی چیرۆك نازانم).

هەر پاش چەند دێڕێکی دیکە و هەر لە هەمان چیرۆکدا دەڵێ (ڕاستییەکەتان دەوێ ماندووبووم لەو تاریفانەی سەبارەت بە (چیرۆك)

لە دەرێرا پێمان داسەپاوە و بۆ خۆیان لە مێژە وەلایان ناون...).

لە ڕاستیشدا ئەمە یاخیبوونێکی ئاشکرای چیرۆکنووس- مریەم خانە- لە دابونەریتە باوەکانی هونەری نووسینی چیرۆك، ئەم ڕاستەوخۆ وەدەرکەوتنەوەی چیرۆکنووس لەم چیرۆکی (هاتنە ژوور قەدەغەیە)دا بۆ خۆی یاخیبوونێکی بە کردەوەی سەرکەوتووە لە نەریتی خۆپەنادانی خودی چیرۆکنووس لە خوێنەر، بۆ ئەوەی هەست بە بوونی نەکرێ و لەو ڕێیەوە واقیعیەتێك بە کەس و ڕووداوەکان بدات، کە گوایە ڕاستەقینەن و لە دەسهەڵبەستی خەیاڵ و خەڵقەندەی کەسێکی ئەفرێنەر نین.

بە بۆچوونی من ئەم ئارەزووی یاخیبوونە لە تەکنیکە باوەکانی گێڕانەوەی چیرۆك لە کن داهێنەرانی وەك (فیرجینا ولْف) و (جێمس جۆیس) و (فۆکنەر) و (ئەندری جید) و زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە فەرەنسا (ڕۆمانی نویێ)یان داهێنا وەك: ئالان ڕۆب گرێ، کلۆد سایمۆن، جان ریکاردۆ و ئەوانی دیکەش، بووە هۆی داهێنانی تەکنیکی نوێی ئەوتۆی گێڕانەوە، کە کەلەپووری ئەدەبی مرۆڤایەتییان پێ دەوڵەمەند بوو.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم ئارەزووی گەڕانە بە دوای تەکنیکی نوێدا بۆ گێڕانەوەی چیرۆك، ئایا لای مریەمی قازیش تا ئەو ڕادەیە بڕ دەکا؟

لام وایە هێشتا زووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەگەرچی مریەم خان لەم میتا چیرۆکی (هاتنە ژوور قەدەغەیە) و لە چیرۆکی (بەڵام ئاوایان دەگێڕایەوە کە..)شدا توانای خۆی تاقی کردووەتەوە و لەمەی دووەمیاندا پەنای وەبەر شێوە گێڕانەوەیەك بردووە، کە لە (حیکایەت)ی کوردی ڕەسەنی هەڵێنجاوە، بە بێ دوودڵیش دەڵێم مریەم خان لە چیرۆکی (شەوێکی بارانیی)دا شێوە مۆنتاژێکی سەرکەوتووی لە تێکەڵکێش کردنی نووسینی سەر چەند لاپەڕەیەك و خەیاڵ و فەنتازیایەکی قارەمانەکەیدا بەکار بردووە کە خوێنەر پێی سەرسام دەبێ.

لە چیرۆکەکانی (ئاگر و با، ئاو و گڵ) و (هێندێ لە مرۆڤەکان)یشدا دیسان

ئەم دەسڕەنگینییەی نواندووە و، ئەمن بۆ خۆم بە چەند جار خوێندنەوەی ئەوجا لێیان تێر بووم. ماوە ئەوەش بێژم کە مریەمی قازی لە بواری وەسفکردنی سروشت و دیمەن و کەشی چیرۆکەکانیشدا داهێنەرە، ئەو پێوەی دیارە کە هەمیشە (شوێنێکی دیاریکراو) وەسف دەکا، بۆیە هێندە ورد و گونجاون و، هەندێ جار ئەوەندە بە دیقەتن دەڵێی بۆخۆت لەوێیت و شتەکان بە چاو دەبینی، سەرنج لەم تابلۆ زیندووە ورد بکەنەوە کە لە چیرۆکی (ئاگر و با، ئاو و گڵ)م هەڵبژاردووە، (پیرێژنی دەدیت کە دەزگایەکی کۆن و قوڕاوی لە بن لاقی دەسووڕا و کرەی دەهات، جیڕە جیڕی کورسییەکەی لەسەری دانیشتبوو، کرە کرەی دەزگاکەی و هەڵسووڕانی دەستی هەموو لە جەڕە گڵەکەی بەردەستیدا خۆی دەگرتەوە. وردە وردە کە نزیك دەبوەوە بۆنی ئاو و گڵ کە لێکدرابوو و گەرفە گرفی ئاوری کوورەکە کە بە هەموو بایەکی چاتری تین دەگرت بە تەواوی هەست پێکرد..).

ئەمە وێنەیەکی سادە نییە، بەڵکو دیمەنێکی پێکهاتەیە کە هەستەکانی (بینین) و (بیستن) و (بۆن) و (بەرکەوتن) پێکەوە بەشداری لە دروستکردنی دەکەن. ئەم بەهرەیەش نابێ لە مریەم خان بە دوور بزانین، چونکە ئەو لە بواری هونەری شێوەکاریشدا مرۆڤێکی دەسڕەنگین و خاوەن بەهرەیە و، ئەوەی تابلۆکانی ببینێ دەزانێ ئەوەی بتوانێ بە پەڕەمووچە ئەو دیمەنە پڕ لە داهێنانە بکێشێ، هیچ پێی زەحمەت نییە بە وشەیش تابلۆی دڵڕفێنی زیندووش بکێشێ.

هەروەها سوپاسگوزاری هەمیشەیی خاتوو مریەمی قازیم کە ئەم بەرهەمەی خۆی پێشکەش کردووم، کە لەگەڵ ڕۆمانی (کۆچ)، کە مەهاباد قەرەداغی پێشکەشی منی کردووە، دوو جوانترین و بەنرخترین دیارین کە لە ژیانی خۆمدا پێشکەشم کرابن و وەکو دوو خەڵاتی بە بەها شانازییان پێوە دەکەم.

هەولێر – ٢٠٠٦/١

## تەقینەوەیەك و ئیتر...

شەقامەکان چۆڵن. پیاسەڕەوەکان ڕێگەی شەپۆڵی جەماوەر نادەن، ماشینەکان لە هاتوچوودا نین و تراماواکان، فڕۆکەکان و کەشتییەکان و.. لە ماوەیەکی کورتدا قاڕەکان و ئەقیانووسەکان و ئەوسەر ئەوسەری زەوی ناپێون. کەس لە بیری ئاغایەتی جیهاندا نییە. دەنگی تەیارە و تەقینەوە و تۆپ و خومپارە نایە، ڕەشەکوژی، ئاوارەگی و دەربەدەری وێستاوە، برسیەتی و تێری، پێکەنین و گریان، چاکە و خراپە، جوانی و ناحەزی، نەتەوە، ئایین و هزر و بیری جۆربەجۆر و دەیان و سەدان دەستکردی سەیر و سەمەرەی ئینسانی خاوەن بیر وەك بڵقی سەر ئاو دەچنەوە و کەس باشتر و باشترین نییە.. بەشەر دەستی ڕاگرتوە! جیهان کە قەتی ئەوەندە ئاسایی بە خۆیەوە نەدیتووە بۆ یەکەم جار هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ! ساڵی ٢٣٦٠ زاینییە و هەواڵێك ڕەوڕەوەی ژیان و جم و جۆڵی ڕاگرتووە! زانایان و پسپۆڕانی جیهان کە هەمیشە هەواڵدەری ژیانێکی باشتر بۆ بەشەر بوون، بۆ یەکەم جار کۆمەڵگاکانیان بۆ نەمانێکی بە کۆما بانگهێشت کردووە و بۆخۆیان وەك ناخودای کەشتییەك کە دوامین کاتەکانی پێش ڕۆچوونە

ئاوە بێ بنەکانی ئەقیانووس تێپەڕ دەکا، لە دەوری شەهاب بەردێکی گەورە خڕبوونەتەوە کە ماهوارە فەزایییەکان خستوویانەتە سەر کەرەسە دەنگ و ڕەنگەکانی دنیایە! هەواڵ ئەوەیە:

«لە کاتژمێر ٤/٤٥ دەقیقە و ٣٢ چرکەی پاش نیوەڕۆ شەهاب بەردێکی گەورەی ئاسمانی دەگەڵ زەوی وێك دەکەون و لە ماوەیەکی کورتدا زەوی بە هەموو شتێکی خۆیەوە پرژو بڵاو دەبێ!»

بۆ یەکەم جار دەردێکی هاوبەش تەواوی کۆمەڵگەکانی بەشەری داگرتووە، چ لەو شوێنانەی کە بەهارە و چ لەو وڵاتانەی کە زستانە، چ لەو ناوچانەی کە شەوە و چ لەو ناوچانەی کە ڕۆژە. خەڵك شارەکانیان چۆڵ کردووە خۆیان لە باوەشی دایکی سروشت هاویشتووە، بێدەنگییێکی سارد و غەماوی بەسەر زەویدا، دابێژراوە. بیری بڕوا پێ نەکراوی مردنی بە کۆما و هاوکاتی بەشەر هەموو مێشکەکانی تەنیوە و کاتژمێر بە کاتی دیاری کراو نزیکتر و نیزیکتر دەبێتەوە و دڵە کوتەکان زیاتر و زیاتر!.. لە پڕ هەوەڵێن خاڵێکی ڕەش کە کات بە کات گەورەتر و نزیکتر دەبێ لە ئاسماندا وەدیار دەکەوێ! لە یەك ئاندا قیژە و هاواری میلیاردها ئینسان وەك ڕەهێڵێکی بەسام زەمین و زەمانی تێك وەردا، دەڵێی خودای غەزەب و تووڕەیی تفی مەرگاوی بە ڕووی زەویدا دەدا، کە ڕووی بەو هەمووە جەماوەرە ڕەش هەڵگەڕاوە! کەس ئاگای لە کەس نەماوە، تێك داوێن، هەڵدەنگووتن، سەدان هەزار کەس هەر لە جێوە بەلاداکەوتن و قاقای شێتانە هەواڵی شێتی تاقمێکی تری دەدا ئێستا ئیتر جگە لە سێبەری ڕەشی شەهاب بەردێکی ئاگرین کە چەند بەرابەری زەوی گەورە بوو، هیچ شتێکی تر نەدیترا کە لە نێوان وێکەوتن و بڵاوبوونی تەنیا چەند چرکە مەودا نەمابوو کەچی لەپڕ سەبرێك وەباشووری زەوی کەوت و تێپەڕ بوو! زەوی دوای سێ چوار جار لاترە بەستن، لەنگەری بەستوو و ڕاوەستا. هەر ئەوەندەش بەس بوو کە دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی، دەیان بۆمبی ئەتۆمی و هەزاران تۆن مین و چەکە ڕەنگاوڕەنگەکانی شیمایی و میکرۆبی و ...بتەقێنەوە و دەنگی بەسامیان

تێکەڵاوی تێکقرمانی کۆشکی زەوی بێ... زەوی وەك تۆپێکی چکۆڵە لەنێو ئاگر و دووکەڵدا دایسا، هاواری ژان و ئێشی ئەوانەی هێشتا گیانیان بە تەواوی دەرنەچووبوو تەواوی دنیای داگرتبوو و لە حەوت تەبەقی ئاسمانیش هەڵگەڕابووە سەری... زەوی دەسووتا و دەسووتا و دیسانیش هەر سووتا و سووتا.. دەتگوت زەوییەك بە گیا و گوڵ و سەوزایی و گیانلەبەرەکانی و ئینسانەکان و دەستکردە سەیر و سەمەرەکانێوە هەر قەت نەبووە و هیچ بوونەوەرێك قەت لەسەر ئەم زەوییە هەناسەی هەڵنەکێشاوە، زەوی هەروا لە بێدەنگیدا دەسووتا و دەسووتا و سەرەنجام تەواوی ئەم سووتانەش کۆتایی پێ هات و بێدەنگیەکی بە سام هەموو وڵاتی داگرت. لە وەرزی پاییزاندا بارانە سەمی و میکرۆباوییەکان دەبارین و لە زستانانداندا بەفرە ئەسیدییەکان هەموو وڵاتیان دادەپۆشی و بەهاران بەبێ هیچ تەراوەتێك دەگەیشتنێ و هاوینان تیشکی ژەهراوی و بتاوێنی هەتاو هەتا سەر دڵی زەوی رۆدەچوو و هەوایەکی بۆگەنیو و نەخۆش لە هەموو وەرزەکاندا بەدی دەکرا. ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵەکان ئاوا بە سەر دەچوون... لەپڕ لە یەکێ لە ڕۆژەکانی بەهار زەوی وردەوردە گیانی وەبەر هات و تاوتوێ دایگرت و بەدوای ویشدا یەك یەك و دوو دوو بوونەوەری سەیر و سەمەرە وەك کارگ لێرەولەوێ هەڵتۆقن! جووتێك لاقی خوار و خێچ کە یەکیان کورتتر بوو دەستەکانیشیان هەروەتر! لاڕوومەتێکیان ڕەش هەڵگەڕابوو و لایەکی دیکەشیان بلۆوێکی لەسەر بوو وەك سووتابێ، بە زۆری لاقیان لە عەرزی هەڵدەکێشا دەرێ، ئینسان بە ڕواڵەتێکی نوێ خەریك بوو ڕاست دەبووەوە، وێ دەچوو بیر و هزرێکی نوێشی دەگەڵ خۆی هێنابێ چونکە زۆر شەرمەزاری بلۆقی لاڕوومەتی خۆی بوو، ئاخۆ بڵێی نەیزانیبێ بەر لە ڕووداوی کارەساتی تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمییەکان دەکرا بیرێکی نوێ بۆ چلۆنایەتی ژیانی کۆمەڵگای ئینسانی بکرێتەوە!؟؟

کۆنفرانسی ئەدەبی زانکۆی ئازادی مەهاباد.
۳۷۲/۱۱/۲۹

## له جێژوانێكدا

چاوه جوانەكانی تێر تەماشای دیمەنی ڕووبەڕووی نەدەبوو: تا چاو هەتەری دەكرد هەر سەوزایی و گوڵ و گوڵزار بوو، باڵندە ڕوح سووكەكان بە مۆسیقای شنەبایەكی فێنك لە شینایی بێ سنووری ئاسماندا سەمایان دەكرد و جریوه جریویان تێكەڵاوی ئاوازی كانیاوەكان ببۆوە شكۆفەكان ماچی عەتراوییان بۆ دەنارد و پەپوولەكان ڕەشبەڵەكیان لە دەوری گرتبوو، شۆڕەبییە پیرەكەی قەراغ چۆمیش كە جێژوانی هەمیشەییان بوو، ڕنووی سەرپشتی تەكاندبوو و هەتا سەر چۆماوەكە كە بە خوڕین تێپەڕ دەبوو، خۆی داهێنابووە خوارێ...

بۆ جارێكی تر هەوای پاك و خاوێنی بە هەموو دەماری خۆی هەڵمژی و هەستی بووژاندنەوە هەموو گەی لەشی داگرت. خۆی لەسەر شیناوەردەكان ڕوو بە ئاسمان تخیل كردبوو، پاش ماوەیەك خۆی خستە سەر دەم. چاوەڕوانییەكەی خەریك بوو وردەوردە ئازاری دەدا و ئەو گاشەبەردەی كە لە بنی ڕاكشابوو قورسایی لەسەر دەكرد ، بۆ كەم

کردنەوەی ئازاری ئینتزار وەسەر دارەکە کەوت و چاوی لە ڕێیەك بڕی کە بڕیار بوو خۆشەویستەکەی بە لەنجەولار پێی دابێ و خۆی دەباوەشی باوێ، یەکسمی خەیاڵێکی خۆش هەڵیگرت کەچی ڕێگایەکەی دووری نەبرد، هەر لە جێ ژوانی هەمیشەیی لەبەر سێبەری شۆڕەبییەکە لە پەنا حەزەکەی هێنایە خوارێ، چاوێکی بە گلەیی لێ کرد و هات شتێك بڵێ حەزەکەی مەودای نەدا و گوتی:

– چاوەڕێیی، یەکەم مەرجی ئەویندارییە! ئەوەی چاوەڕوان نامێنێتەوە ئەویندار نییە!

– مانای ئەوین تەنیا سووتان لە ئاگری ئینتزاردا نییە، دڵداری ڕێوڕەسمی خۆی هەیە! یەك بوونەوە تێکەڵ بوونەوە، تەنانەت بۆ ساتێکیش لێك دوور نەبوونەوە...

– ئەو هەمووە سکاڵایە تەنیا بۆ ماوەیەك درەنگ هاتن...

بە هەناسەی گەرمی خۆشەویستەکەی ڕاچەنی، خەریك بوو ئێوارە دادەهات و ئەو هەروا چاوەڕێ بوو و ئاگای لەوە نەبوو کە حەزە ئێسك سووکەکەی هێندێك خوارتر خۆی لێ گرتووە پێی پێدەکەنێ، کە دیتی ئاراوقارای لێ هەڵگرتووە بە پێکەنین هاتەدەرێ و ویستی بۆلای بچێ کە لە پڕ چاوی بە دیمەنێك کەوت و بێ ئیختیار قیژاندی: شەش حەوت پیاوی زەلام کە بۆنی ئارەقیان ڕێی ڕۆژێك دەڕۆیی و لەبەر مەستییان هەر لاترەیان دەبەست دەورەیان دابوو، یەکیان لەسەرەخۆ دەستی بۆ لای سەری هێنا و ئەویش خێرا سەری درزیوە، نەی دەزانی دەگەڵ ئەو هەموو زەلامەی چبکا؟ نەی دەویست بقیژێنێ، دەیزانی ئەگەریش دڵدارەکەی بگاتە سەری دەرەقەت ئەو هەمووانە نایە و لەوانەیە تێدا بچێ، یەکیان بە دارێکی ئەستوورەکەی بە دەستێوە بوو ڕووی هێنایە سەرملی و بڕستی لێ بڕی! لە حاڵێکدا بە پێکەنینەوە بۆ لای دەهات مرڕاندی و گوتی:

– لە جێیەکی چاکمان وەگیر کەوتی، بۆخۆم دەزانم چت دەگەڵ دەکەم!

چاوی پڕ لە پاڕانەوە و فرمێسکی لە یەك یەکیان بڕی، دەیزانی هەر ئێستا چ بەڵایەکی بەسەردێنن. هەموو گیانی دەلەرزی، زاریان پێداپچڕیبوو بە هەمووان دەوریان دابوو، بریقەی تیغی چەقۆیەکی دیت کە بۆلان زاریان دێنا. دەنگە دەنگ و هەراهەرایان سەرنجی ئەویدیکەی لەولاڕا ڕاکێشا! ئیدی نەیزانی چ دەکا لە یەك ئاندا گەیشتە سەریان و خۆ پێدادان و ددان داگرتنی یەك بوو بەڵام دەگەڵ نەعرەتەی یەکێ لە پیاوەکان کە بەربۆوە و دەخۆی گەوزا، هاواری پڕ لە ژانی حەزەکەی بەرزبۆوە و هەزار دڵۆپ خوێن فرچەی کردە حەوا، نەی دەزانی چ دەکا هەر خۆی پێدادەدان و ددانی لەسەر دادەگرتن، پیاوەکانی دیکە کە دەگەڵ کێشانی ددانی حەزەکەی، هەموو شەوێلکەشیان لێ دادڕیبوو، ئەویان بەڕەڵا کرد و کەوتنە سەر خۆی و بەرد و دار و مست و پێلاقە دایان گرت، هەردووکیان ئاگایان لێبوو کە چۆن وەك دڕندان کەوتوونە گیانیان و تازە دەرچوونیان چەتوونە، هەر گاشەبەرد بوو دادەهاتە پشتیان و هەر پریشکی خوێن بوو دەپرژایە حەوا... و شانۆی تێك هەڵچوونێکی ئاوا ناشیرن و نا برابەر خەریك بوو کۆتایی دەهات، بۆ دوامین جار چاوێکی پڕ لە پرسیار و سکاڵایان لە ئاسمان بڕی ئیتر هەموو شت کۆتایی هات! ئاسمان و کانیاو و سروشت هەمووی سوور هەڵگەڕان، دەنگە دەنگی پیاوەکان کە بەشەلە شەل دوور دەبوونەوە هەروا دەهات:

– چابوو ئاواڵەکەشیمان کوشت! بە خودای هەتا ئاخری دنیایەش ڕۆیبباین هەر دەیدیتینەوە و هەموومانی ڕەزابەرەزا دەکرد! یەکیان کە لە تاوی ژانی لاقی نەی دەزانی چ بکا بە تووڕەیی ڕووی لە یەکیان کردو گوتی:

– جا ئەوە نەدەکرا ئەو سەفەرەی لە ددان کێشانی ماری گەڕێی؟!

بەم چەشنە دوور بوونەوە و لە پێچی شاخ دا ون بوون...

باڵندەکان کە ڕایان کردبوو بە گریان گەڕانەوە، چۆماوەکە قەڵبەزەی خوێنی دەدا و گاشەبەرد سەری بە هەنیسکان هەڵدەقەندرا و پیرەداری چاو بە فرمێسك لق و پۆی هەتا سەر تەرمی ئەو جووتە بێ ئەنوایە هێنابووە خوارێ و بەدەسرەی گەڵاکانی تەرمی ئەنجن ئەنجن کراویانی دەستڕیەوە. سەوزە قۆڕی وەسەر خۆی کرد و پەپوولەکان خۆیان بە خوڕێنی ئاو دادا. سروشت گەرمە شینی بەهارێکی سووری دەگێڕا... خۆر بە چەپۆکی شەو خۆی داگرت و ئەم دیمەنە ناشیرنە لە تاریکیدا حەشاردرا! کەمێك ئەولاتر چەند بێچووە مار سەریان لە هێلکە هێنایە دەر و ئەستێرەکانی ئاسمان بە ڕوویان پێکەنین....

ڕێورەسمی «پارێزگاری لە ژینگە»

١٣٧٨/١/١٥

# بۆنی عەتر و تەزووی سەرما

لەخەو ڕاچەنین و ڕاستبوونەوەی یەك بوو، وەك خەونێکی ناخۆشی دیبێ، خەوی دەهات کەچی دەبوو وە درەنگێ نەکەوێ، تەواوی شەوی ڕابردوو بە کۆخە کۆخەی دایکی و قرووسکەی سەگە بەڕەڵڵایەکانی کووچەی خەوی لێ نەکەوتبوو و سەری قورس ببوو و هەموو گیانی دێشا، قوڵتەی کەتریکەی سەر عەلادینەکەش کە تەنیا هاودەمی ڕۆژانی بوو. لە پەنجەرەکە ڕا چاوێکی لە حەساری کرد تەزوو لە دار و دیواری حەسارە چکۆلەکەیان دەباری. لیباسەکانی دەبەر کردەوە و خێرا خێرا لەبەر ئاوێنە چکۆڵەکەی سەردیواری بڕێکی داو و دەرمان دەخۆی هەڵسوو. بۆنی ئوکلون هەموو ژووریی داگرت. دایکی هەستابوو و زۆر بە شەکەتی هەناسەی هەڵدەکێشا، زەرد هەڵگەڕابوو و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو فاتم خۆی ساز کردبوو و خەریك بوو بە پەلە بابۆڵەی دەزاری دەنا هەر ئێستا دەهاتن لە دووی و ئیتر لەبەر کاریێ پێی نەکرا تا شەوێ جەمێکی تێر بخوا، پێشی خۆش نەبوو ڕێکوپێکی ئەندامی تێك بچێ

چاوێکی لە سەعات کرد و چایەکی لە پێش دایکی دانا:

– دایە بابۆڵەیەکت بۆ سازکەم؟

هەر بە ئیشارە لێی حاڵی کرد کە ناخوا.

– دەرمانەکانت لەبن سەرتە ئاویشی لێیە لەبیرت نەچێ بیانخۆی! بە ئەسمەرم گوتووە بێ سەرت دا، ڕەنگە ئەوشۆ نۆرەکێشکم بێ و نەیەمەوە نیگەران مەبە...

قسەکانی هەڵبڕی، بە پەلە باڵتۆکەی لەبەر کردوو و دەستی دا کیفەکەی و ڕۆیی. دەنگی پێوەدرانی دەرکە و هاڕەی وەڕێکەوتنی ماشینەکە دەسپێکی ڕۆژێکی تر لە ژیانیان بوو، دەستێکی لە ئیستیکانە چایەکەی دا سارد ببۆوە بە بێ وازی ڕووی لە دیوار کرد و چاوی لەسەر یەك دانا کەچی کۆخە ئەمانی نەدا دەگەڵ ویش لە دەرێ با خۆی لە دار و بەرد دەکوتا. هاتبوونە شەڕێ...

بە دەنگی داخرانی دەرکە لە خەوێکی سووك کە دایگرتبوو ڕاست بۆوە دیاربوو ئەسمەرە کەچی کوڕەکەی وە ژوور کەوت! هانکە هانکی دەهات و وێدەچوو زۆر ماندوو بێ. هەموو گیانی دەلەرزی هەروا کە لەنێو دەرکە ڕاوەستا بوو نەڕاندی:

– هەستە پێ زوو خۆ کەوە دەڕۆین!

زمانی شکابوو، ساڵێك زیاتر بوو کوڕەکەی لە زینداندا بوو و ئێستا لەپڕ لە بەرانبەری ڕاوەستابوو ئەویش بەو جۆرە!

– بۆ هەروا ڕاکشاوی چاوم لێ دەکەی؟ هەستە پێ هەر ئێستا دەگەنە سەرمان!

بەپەلە پەل ئەوەی لەو چەند شڕوبڕەی ژووری کە پێی وابوو بەکاردێ لەسەر یەك دادەنا، کەچی بە توورەیی فڕێی دان و هاتەوە لای دایکی. تازە لێی حاڵی بوو دیسان دایکی نەخۆشە.

– لەوەتا لەبیرمە نەخۆشی بە ئاواتم جارێك بە ساغی بتبینم!

– ئەتۆ لیرە چ دەکەی؟! کەنگێ هاتوویە دەرێ؟

دیسان بە توورەیی نەڕاندی:

– هەڵبەت ماڵوێرانێك زەمانەتی کردووم! چت بەوانە داوە، دەڵێم ڕاست بەوە بڕۆین!

– بۆ کوێ، ئەوە بەڕاستیتە! بەو سەرمایە بۆ کوێ دەڕۆین؟! ئەدی زامنەکەت؟

چاوەکانی کوڕەکە لە ژیللاَ هاتن لێی نزیك بۆوە، هالآوی زاری وەخت بوو قڕی کا:

– نازانم ئەمن دەبێ غەمی چەندانم بێ؟ قەرزدارییەکەم، کرێ خانوو یان ژن و منداڵی ئاوارەم؟ کێ بە تۆی گوت فاتم بنێری بۆ کارێ؟ دەستی لە گەرووی دایکی ناو خێرا بەری دا و شالآوی بردە سەر ئودکلونەکان و کەرەسەکانی تری خۆ جوانکردنی فاتم و بەهەموو دەماری خۆی لە دار و دیواری ڕاکێشان و نەڕاندی.

– ئاخر بۆ لەخۆت دەگۆڕی کێهە خودا لێگۆڕاوێك زەمانەتی ئێمە دەکا؟ چ کارێك ماوە بۆ پارووپەك نان نەیکەم، دزی، قاچاغ، درۆ، قەتڵ؟

چی وا نەمابوو وەگریان کەوێ:

– هەر ئەوەندەم بۆ مابوو کە پێم بڵێن رەحیم وای لێقەوماوە کە خوشکەکەی خەریکە کارێ دەکا لە زیندانی بێنێتەدەر، رەحیم وای لێهات ژنان بەخێوی کەن... ئەویش.... ئەویش ئاوا......

بەسەر چۆکدا کەوت و بە دەنگی بڵند دەستی کرد بە گریان. دایکی لەسەر ئەو دنیایەش نەمابوو، لە پەنجەرەکەڕا چاوی لە بەفر و سەرمای دەرێ بڕیبوو و بە هەموو دەماری خۆی هەستی بە سەرمابردوویی خۆی و

کوڕەکەی و کچەکەی دەکرد، فرمێسکەکانی بێ ئیختیار دەهاتنە خوارێ. لە پڕ دەنگی ئاژیری ماشینی پۆلیس وەك کێچ رەحیمی هەڵبەزاندەوە، ڕاستبوونەوە و دەرپەڕینی بۆ لای دەرکە یەك بوو، دایکی باوەشی بۆ کردەوە، رەحیم بە پەلە و بە گریان گوتی:

– بە قوربانت بم دایە گیان! جارێ وەختی وەی نییە، مەمەد دەنێرم بە دووتدا، هەر بەورۆ و بە سبەی!

دەگەڵ ونبوونی رەحیم لە نێو دەرکەدا مەعموورەکان لەسەر دیوار ڕا بازیان دا ژوورێ و دەرکەی حەسارێیان کردەوە و پێوەر بوون! دایکی متەقی لێ بڕابوو، پەتۆکەی لە خۆی هاڵاندبوو و هەموو گیانی دەلەرزی، سێ کەس لە مەعموورەکان هاتنە ژوورێ و چاوێکیان بە هەموو ولاتدا خشاند، دوو کەس لە مەعمورەکان لە ئاودەستی حەسارێ ڕا هەرایان کرد:

– قوربان دیتمانەوە!

– بیهێنن بزانم!

سەری لە گێژەوە دەهات، لەبەر ترپە ترپەی دڵی گوێی لە هیچ نەدەبوو، پەتۆکەی زیاتر لە خۆی هاڵاند و قەتی ئەوەندە هەست بە نەخۆشییەکەی نەکردبوو، لەسەر وەش ڕا کە چاوی لەسەریەك دانابوو ئاگای لێبوو کە بە چەند کەسان یەکێکیان هێنا ژوورێ! یەکێك لە مەعمورەکان ڕای وەشاند:

– چاوت هەڵێنە دایە، بزانە ئەوەی دەناسی؟

چاوەکانی کردەوە لەسەر فەرشە کۆنەکەیان جەنازەی ڕەش و شین هەڵگەڕاوی فاتم ڕاکێشرابوو، چاوەکانی وەك چاوی بووکە چینی سارد و سڕ بوو، هیچ وێ نەدەچوو دەگەڵ لە باوەش کردن و لە عەرزی ڕاکێشانی بە دەست چەند پیاوێك هەستێکی ئەوتۆی تێدا بەدی هاتبێ، هەروا کە دەیانپشکنی چاوی لە میچی دیوەکە ڕامابوو! بۆنی عەترێکی توند و تەزووی سەرما هەموو هۆبە شڕەکەیانی پڕکردبوو...

١٣٧٧/٢/١٤

# خولانەوە

هەستی تەنیایی باوەشی پێدا گرتبوو، زەوی و ئاسمان لە خۆی بەتەنێ تر، بێدەنگییەکی بە سام و ئیتر هیچ، تا چاو هەتەری دەکرد قاقرە دەشتێکی بێ سەروبن و بەتاڵ وەك بەری دەست، جارێکی دی بە هەموو دەماری خۆی هاواری کرد:

—هۆ...یی...

کەچی دیسان تەنینەوەی دەنگی خۆی وەك سەدان کەس بەگژی داهاتنەوە:

– هۆی... هۆی... هۆی....

دەستی بە هەردووك گوێی گرت و سەری وەبەر خۆی نا، ئاسمان و زەوی لە دەوری دەسووڕان، ئیشکە بایەکی تفت و گەرم وەبەر زللانی دا و نەیهێشت بە لادا بکەوێ. ئەژنۆکانی دەلەرزین، خەو بارستاییەکی زۆری خستبووە سەری، بۆ دڵۆپێك ئاو بە ئاسماندا دەڕۆیی، دەیزانی کەوتن و هەڵنەستانەوەی یەکە! وەڕێ کەوتەوە، بەردەبۆوە و هەڵدەستاوە، تەپوتۆز شالاویان بۆ دێنا، تینی هەتاو ئاوربارانی دەکرد، ئەو جار کە بەربووەوە

هـەرچـی کـردی ڕاست نـەبـووەوە، بـە چـنگـە فـرکـە و سینـگـە خشکـە وەڕیٚ کەوتەوە، نەیدەزانی لە کەنگێوە بەڕێوەیە، هەر ئەوەندەی لەبیر بوو زۆر لەمێژە دەڕوا و بە هیچ شوێنێك ناگا، کەچی نە ڕێگا کۆتایی دەهات و نەئەو دەستی هەڵدەگرت...

لەپڕ لە دوور و نزیکی خۆی چاوی بە شتێکی تازە کەوت چەند جار چاوەکانی هەڵگلۆفی کە لەبەر خۆڵ خۆی ئەستوور ببوو و هیچ شتێکی بە باشی نەدەدیت، بە هەڵەدا نەچوو بوو، بەڕاستی شتێك لە تارمایی چاوە لێڵەکانیدا وەدی دەهات و ون دەبوو! هەموو تاسەکانی بە هانای خۆی هێنا، لە خۆی نووسا و ئەوەندەی لە تواناندا بوو لە کاری کرد. تارماییەکە جار دەگەڵ جار نزیکتر دەبوو و شکی لیٚ دەکرد بەڕاست! دەرگایەکی زەلام، سەری لە ئاسمان و پانایییەکەی هەرچەندی چاو کاری دەکرد لە بەریەك کشابووەوە! دڵی گەرم داهات دڵنیا بوو لە ئەوبەری دەرکە دنیایەکی دی چاوەڕوانییەتی، هەرچۆنێك بوو کەلاکی نیوە گیانی خۆی گەیاندە کن دەرکەکە، برێك سەری بە عەرزێوە نا و دوای وەی سەری هەڵێنا چەند جـاری لـە دەرکـە دا، کـەس وەجـواب نـەهـات و دەرکـەیـان لـیٚ نـەکـردەوە! سەرلەنویٚ لە دەرکەی دا و ئەوجار بۆ خۆشی پاڵی پێوەنا و هەر ئەوەندی ئاگا کرد کە دەرکەکەی بە ناڵەناڵێکی زۆر بە عەرزی دادا و تەپوتۆز لە حەوتەبەقی ئاسمانیش چووە سەریٚ، ماوەیەکی پیٚ چوو هەتا تۆز نیشتەوە و هەموو شت وەدیارکەوت. بڕوای بە چاوەکانی نەدەکرد، لە جێی خۆی ویشك بـوو و نـەیـدەزانـی چ بـکـا.. ئـەم دیـمـەنـەی دەدیت لـە گـۆمـاوی فرمێسکەکانیدا خەریك بوو قوم دەبوون سەری بە عەرزێوە نا و دیسان هەڵی هێناوە، تەنیا شتێکی چاوی پێی کەوتبوو و لە ڕووبەڕووی خۆی دەیـدیـتـن جـیٚ لاقـەکـانـی خـۆی بـوون کـە هـەتـا چـاو کـاری دەکـرد هـەر ڕۆیشتبـوون و لـە نـێوان سنـووری بـوون و نـەبـووندا ون ببوون! سووکە ئاورێکی داوە، لە پشتەوە ڕا پێشوێنەکانی گەییبوونەوە کنە خۆی..

١٣٧٧/٦/٥

# ئاگر و با، ئاو و گڵ

ڕۆژ خەریك بوو دەکەوتە بەر دەسەڵاتی شەو، حەیران چاوی لە دوامین پەلەقاژەی هەتاو هەڵنەدەگرت. ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– کێ بوو دەیگوت من ئەو هەتاوەم خۆش ناوێ کە شەو داهات چاوەکانی دەبەستێ!

سالار پێکەنێ و گوتی:

– جارێ لە کۆڵ ڕۆژئاوا بەوە، چاو لەو جەڕە جوانەی کە بۆم هێناوی!

– ئەوە چییە؟ نەکا بە تەمای بەیانان زوو دەست دەمە جەڕە و بچم لەسەر کانی ئاوت بۆ بێنم؟

سالار بە هەستێکی شاعیرانەوە دەستی لەسەر سینگی دانا و گوتی:

– جا چبوو! بەیانان زوو بەر لەوەی گزنگی خۆر ترۆپکی بەرزاییەکان سێرە بگرێ، وەخەبەر دێی، وەبیرت دێتەوە کە کیژی ڕۆژهەڵات و لە مەڵبەندە جوانەکەی تۆ خۆر بە گڕ شەودا دەچێتەوە و...

هەردووکیان پێکەنین.

– دەزانی حەیران گیان! ئەو شتە دەسکردانەم زۆر پێ جوانە، پێیان دەچمە سەیرانگەی دنیایەکی خەیاڵاوی، نازانم کوێ، داهاتوو، ڕابردوو؟ هەر ئەوەند دەزانم زۆرم پێ جوانن.

حەیران دەستێکی بە جەڕەکە داهێنا و گوتی:

– خۆزگەم بە خۆی بۆ هەموو جیگایەك دەگەڵ خۆتی دەبەی و ئەمنت هەر لەبیر نییە! جارێ لە داهاتوو و ڕابردوو گەڕێ، باسی ئەوڕۆم بۆ بکە، زانستگاکەت تەواو کرد یان نا؟

– بەڵێ تەواو بووم. تەنیا ماوە دوایی نامەکەم کە لەسەر کارە دەستییەکانم هەڵبژاردووە، بنووسمەوە و تەحویلی دەم. سەفەرێکم لەبەرە، دەبێ بچمە کارگای ئەو وەستایەی ئەو جەڕانەی ساز دەکا. ڕەنگە یەك دوو ڕۆژم پێ بچێ.

– ئەدی چم بە دیاری بۆ دێنی؟

– جەڕەیەك پڕ لە ئاوی ڕوونی کانی!

***

سالار شتەکانی لە ماڵە مەلای دێ تاقەت کردبوو و بەر لەوەی کە بڕواتە کارگای وەستاکە چاوێکی بە نووسراوەکانیدا خشاند کە لە ماوەی هاتنەکەیدا سەبارەت بە چۆنیەتی جەڕە سازکردن لێی پرسیبوون. لەسەروەڕا کارەکانی قسەی لەسەر نەبوو کە شتی سەیریان پێی دەگوت:

– کاتێك ئاو و گڵ لێك دەدا، لێ قوڕاو نابێ!

– دەبرژاندنەکانی دا وەستایە! دەزانێ کەنگێ دەریان بێنێتەوە و دەزانێ ئاوری کوورەکەی دەبێ چەند بێ!

– کاری خۆی نییە دەستی یەکی دی لە گۆڕێدایە!

– سێبەرێکی نەدیو و نەناس دێتە یاریدەی!

و.. سالار لەبەر خۆیەوە گوتی، خۆ ئەو شتانە بنووسم هەر شێتیشم دەکەن! دوایەش دەستی دا جەرەکە و چوو بۆ لای کارگای وەستاکە کە لە سەرەوەی دێ هەڵکەوتبوو. هەتا گەیشتێ شەو بە یەکجاری بەسەر دەستان داهات، لە دوور ڕا سێبەری پیرێژنی دیت کە کەوتبووە سەر دیوارەکە، بە پێکەنینەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەوەش سێبەرێکی نەدیوو نەناس کە دێتە یاریدەی پیرێژن!

پیرێژنی دەدیت کە دەزگایەی کۆن و قوڕاوی لە بن لاقی دەسووڕاو کڕەی دەهات. جیڕە جیڕی کورسییەکەی لەسەری دانیشتبوو، کڕە کڕی دەزگاکەی و هەڵسووڕانی دەستی هەموو لە جەرە گڵەکەی بەر دەستیدا خۆی دەگرتەوە. وردە وردە کە نزیك دەبووەوە بۆنی ئاو و گڵ کە لێکدرابوو و گرفە گرفی ئاوری کوورەکە کە بە هەموو بایەکی چاتری تین دەگرت، بە تەواو هەست پێ کرد. وەبیری هاتەوە کە شەوی ڕابردوو مەلاژن بۆ بێدەنگ کردنی منداڵەکەی چاوی دەرپەڕاندبوو و گوتبووی:

– بنوو دەنا پیرێژن سێبەرەکەی دەنێرێ بە شوێنماندا!!

هەر لەو بیرو خەیاڵانەدا بوو کە لەپڕ سێبەرێکی دیکە لەسەر دیوارەکە پەیدا بوو! ڕاچەنی و نەختێك ترسا بەڵام زوو خۆی خڕ کردەوە و گوتی:

– زۆر شتێکی ساکارە، یەکێك وەك من هاتۆتە یاریدەی و ئەوەش سێبەرەکەیەتی! پیرێژن لاڵە و قسان ناکا، هەڵبەت بۆ خۆشی پێی خۆش نییە بە کەس بڵێ دێتە یاریدەی پیرێژن.

چووە پێشتر و گەیشتە بن دیوارەکە، ئەو جار گوێیەکانی قوت بوونەوە، دوو کەس بە یەکەوە قسەیان دەکرد. متەقی لێ بڕا، لاقی لە دووی نەدەهات، تفی لە زاریدا ویشك بوو، دەنگی پیرێژنی جەرەساز و هاورێکەی گەلێك لە بێدەنگی و تاریکایی شەو بە سامتر بوو. دوو سێبەر وەك خەونە ناخۆشەکانی لەسەر دیوار دەلەرزین، بە ئەسپایی سەری لە بن دیوار هێنا

دەرێ دەیەویست دڵنیا بێ کە پیرێژنی لاڵ وەقسە نەهاتووە، بەڵام کە چاوی بە ژووریدا خشاند لە حاستەخۆی ویشك بوو! هاوڕێی پیرێژن هەر سێبەرێك بوو و بەس! وەك تارمایییەك دەهات و دەچوو و سەری بۆ قسەکانی پیرێژن دەلەقاند و قسەی دەگەڵ دەکرد. خێرا سەری دزیەوە دڵی لە نێو سینگیدا پەڕی هەڵداوێشت و نەیدەزانی چبکا؟ نە جەرگی وەی هەبوو بگەڕێتەوە و نەزاتی وەی کە بڕواتە ژوورێ، خێسەیەکی لە سێبەرەکەیان کرد، وایزانی هەردووکیان لەوی ڕاماون چونکە هەردووك بێدەنگ بوون و سەریان بۆ لای وی خوار کردبووەوە! هەموو گیانی وەلەرزین کەوت و جەڕەکەی لە دەستی بەربووەوە و ئیتر دەنگی شکانی جەڕەکە بە یەکجاری ئاشکرای کرد. هات هەڵیبگرێ، نەیتوانی دەتگوت مۆتە گرتوویەتی. گوێی لە دەنگی پیرێژن بوو کە گوتی:

– ڕەنگ بێ یەکێك هاتبێ یاریدەم بکا. بانگی کە با بچێ ئاوم بۆ بێنێ!

دوو سێبەر بۆ لای دەهاتن، تەنیا کارێك کە دەیتوانی بیکا ئەوە بوو کە چاوەکانی ببەستێ و خۆی بە دەست چارەنووسێکی نادیار بسپێرێ، دوو دەستی تەڕ و قوڕاوی لەسەر خۆی هەست پێکرد، دەتگوت روحی دەکێشێ بە ڕاکێش ڕاکێش بردیانە ژوورێ، چاوی کردەوە لەسەر دەزگاکە ڕایان گرتبوو، پیرێژن بە هەموو دەماری خۆی خەریك بوو جەڕەیەکی سازدەکرد، زارکی هەروا کە دەسووڕا جار دەگەڵ جاری گەورەتر دەبوو، پیرێژن جەڕەیەکی دایە دەستی و گوتی:

– هانێ کوڕم! بڕۆ ئاو بێنە، وریا بە قوڕاوی نەکەی و لێت قوڕاو نەکەن!

و بەر لەوەی کە هیچ بڵێ بە هەردووکیان هەڵیان گرت و لە زارکی جەڕەکەیان رووکرد کە بەقەرا تەندوورێکی زاری ئاواڵە ببۆوە و هەروا دەسووڕا.. بۆ ماوەیەك نەیزانی چبوو، تەنیا هاوارێکی کە ماوەیەك بوو لە سینگیدا بەدیل گیرابوو، بەڕەڵلای کرد و بە هەموو دەماری خۆی قیژاندی.

نەیزانی بە کوێدا ڕۆیی  و چەندەی پێچوو، هەر ئەوەندەی ئاگا لێ بوو کە لە شوێنێکی تر بە عەرزیدا کەوت کە ئەو مەڵبەندەی قەت نەدیبوو. لە چوار لا ڕا هەتاو خەریکبوو لە بەحری بێ سنووری شەودا ون دەبوو لە پشتەوەی و لە ڕووبەڕووشی ڕێگایەك بوو کە ئەوبەری هەمووی ئەشکەوتی وێران و خاپوورکراو بوو! جاروبار دەنگێك وەك ڕەشەبایەك و ئیتر هیچ، سەری لێ شێوابوو، لە پڕ لە زارکی یەکێ لە ئەشکەوتەکان حەیرانی دەزگیرانی وەدیار کەوت! جلوبەرگی ڕازاوەی لێ شڕ و پەتوور ببوو کەچی لەبەر بەژن و باڵا ڕێکوپێکەکەی هەروا جوان بوو تەمێکی غەمی بەسەردا دابێژرابوو، وەبیری هاتەوە کە حەیران چەندەی ڕۆژئاوا بوون پێ ناخۆش بوو، لە تاوان هات هاوار بکا بەڵام حەیران بە مەترسییەوە قامکی لەسەر زاری دانا و داوای بێدەنگی لێ کرد. هەردووك چاوی پڕ بوو لە ئاو پێی خۆش بوو هەڵێ و لە باوەشی گرێ و ئەو هەمووە پەژارەیەی لێ دوور کاتەوە. حەیران بە ئیشارە لێی حاڵی کرد کە ئارام هەنگاو هەڵێنێ و بۆخۆشی وەپێشی کەوت. هەردووکیان بە مەودایەکەوە وەڕێ کەوتن ئەشکەوتەکان جار دەگەڵ جار گەورەتر و بەرلاوتر دەبوون، جێ جێ بە یەکجاری تاریك دادەهات و حەیرانی لە تارمایدا لێ ون دەبوو و پاش ماوەیەك لە سۆمایەیەکی کزدا وەدیار دەکەوتەوە، وەك شێتانی لێ هاتبوو. لەپڕ گوێی لە دەنگی ئاو بوو، وەبیری هاتەوە هاتووە ئاو بەرێ، وردەوردە گەیشتنە سەر چەند کانیاوی ڕوون کە لەوبەر و ئەوبەری ئەشکەوتەکان هەڵکەوتبوون. هات گۆزەکەی پڕکا دیسان حەیران بە ئیشارە لێی حاڵی کرد کە لەسەرەخۆ ئەو کارەی بکا و سەرنجی بۆ لای سەرچاوەی ئاوەکان ڕاکێشا، لەسەر جێگای خۆی ویشك بوو، لەسەر هەر کانیاوەی شامارێك بە ئەستوورایی دوو کەس و درێژایی چەند مەتر خەویان لێکەوتبوو! بڕوای بەوە نەدەکرد کە لەو دەمەوە بە نێو ئەو هەموو شامارەدا تێپەڕیبێن کە لەو بەروئەوبەری ئەشکەوتەکان خەویان لێکەوتبوو و دیارە جێ خەوی وانن. لە تاوی سەیران و لە ترسی شامارەکان زۆر لەسەرخۆ داهاتەوە،

شامارەکان هەروا دەخۆدا جاروبار قرپێکی خوێناوییان دێناوە کە هەموو ئاوی کانی پێی سوور هەڵدەگەڕا، هەموو جارێ دەستی ڕادەگرت تا ئاوەکە ڕوون دەبووەوە، جاری ئاخر کە داهاتەوە بۆ ئاوەکە لە پڕ دەسکی جەڕەکەی گیانی گرت و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە شامارێکی ئەستوور و تێی حالا! حەیران ئیتر خۆی پێڕانەگیرا و بە هەموو دەماری خۆی قیژاندی. هەر ئەوەندەش بەس بوو کە دەیان شامار هاوکات چاویان بکەنەوە و ئارام بۆ لایان بێن. سالار هەر ئەوەندەی ئاگا لێ بوو کە یەکیان حەیرانی بە جەڕەوە قووت داو بۆخۆشی خەریك بوو ئێسك و پێستی تێکەوە دەپێچرا... ئەوەندەی توانای مابوو بوو بە هاوارێك و دیسان بە هەموو دەماری خۆی نەڕاندی و ئیتر هیچی نەدیت. بە ڕاوەشاندنی دەستێك وەخۆ هاتەوە، پیرێژن لە پەنا دەستی ڕاوەستابوو و بۆخۆشی بەربووەوە بن دیوارەکە. جەڕەکەی لە سالار هەستاند و سەرێکی لێ ڕاوەشاند و چووە سەر کارەکەی. سالار وەبیری هاتەوە پیرێژن لاڵە، بە پەلە جەڕەکەی لە دەستی هەستاند و گوتی:

– بێڵە بچم ئاوت بۆ بێنم! دڵنیا بە نە قوڕاوی دەکەم و نەدێڵم لێم قوڕاو کەن.

پیرێژن چی نەگوت. دەنگی جیڕە جیڕی کورسییەکەی و کرەکرەی دەزگاکەی دەهات کە سەری خستبووە سەری. بۆنی ئاو و گڵ کە لێکدرابوو هۆبەکەی پڕکردبوو و گرفەگرفی کوورەکەی بە هەموو بایەك زیاتر بەرز دەبووەوە. چاوێکی لە جەڕەکەی دەستی کرد، بە لاڕوومەتە ئاڵەکەیدا دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەتکایە سەر عەرزێ. ئەوجار دەیزانی دوایی نامەکەی لە کوێ ڕا دەست پێبکا، تەمای خۆی گرتبوو دەیەویست جەڕەکەی پڕ کا لە ئاوی ڕوونی کانی و بیباتەوە لای حەیران و دەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژ وەبیری بێنێتەوە کە ئەو کیژی خۆرهەڵاتە...

١٣٧٣/٩/١

# ژیان لێرەیە

تیوواپەتە تەواوی گەی لەشی داگرتبوو و لە بیری نەبوو هیچ شتێك هەتا ئێستا ئەوەندەی ئازار دابێ. وڵات بێدەنگ، گەرووی ویشك، هەوا ویشك و لە هەموو ئەوانەش دەست و لاقی بەستراوی بوو کە دەرفەتی هەموو کارێکی لێ بڕیبوو. ئاخ ئەگەر دەیتوانی بڕوا و بگاتە ئاو، تەنیا چۆڕێ ئاو!... بێدەنگی تەنینەوەیەکی مەرگاوی خولْقاندبوو، شەو دەزرینگاوە جار دەگەڵ جار بارستایی خۆی زیاتر دەخستە سەر شان و پیلی لاواز و تینووی. دەبوو زیاتر هەوڵ بدا، هەموو گیانی وێك هێنا، دەخۆی نووسا، لاقەکانی هێندەی دی درێژ بوونەوە و خزانە پێشتر، کەچی هەموو جارێ دەگەڵ چوونە پێشی وای هەست دەکرد تەقەڵاکەی بێهوودەیە و نائومێدیکەی زیاتر دەبوو. ئاخ ئەگەر دەگەیشتە تەنیا چۆڕێ ئاو! توانای نەمابوو، خەریك بوو وردە وردە ڕواڵەتی ئاویش لە مێشکی دەشوورایەوە.... چاوێکی لە قاچە کز و زەردەکانی کرد لە چوار قوژبنی لەشی هاتبوونە دەرێ هێندە زۆر بوون کە نەدەبژێردران کەچی ئەو ئەو هەموو لاقەش هێشتا نەیان

توانیبوو کارێکی بۆ بکەن. پشووی سوار ببوو و زۆر بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا، حەسرەت و ئارەزووی ئاو وەك ئەختاپووسێك تەواوی بیر و هۆشی تەنیبوو. چاوەکانی بە ئارامی لەسەریەك دانا، دنیایەك کە بە بەستنی چاوەکانی بۆی کرابووە، گۆڕەپان و بەرەهووتێك بوو کە لە هەموو لایەك ڕا جگە لە ئیشکی و تەپوتۆز و تیشکی بتاوینیی هەتاو بە هیچ شتێکی تر ڕێگای نەدەبرد. دیسان لە خۆی نووسا، دەخزا و دەخزا، هەموو ئەو تەقەلایانەی هەروا بێ سوود بوو، تەنانەت نەگەیشتە دڵۆپێك ئاو. سەری هەڵێنا، ڕووناکاییەکی کز لە شیشە دوکەڵاوییەکەی سەر سەری بە چەند ڕیز نەردەی ژەنگاوییەوە، چنگیان بەسەر داگرتبوو، ڕووناکاییەك وەك خۆی نەخۆش کە کەمترین بڕوا و ئەوینی بۆ ژیان تێدا بەدی نەدەکرا. لێوە تینووەکانی هیچ بیرێکیان جگە لە ئاو بۆ نەهێشتبۆوە، ئاو ئاو و دیسانیش ئاو. دەنگی قرچەقرچی شکان و ئیشکبوونی خۆی دەبیست. بەهەر جوولەیەك کە دەیکرد و هەر هەنگاوێك کە بە هەزار ناری عەلی دەیهاویشت، بە ژان ئێشێکی زۆرەوە چەند دەست و لاقی تێك دەشکان و دڵساردی وەك مار دەستوی دەهاڵا و ڕێکی دەکوشی و زیاتری ئیشك دەکرد، بەڵام ئەگەر ئەو حەولەشی نەدەدا و ئەم هیوایەی نەدەبوو کە سەرەنجام یەکێك لە هەزاران لاقی دەگەیشتە ئاو– ئاوێکی سارد و ڕوون وەك چاوی قرژاڵ– ودەگەڵ گەیشتنە سەری دەیخواردەوە و تەڕایی بە هەموو لەشی تینوو ئیشك هەڵاتوویدا دەگەڕا.. هەر ئەو خەیاڵە زیندووی ڕاگرتبوو ئاو، دیسانیش هەر ئاو و بەس!

نەیدەزانی چاوی ئاواڵەیە یان بەستوویەتی، بەڵام وای زانی هەموو وڵات دووکەڵێکی ڕەش دایگرتووە. ئەگەر چی ڕۆژ تازە خەریك بوو هەڵدەهات، بەڵام هەر دەهات وڵات تاریکتر دەبوو و بێدەنگییەکی پڕ مەترسی هەموو وڵاتی داگرتبوو.. لەپڕ دەنگێك وەك دەنگی هەزاران جووتە لاق کە بە هانایەوە هاتبین، یەك دەست و یەك ئاهەنگی گوێ لێبوو و بەدووی ویشدا

بۆنێکی ناسیا و ئاشنا وەك بۆنی هەزاران هاوڕێ! ئاخ ئەم بۆنە بۆنی باران بوو و ئەم دەنگە دەنگی لاقەکانی! خەوی لەسەر پەڕی، سەری هەڵێنا، شیشە و نەردەی سەرەوەی بە ئاوی باران دەشوورانەوە. تەواوی هێزی خۆی لە دەستەکانیدا کۆکردەوە و ئەوەندەی توانی لە خۆی نووسا، دەستەکانیشی بە هانایەوە هاتن و درێژ بوونەوە و هەڵگەڕانە سەری، بەڵام لە سەرەوەڕا کە توونیایەتی بڕستی لێ بریبوون، هەر لە دوور و نزیکی دەلاقەکەی دەشکان و بە نالەناڵێکی دڵتەزێن لە بەرامبەر چاوی بێ بڕواو پڕ لە فرمێسکی بەردەبوونەوە بەرپێی... بەوپەڕی تامەزرۆییەوە گوێی دابووە دەنگی باران و بۆنی خۆشی ئاو بە هەموو گیانیدا دەگەڕا. وەك شێتانی لێهاتبوو، چۆن دەبوو لە پەنا باران لە توونییان بخنکێ؟ نا... نا ئەوە نابێ. خۆی هان دا:

– بڕۆ... بڕۆ پێش! بۆ سەرێ هەڵگەڕێ گوێ مەدە شکانی دەستەکانت، بڕۆ... دیسانیش حەول بدە بڕۆ پێش!

ئیتر گوێ لەوە نەبوو تەواوی دەوروبەری پڕبوو لە دەست و لاقی شکاو، حەولی دەدا بێ وچان، بێ ماندوو بوون، تەواوی توانای خۆی لەکار گرتبوو، دەنگی لاقی باران تێکەڵاوی تێکشکانی قاچ و دەستە لاوازەکانی دەبوو، دەگریا... لێوی دەکرۆشت...، خۆی هان دەدا و وردە وردە هەڵدەگەڕا سەرێ، هەر جووتە لاقێك کە دەشکا خێرا جووتێکی دی جێگای دەگرتەوە، جووتەکان دەبوون بە دە، دەیەکان دەبوون بە سەد، سەدەکان دەبوون بە هەزار و... هەموو هێزی خۆی لەکار گرتبوو چاوی بۆ هەڵنەدەهات، پشتی خەریك بوو تێك دەقرما، چۆکی وردە وردە خەریك بوو دەنووشتاوە، دەستە پڕ لە ویستەکانی باوەشیان بەرەو ئاوی باران راداشتبوو کە هەروا بە توندی شیشە و نەردەکانی دەشووتنەوە و شۆڕ دەبۆوە لایەکی دی و تەنانەت دڵۆپێکیشی نەدەپرژاندە سەر وی... بۆ ئاخر جار سەری هەڵێنا، چاوی پڕ لە سکاڵ و پرسیاری لە باران بڕی و ئیتر لەسەر یەکی دانانەوە و ئیتر نەبوونی ئاوی بارانی دەبیست و نەگوێی لە دەنگی لاقەکان دەبوو...

باران کۆتایی هات و هەورەکان کشانەوە. هەتاو وەك بووکێکی خەواڵوو سەری هەڵبڕی، قژی زەرد و تروسکەداری لە چوارلا ڕا بە شانی ڕووتی ئاسماندا شانە کرد. لە تەنیا ڕووناکایی گوڵخانەش وەژوور کەوت، ئیتر هەموو شت بە جوانی وەدیار کەوت: دیوەخانێکی گەورەی چۆل و تۆزاوی، سەعاتێکی کۆن لەسەر دیوار کە نوستبوو و داوە جاڵجاڵۆکە تەنیبوویان، چەند بەرسوورکەی تۆپیو کە تەنیا قاپیلکەکەیان مابوو، گوڵدانێك لە گوڵخانە کە دەوروبەری پڕ بوو لە لقوپۆی ئیشك و شکاو، تیشکی خۆر لە دڵۆپێکدا قەتیسما، شکاو بوو بە هەزاران برووسکە و بڵاو بۆوە...، دوامین لقی گوڵی تێنوو خۆی گەیانبووە ئاوی باران و چرویەکی ساوا، تێر ئاو شەونماوی لەسەر نەردە و شیشەکەڕا بە هەموو دنیا پێدەکەنی...

۱۳۷۹/۲/۲۲

## شەوێکی بارانی وماڵەکانی ڕاستەی شەقام

چەندین شەو لە بارانێکی بێ پسانەوە تێدەپەڕی. بریسکەی هەورەکان بە گرمە گرم، دڵی تاریکی دەدڕن و بۆ ماوەیەکی کورت هەموو وڵات ڕووناك دادێ و دیوێکی چکۆڵە وەدیار دەکەوێ کە تك تکی دڵۆپەی ئاوی باران کە دەتکێتەوە سەر پێنج شەش قاپی فافۆنی نارێك چی وا لە دەنگی ئاوی باران لە دەرێ کەمتر نییە و بۆ یەك ئان ڕواڵەتی پەشۆکاوی زەینەب وەدەر دەکەوێ کە باوەشی لە ئەژنۆی گرتووە و لە پەنا جێگای منداڵەکانی هەڵکورماوە! وڵات تاریك دادێتەوە و زەینەب لە تاریکی شەودا دەگەڵ ڕەهێڵە و تریشقەی هەورەکاندا دەمێنێتەوە. پەتوکەی وا بە منداڵەکانی دادابوو کە هەر چواریانی پێ داپۆشراو بوو، ترس و تەنیایی دەتگوت لە دیواری ئەم بێوەژنەیان کورتر وەگیر نەکەوتبوو کە جگە لە چەند چاوی حیز کە دایمە بە دوایەوە بوون هیچی تری شك نەدەبرا...

باران هەروا بە توندی ڕۆی دەکا. وەك هەزاران عەسکەر خەریکی مەشقی نیزامی بن! یەك دەست و یەك دەنگ، هەورەکان بۆ جارێکی تر وەك

کـەوانداریکی ئـەفسانـەیی کە هـەموو پـانـایی ئـاسمـانی داگرتووە تیری برووسکەیەکی بەسام لە کەوانەکەی ڕا داوێتە زەوی و دیسان بۆ ماوەیەکی کورت هـەموو وڵات ڕووناك دادێ و ڕواڵەتی گولێك لە گۆشەی کەلاوەیەکی وەدیار دەکەوێ کە خۆی لەبن نایلۆنێکی حەشار داوە. لاقی هەتا سەر چۆك خـوراوە، دوو چـاوی زەقـی کـە خـورە هـەمـوو دەوروبـەری بـردبوو دەگەڵ تـریشقـەی هــەورەکــان درەوشایـەوە و بـێ وەی بـبـیـنـێ هـەستـی بـە ڕووناکاییەکە کرد. دوو کون لە باتی لووت و لێوەکانی بە چەشنێك خوراون کە دوامین ددانە کرماویکانی خلینەشی وەدیار کەوتوون، دەتگوت بە هـەموو دنیا پێدەکەنی و ئیتر کەسی لێی حاڵی نەبوو کە ئەوە بە بانگ و سەڵا دەگری و شەقامە چۆلەکان گوێیان بۆ هەڵخستووە. تەگەرە کۆنێکی لە کەلاوەیەکی دیتوویەتەوە و بەخۆیەوە بەستوون و لە گاشە بەرد و وردە شیشە و زبڵ و زاڵی کووچە و کۆلانان ڕزگاری کردووە. وا وێدەچی، لەم دنیا پان و بەرینە دا تەنیا یەك شتی بۆ مابێتەوە، ئەویش جرینگەی قاپە مسەکەی لەو دەمانەدا کە یەکێك قەرە پوولێکی بۆ تێ داویشت... لە تاریکی شەودا دەگەڵ دەنگی باران کە وەك گۆزەی سەرەوژێر بەسەر نایلۆنەکەیدا دەڕژیایە خوار بە تەنێ مایەوە.

شەو هەر ئەو شەوەیە و بریقەی خەنجەری هەورەکان وەشەڕی زەوی و ئاسمان دەچێ کە بەرەنگاری یەك بووبن.

وڵات سەرلەنوێ ڕووناك دادێ و لەشی هەناسە لێبڕاوی دایکێك کە دەستەودامێنی ژان و ئێشی زانە وەدیار دەکەوێ کە مامان بەدەوریدا دێ و دەچێ بۆ ماوەیەکی کورت وەدەر دەکەوێ... برووسکەکان هەروا یەکسمی هـەورەکـانـیـان وەبـەر قـەمـچـی داوە و وەکـو سوارکـارێکـی لێهاتوو، بێ ڕاوەستان دادێنێتە سەرشان و لە حیلە شریقەیەکی دیکەی هەورەکاندا، لە قـوژبـنـێکـی سارد و سڕی هـۆبـەیـەکدا بـە دەلاقـە چـکۆلـەکەی سەرەوەی دیوەکەدا لاوێکی ڕووزەرد وەدەر دەکەوێ کە پەتوویەکی لە خۆی هالاندووە

و یەکێکیشی ڕاخستووە و دانیشتووە. بە دەلاقە نەردە ریز کراوەکەدا، گوێی هەڵخستووتە ئاوازی خۆشی باران لەوانەیە ببێتە سیلاوێکی ماڵکاولکەر و هەرچی زیندان و قفڵ و ئاسنە دەگەڵ خۆی ڕادا و هەوایەکی تازە دەگەڵ خۆی بینی. چاوە پڕ لە ویستەکان و کۆخەی زیندانبانەکە و هۆبە سارد و سڕەکە لە تاریکی شەودا ون دەبنەوە.

باران هەروا بەلەز دەباری و تەوژمی تەقینەوەی برووسکەیەکی دی کە هەموو کارەبای شاری هەر لە سەرەتاوە هەڵپساندبوو، چەند جاران پەنجەرەی وەتاغێك پێکدادەری کە چرایەکی گردسۆزی لێ هەڵکراوە و ئەویش گڕەکەی بە توندی دەشەتیتەوە، ژنێك لەسەر چەند لاپەڕە، بەر لەوەی کە بتوانی دوامین وێنەیەکی کە برووسکەکان ڕووناکیان کردبوو، بنووسێتەوە، لە پشتن مێزەکەی خەوی لێکەوتووە و دەوروبەری پڕە لە کاغەزی ڕەشکراو، ژێر سیغارێك پڕ لە سووتووی سیغار و لەبەر پێی بەڕەیەکی خانە خانەی خاوێن ڕاخراوە و دوو سێ گوڵدانی سەرسەوزی زیندوو، لەم هۆبە ساکارەدا خۆیان دەنوێنن کە بە کرانەوەی پەنجەرەکەی پڕ بووە لە بۆنی خۆشی باران و هەوایەکی تەڕ و تازە... و نەکرا کە وێنەی ماڵێکی بەرد مەڕمەڕی گەورە تۆمارکا کە ئەندامانی ماڵەکە لە خەوێکی خۆشدا ئاگایان لە هاتو هاواری دەرێ نییە و جووتێك ماسی کە لە شیشەیەکی کریستاڵدا لە تەنیشت پەردە ئەتڵەسە ئاو دامێنەکەی بەر پەنجەرە، بە توندی سەروخوار دەکەن و بۆنی دەریاکان کە باران بە دیاری بۆ هێناوە وەك شێتانی لێکردوون.

١٣٧٩/٤/٥

# سەودا

کەریم وەخت بوو دڵی بتۆقیّ. چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و بەوپەڕی مەترسییەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی. هەر چاو پێدا خشاندنێکی ئاسایی. ڕواڵەت و ڕووحی شڵەژاوی ئاشکرا دەکرد. لەو هەموو دەر و جیران و ژاندەرم و پزیشکی قانوونی کە دەورەیان دابوو سەری لێ شێوابوو.

چاوێکی پڕ هەڕەشەی دیکەی لە دایکی کرد کە وەك مردووان لەسەر موبلەکە بەلادا دانیشتبوو و هیچ سەر و ڕوومەتی خۆی بە چنگان نەهێشتبوو. جەنازەی ئامینی خوشکی بە تەنافێکەوە لە چوار چێوەی نێوان هاڵ و ئاشپەزخانەکەوە هەڵاوەسرابوو و کاراگای بەشی لێکۆڵینەوە زۆر بە وردی سەرنجی دابووە سەری و لە پاشان دەستووری دا بیهێننە خوارێ. هەموو گیانی شین هەڵگەڕابوو و چاوەکانی لە شوێنێکی نادیار ڕامابوو و بۆنێکی سارد و نامۆ هەموو ولاتی داگرتبوو، پزیشکی قانوونی ڕاپۆرتەکەی تەواو کرد و چاوەکانی ئامینی لەسەر یەك دانا و

جـەمـاوەرەکـەیـان وەدەرنـان و داوایـان لـە ژنـە جـیـرانـەکـان کـرد کـە جەنازەکەی بۆ ناشتن ئامادەکەن. کاراگا کە دەگەڵ دوو چەکدار و کەریم و دایکی لە ژووریَ مابوونەوە، دەستێکی بەو جێگایە داگرت کە ئامین خۆی پێ هەڵاوەسیبوو و بڕێکی قورسایی خۆی هاویشتە سەری بەڵام زوو تێگەیشت کە لەوانەیە ڕاینەگریَ و هەر دەگەڵ ئەو کارەشی کوتی:

– ماوەیەکە بە داخەوە ژمارەی خۆکوژی– بەتایبەت لە نێو ژنەکاندا– زۆر چۆتە سەریَ، سەرمان لێ شێواوە نازانین دەگەڵ ئەو قەیرانە گەورەی دا چی بکەین؟ لەبنەوە چاوێکی لە کەریم کرد ئاگای لە تاقیکارییەکەی وی بوو و کە دیتی کاراگا چاوی لەسەر وییە خێرا چاوی دزییەوە، کەریم وەخت شێت بێ و نەیزانی چێ پێ گوت، تەواوی سەرنجی لە لای کوتێکی هـەڵـبـڕاوی کـراسەکـەی بـوو کـە لـە کـاتـی کـێشەکـەی دەگـەڵ خـوشکـی، هەڵبڕابوو و لە تەنیشت گاو سەندووقەکە بەر ببۆوە و نەیدەزانی چۆنی لەبەر چاو لابا، هەموو گیانی وەسەر ئاگەڕابوو و دەگەڵ وەش کە تەنگاو بوو، نەدەوێرا بچێتە ئاودەست و خۆی ئاسوودە کا دەترسا لە نەبوونی وی دا دایکی شتێك بڵێ وەك خۆی لێنەیەتەوە. کاراگا چووە تەنیشت دایکی لەسەرخۆ گوتی:

– دایە گیان ئەتوو تەنیا کەسێکی کە ئاگاداری ئەو کارەساتە بووی فەرمایشەکانی جەنابت بە وێنەی تەنیا شاهید، بۆ مە زۆر گرینگە. بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارەتان لێ دووپات دەکەمەوە، دڵنیایی کە خانمی کچت بۆخۆی ئەو بەڵایەی بەسەر خۆی هێنا و ئیتر شکایەتوو لە کەس نییە؟ تەنانەت حازرن سوێندیشی لەسەر بخۆن؟

دایکی چاوێکی لە کەریم کرد کە بە هەزار زبان هەر بەچاوی هەڕەشەی لێ دەکرد.

– عەرزم کردن، ئامین زۆر ڕق و ئەستوور بوو، چەند جاری دیش ئەو

کارەی کردبوو بەڵام بۆی جێبەجێ نەببوو.

دوایەش دەستی کردەوە بە گریان

– ئەمن شکایەتی خۆم لە خودای خۆم دەکەم!

کەوابوو ئێمەش کارێکی وامان لێرە نەماوە تەنیا دەتوانم داوای سەبروو بۆ بکەم و زەحمەت کەم کەینەوە.

کەریم ئاهێکی هاتەوە بەرێ ئەوجار وەقەسە هات و گوتی:

– سەرکار بمان بوورن، ئەنگۆش تووشی ناڕەحەتی بوون.

کاراگا ئیشارەی بە دوو چەکدارەکەی کرد کە ئامادەی ڕۆیشتن بن و بەڵام بەر لەوەی کە وەڕێ کەوێ چاوێکی بە هەموو وڵاتدا خشاندەوە و گوتی:

– ئەلحەملای سازن، بۆ دانانیشن ئەو دوو ڕۆژە بە ئاسوودەیی عومری خۆتان بکەن؟ بە ڕەحمەت بێ بابم، هەمیشە دەیکوت زانست لە پارە باشترە، بەڵام دایکم کە بۆخۆی کچە بازارێکی بە نێوبانگ بوو و زانستی بابیشم چیی لێ هەڵنەوەریبوو، هەموو جارێ لە بابم وەدەنگ دەهات و دەیکوت، لێیان گەڕێ فێری کاسبی بن! پارەیان بەدەستەوە بێ هەموو کارێکیان پێ دەکرێ، نەتبیستووە دەڵێن: «پوڵی بدە مەلای لە مزگەتی دەرکە!» دوایەش پێکەنی و چاوێکی لە کەریم داگرت و گوتی:

– ڕاستییەکەی ئەو دەم منداڵ بووین و چی وامان لێ حاڵی نەبوو، بەڵام کە گەورە بووم زانیم حەق بە دایکمە. نیوەی عومرم دەرسم خوێند کەچی ئێستاش لە دابینکردنی زۆر شتی ماڵێ دا ماومەتەوە.

کەریم لە حاڵ و هەوای وەی دانەبوو لەو دەم دەستەیدا گوێ بداتە دەردی دڵی وی. تەنیا لە بیری وەی دابوو کە هەرچی زووتر بڕوا و لە کۆڵیان بێتەوە. بۆیە زۆر بێ سەبرانە سەری بۆ لەقاند و گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ! هەر ئەو جۆرەیە کە دەفەرموون.

کاراگا چاوێکی لێ کرد و بێ وەی هیچ بڵێ یەکڕاست چوو کوتە بڕاوەکەی کراسەکەی هەڵگرتەوە و چووە ئەو جێگایە کە جەنازەی ئامینی لێ بوو. کەریم ڕەنگی بەڕووەوە نەما.

کاراگا لە حاڵێکدا کوتە کراسەکەی هەروا بە دەستەوە بوو، بەدەستەکەی دیکەی جێگای هەڵاوەسرانی جەنازەکەی داهێنا لای خۆی، زۆر بە جوانی داهات و لە هەمان کاتیشدا گوتی:

– ئەمن پێم وایە گیان زۆر خۆشەویستە، تەنانەت ئەو دەمەی ئینسان بۆخۆشی تەنافەکەی لە ملی خۆی دەکا، لە ڕووی غەریزەوە دوامین حەوڵی خۆی هەردەدا، خوشکت لەسەر وەراکە بەخۆوەش بوو هەر بە ئاستەم خۆی پچڕاندبا، بێ شك ئەو دارەی دەشکاند و ڕزگاری دەهات، بەڵام وادیارە وەکی دایە خانم فەرموویان هێندە ڕق ئەستوور بووە کە بۆ وەی لە کارەکەیدا سەرکەوێ ڕاست خۆی هەڵپەساردووە هەتا خنکاوە! دوایەش چووە تەنیشت دایکی و بڕێك داهاتەوە سەر سەری و گوتی:

– هەر چییەك بێ دایە خانم عەولادی خۆی لە هەموو کەس چاتر دەناسێ، وانییە دەنا دایەگیان؟

دایکیشی سەری داخستبوو و هەروا دەگریا. کەریم وەخت بوو بە لادا بکەوێ و نەی دەزانی کاراگا چی دەوێ و مەبەستی لەو قسانە چییە و بۆچی ڕاست ناڕواتە سەر قسەی دڵی خۆی، بەڵام شکی لەوەی دا نەما کە شتێك دەزانی و جارێ دەنگێ ناکا. پێی وابوو کەس لە خۆی زیرەکتر و وریاتر و دەستبرتر نییە کەچی ئێستا لەبەر دەستی کارگادا خۆی وەك مشکێك دەهاتە بەرچاو کە پشیلەکە بەرلەوەی بیخوا کایەی پێدەکا!

کاراگا ئەو جار یەکڕاست چووە سەر گاو سەندووقەکە و بە کوتە کراسەکە تۆزێ سەری سڕیوە:

– باسی خۆم بۆ دەکردن، جاری ئەوەڵ کە کوڕەکەم لە زانستگا دەرچوو ژنەکەم مانگێك زیز بوو! ئاخر لەبەر بێ پووڵی نەمتوانی بینێرمە نێو نووسین!

کەریم ئەوجار سەرنجی بۆلایەکی ڕاکێشرا، خەریك بوو وردە وردە، لێی حاڵی دەبوو کە جەنابی کاراگا چی دەوێ؟! دەستی بە ترسەوە بۆلای گیرفانی برد و لە هەمان کاتیشدا چاوی لە کاراگا هەڵنەدەگرت و دەیەویست بزانێ ئاکاری وی چ شوێنێکی لەسەر دادەنێ. بزەیەکی پڕ لە ڕەزامەندی کە کەوتبووە سەر لێوی، کەریمی دڵنیا کرد کە ئەگەر بێتوو سەری کیسەی شل نەکا لە داستانی شانامەی وی نەجاتی نایا. هەربیە بە دڵەکوتەوە لە حاڵێکدا هێشتا بە تەواوی لە کارەکەی خاترجەم نەبوو دەستە چەکەکەی لە گیرفانی دەرینا و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– لەسەر خودای خۆ لەوە خراتر نابم! و ژمارەیەکی لەسەر نووسی و چاوی لە کاراگا بوو کە وەك کارێکی نەمابێ، لەسەر موبلێك دانیشت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەستێکی بەسەری داهێنا. ئەویش چەکەی لە پێش دانا. کاراگا بە کاوەخۆ خوێندیوە:

– پێنج ملیۆن تمەن!

هەستا پێ و دەم و لووتی بە ناقایلی هەڵقرتاند:

– دەڵێن تەماح سەری نەخۆی، سەرت دەخوا! نازانم هێندێ کەس چۆن دەتوانن پووڵیان لە گیانیان خۆشتر بوێ لە حاڵێکدا دەتوانن هەربەو پووڵە گیانیان بکڕنەوە. ئاخر لەوانەیە چەند هەنگاوێك زیاتر لەگەڵ سێدارە و تەناف مەودایان نەبێ؟!

کەریم خێرا چەکەکەی لێ هەستاندەوە شتێکی لێ زیاد کرد:

– شەش ملیۆن! ئەوجار کاراگا گەشاوە. کەریم بە یەکجاری ترس و شەرمی وەلانا و گوتی:

– وێ ناچی ئێوەش کاسبکارێکی خراپ بن، وادیارە ئەنگۆش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە پارە لە زانست باشترە!

کاراگا ئیشارەیەکی بە دوو چەکدارەکەشی گرت و نێو چاوانی تێك نا و گوتی:

– لە باتی ئەو قسە زەلامانە شیرنی ئەو دووانە بدەی باشترە! سەرە و دووسەتیان بەسە، ئەوانیش ئاوی چۆکیان چوو هێندە لێرە ڕاوەستن.

دایکی کە لە هەموو شت حاڵی ببوو، بە توورەیی گوتی:

– ئەدی خوداتان بە گژ داچێ ئەگە ئاخری پێك دەهاتن، ئەو سوێندەتان بۆ پێ خواردم؟

کاراگا لە حاڵێکدا کەوشەکانی لەبەر دەکردەوە بێ وەی ڕووی تێکا گوتی:

– دایەگیان شاهیدی بە درۆ خواردن و سوێندی لەسەر خواردن تاوانێکی گەورەیە و دەبێ لە هەردووك دنیا جواب بدەیەوە.

ئەم پێم وایە ئەو بەشە بە خودای خۆتان بسپێرنەوە کە ڕۆژێ چەند جاران لەسەر بەرماڵ سوجدەی بۆ دەبەی.

کەریم بێ وەی بەڕێیان کا لەسەر موبلێك دانیشت و دوای وەی گوێی لە دەنگی داخرانی دەرکە بوو ئاهێکی ئاسوودەی هەڵکێشا و ڕووی لە دایکی کرد کە دەستی کردبۆوە بە گریان و گوتی:

– بێدەنگ بە پیرێژن، مێشکی سەرم چوو! یان دەکرێ ئەم جۆرەش کۆتای هاتبا، خۆزگە وادەبوو:

کاراگا چەکەکەی لە گیرفانی نا و دەگەڵ لەبەرکردنی کەوشەکانی بەدوو چەکدارەکەی گوت:

– کوڕینە با بڕۆین، ئیدی کارێکی وامان لێرە نەماوە. ئەو ئاغایەش

قۆڵبەست کەن و بیهێنن! ئێستا ئیدی هەم بۆخۆی دانی بەوە داهێنا کە کوشتوویەتی هەم نرخی تاوانەکەی بۆ دیاریی کرد و هەم دایکیشی شاهێدی لەسەر دا!

١٣٧٩/٥/٦

## بەڵام ئاوایان دەگێڕایەوە کە...

وە بەڵام لە درێژەی بەسەرهاتەکەدا ئاوایان گێڕاوە کە سەرەنجام دوای هەڤدەساڵی ڕەبەق ژیانی هاوبەش نێوان ژن و مێردێکی نا تەبا، کار کێشرایە ئەو جێگایە کە چەند ژنە لە لێدان و کوتانی وەخت و بێ وەختی مێردە وەزاڵە هات لە شەوێکی درێژی پاییزدا کە شەو درێژە و هەموو تەکبیرێکی لێ دەکرێ و بە نەقل و نزیلەی خواسان نەبێ نابڕێتەوە، دەگەڵ چەند ژنی دی هاتنە سەر ئەو تەمایە کە ئەوەی دەبوو نەیکەن بیکەن و ئەوەی دەبوو تا ئێستا کردبایان و نەقەومابوو بیقەومێنن. سەد ڕەحمەت لە قەبری مردووکانمان کە فەرموویانە: دار هورەی لە خۆی نەبێ ناقەڵەشی، هێندەیان دەست لەسەر دەست دانا کە قەوما ئەو شتەی نەدەبوو قەومابا، و سەری هەزاران زانای نێرینەی لێ سووڕما و وەشك کەوتن لە هەر چیکی هەتا ئەودەم دەیانزانی، دەگێڕنەوە کە تاقمێکیان شێت بوون وەشاخان کەوتن و تاقمێکیش دەرجا گیانیان پێشکەشی خودای باری تەعالا کردەوە و تاقمێکی دی هەر لەو زانا گێژ و حول بووانە

جلوبەرگی دەروێشانیان لەبەرکرد و ملی ڕێگایان گرتە بەر بۆ وەی مەنزل بە مەنزل و شار بە شار و کۆ بە کۆ بگێڕنەوە ئەو ڕووداوە قەت ڕووی نەداوە، ئەم باسە باس لیٚ نەکراوە و ئەو شتە تومتار نەکراوەی سەرەنجام خەریك بوو تۆمار دەکرا. بەڵێ درێژەی باسەکە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی پێشوو کە سوننەت بوو فەرز بوو لەسەر شانی هەموو نێرینەیەك و شك دەکرا لە نێرینەیەکەی ئەگەر نەی کردبا و ئەویش شوری خۆر کوتانی مێیەکان بوو لە هەموو ئەو دەرفەتە باش و پیاوانەیەی کە هەر بۆ پیاو نەبیٚ هەڵناکەویٚ، دیسانیش سەد ڕەحمەت لە قەبری مردووکانمان کە هەرچی گوتیان دەبیٚ بە ئاوی زێڕی بنووسریٚ و لەسەر گوارەکان هەڵقەندریٚ و ببێتە گوارە لە گوێی مێینەکان، کە فەرموویانە: ئاو لە هەوەڵ ڕا چۆنی برێژی هەروا دەبیٚ، لە ماڵیشدا پیاو پووتە و ژن نیو پووت و ناکریٚ و خوداش هەڵناگریٚ و پێغەمبەریش دانی پێدا نەهێناوە و عەبدی ڕووڕەش بە هەموو تاوان و گوناهێکی گەورەی کە هەیەتی نابیٚ خۆی لێدا چونکە ئەم تاوانە هێشتا لەسەر لاپەڕەی هیچ کام لەم کتێبە ئاسمانیکان تۆمار نەکراوە و بیست و چوار هەزار پێغەمبەریش باسیان نەکردووە، ئەویش شەیتان کوێر دوژمن کەربیٚ، لێدانی نێرینە لەسەر مێینە بوو لەویش قەباعەتتر ئەم وەجواب هاتنە و هەڵکوتانە سەر ئەم پیاوە چەك کراوە هەر بە دەست ژنان بوو کە هەتا ئەو سەردەمە لە مێژووی هیچ میللەتێکی ڕووی نەدابوو. دیسانیش با لە هۆی بنەڕەتی ئەم کارەساتە تێپەڕ نەبین کە هەزار دمڕووتمان پیٚ خۆش بیٚ و بلّیٚ لە گرینگترین بەشی ڕووداوەکە مانەوە و ئەویش باس لەسەر هۆی ڕووداوەکەیە، کە ئەویش دیسان سەت ڕەحمەت لە قەبری مردووەکانمان کە لێرەشدا کاری مەیان ئاسان کردۆتەوە نایەڵن کەسما پیٚ خۆش بیٚ و فەرموویانە کە زۆردار دەستی لە زۆرداری هەڵنەگرت و بۆخۆی نەکشاوە، زۆر لێکراوەکان دەستی پیٚ هەڵدەگرن و بەگۆڕی بابیدا دەڕیێنن، باشترین هۆی ئەو ڕووداوە هەر

ئەوە بوو. بەڵێ! لە قسان سێ چوار داری ئەستووریان لە پیاو «ه»دا – بیخوێنەوە تای موئەننەس بە زاراوەی عەرەبان– شکاندوو لە ئاکامی ئەم شەڕە نابەرابەر و ناجوامێرانەیە دا هەر بەوەش ڕانەوەستان و بەو شەوە درێژەی وە دیوی دەریان نا، بۆ وەی بیری خاوی گەڕانەوەش تازە قەت بە مێشکیدا نەیەتەوە هەر بەو شەوە درێژە، کە ئینسان دە فریایی هەموو کارێك دەکەوێ، هاچەر سازیان لە خەو هەستاند و بەڕەکێش ڕەکێش بردیان و قفڵی ماڵیان پێ گۆڕی و بە ئاسوودەیی لە ماڵێکی کە مافی وانی بەسەرەوە نەبوو، دانیشتن و بەشکەوە خۆیان دەپشکنیوە بزانن بە ڕاستی ژنن یان نا؟ چەند جارانیش خۆیان وەبەر مست و پێلاقان دا بۆوەی بزانن نووستوون یان وەخەبەرن؟! کابرا ڕای کردە دووکانەکەی و هەتا ڕۆژ لە تاوی ژانی سەر و سەکوتی خەوی لێ نەکەوت، لە ئاوێنەکەی دووکانی چاوێکی لە خۆی کرد بە ڕاستی شتێکی ناشیرن و ناحەز بوو و ئەوەش لە جەرگی گەورەی ژنەکەی بوو کە شەوانە زاتی وەی هەبوو دەگەڵ ئەم بوونەوەرە نالەبارە خەوی لێ بکەوێ و لەویش سەیرتر دەگەڵی تێکەڵ بێتەوە. زۆر جاران ژنەکەی بەخۆی دەکوت ئەگەر چووباوە شاخ و نێوچنار ستانانیش کەوتبا هەر دەگەڵ یەکی وا تێدەکەوت.. بەڵێ درێژەی دەنگ و باسەکە ئەوە بوو کە دەیان گێڕاوە هێشتا کەڵەبابی سەعاتە کووکیکەی دووکانی سەری وەدەر نەنابوو کە دیسان سەد ڕەحمەت لە قەبری پێشینانمان دەگەڵ مردووی هەموو موسڵمانان کە چەندە بەجێ فەرموویان: قسە کەوتە زارێکی دەکەوێتە شارێکی، ئەو قسەیە کەوتە سەر زاری کابرای هاچەر ساز و کەس نەیزانی هەتا بەیان ئەنگووت چۆن بە تەواوی شاردا ئەم باسە کەس نەبیستووە و کەس نەدیتووە، بڵاوبوونەوە و هەتا ڕۆژ کەس چاوی لەسەر یەك دانەنا، جا بۆیە وەکی گێڕامانەوە هێشتا کەڵەبابی سەعاتەکە سەریی وەدەر نەنابوو کە لە چوار قوڕنەی شارا ڕژانە سەری و بوو بە هەڵڵا! بەر لە هەموو شتێك وەك بە کارەساتی

کەربەلادا کەوتبن، جەماوەری نێرینەکان هەتا دوامین دڵۆپی فرمێسکیان بە بانگ و سەڵاگریان و سوکناییان کە هات دەستیان کرد بە وتاردان. ئاسنگەری بە ساڵداچووی نێو بازاڕ کە دەتگوت کاوەی ئاسنگەرە نەڕاندی و گوتی:

– ئەوە نزیکەی پەنجا ساڵە لە گەڕەکی بەردئاشی ئەو شارەی کار دەکەم و تەواوی قسەوباسی ئەوشارەم لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵە و بگرە ئەوەی باب و باپیرانیشم لە بیریان بووە بیستوومەتەوە، بەڵام بازاڕم بە خڕەوە سووتاندبی، شتی وا هەر نەبووە و ناشبیتەوە! دوایەش کوتکەکەی کە دەگەڵ خۆی هێنابووی وا بە عەرزی دادا کە تەبەقێکی گەورەی لە شیشەکانی دووکانی هێنا خوارێ و عەرز لەبن لاقیان لەرزی. یەکێ لە مامۆستاکانی شار کە کوتوو شاڵوارێکی کاڵ بۆوە و هەریەکەی لە ڕەنگێکی لەبەردا بوو، وەك لە کلاسی ڕاوەستا بی، وتاری خۆی ئاوا دا:

– کۆمەڵگای مامۆستایانی شار بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە ڕادەگەیێنی ئەم بەڵایە کە وەك بەڵایەکی دی بۆ لای ئێمە خواربۆتەوە، پێویستە زۆر بە توندی شەرمەزار کرێ و هەر ئەلێرەڕا با پێشی بگیرێ دەنا لەوانەیە ئەو چینە زۆر لێکراوە بەگشتی تووشی مەترسی بن! وەرن دە ڕێگای ئەو خودایەدا لەوە زیاتر لە دیواری کورتی مامۆستایانی برسی و ڕووت و ڕەجال وەسەر مەکەون. ئەدی بۆ دەڵێن مامۆستایەتی کاری پێغەمبەرانە و... بەڵام بەر لە تەواو کردنی قسەکانی پاڵێکیان پێوە نا لە کلاسی شاگرد چەند گوێ دەداتە موعەلیم لەوێش هەر ئەوەندە، بێدەنگیان کرد و پێیان گوت ئەگەر لەوە زیاتر لەسەری بڕوا بەدەردی هاوکارەکەی دەچی. دکتۆرێك لەولا ڕا ڕایگەیاند کە:

– پێویستە بەر لە هەموو کارێك موعاینە بکرێ بزانین دەژی یان نا؟ ئەگەر دنیا بوو نەژیا کە بە بڕوای من ناژی و ئەگەر بژی موعجیزەیەکی

گەورەیە، بۆخۆم کاری پزیشکی قانوونییەکەی بە نیشانەی هاودەردی بەبێ یەك قران پوول بۆ جێبەجێ دەکەم. ئەو جار خوشکی دەخوشکینەم و برای دەبرادەرینەم! کابرای کێل ساز لەولاڕا هەڵی دایە و گوتی:

– شەرت بێ ئەمنیش کێلی بۆ سازکەم لە کێلی هەموو مردوویەك بڵیندتر، بۆ وەی ئەم کارەساتە لەبیر هیچ کەس نەچێتەوە یەکێ لە وەکیلە پایە بەرزەکانی شار ڕای گەیاند:

– هەتاکو بە تەواوی کەلێن و قوژبنی ئەو ڕووداوە ڕوون نەبێتەوە و حەقی ئەو زۆرلێکراوە نەستیندرێتەوە، حەقی نییە بمری، ئەگەر بیەوێ بمری هەر بەو دەستانەی خۆم دەیخنکێنم و بەدوای ئەم قسەیەیدا پەلاماری بردە سەر کابرا و هەتا بەزۆری لەبەر دەستیان دەریناوە هیچ گیانی نەما. هونەرمەندێکی نووسەر لەولا ڕا ئەو هەرا هەرایەی بێدەنگ کردەوە و گوتی: برایان تکایە بە حورمەتی قەڵەم و خاوەن قەڵەم کە لەوپەڕی بێدەنگیدا بەرزترین هاوار دەکا، مەیکەنە هەرا. ڕاوەستن ئەو برایە هەموو شت بگێڕێتەوە لە پاشان سەرلەنوێ بنووسرێتەوە و دوای وی ببێتە فیلم و تەئەتر و ... بەم چەشنە هەموو بزانن چ قەوماوە، لە کێ قەوماوە، کەنگی قەوماوە، لە کوێ قەوماوە و لە هەمووان گرینگتر بۆچی ئەو ڕووداوە قەوماوە؟! هێندێك لات و لووت و شارلاتان کە لە ڕقان لاقیان بە عەرزیوە بەند نەدەبوو پالێکیان بە نووسەری بەستەزمان نا و گوتی هێندەی لەسەر مەڕۆ مەیکە چێشتی مجێوری. یەك وشە دوایین وشە! پیاوەتی، پیاوەتی هەڵگیراوە، حورمەتی سمێڵ تێك شکاوە، ئێستا پیاوان... قسەکەی بڕی و تفێکی زەلامی لە ڕووی عەرزی کرد و درێژەی دا: ئێستا پیاوان هەنی دەکەن و چاویان دەڕێژن و سەریان دەهۆننەوە، ئەی هاوار جەماعەت پیاو ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ و هەر ئێستا دەچم قەمە قەیمەیان دەکەم.

دوایە شالاوی بردە دەرێ و کە دیتی کەس پێشی پێ ناگرێ، گەڕاوە سەرجێی خۆی و بێدەنگ بوو. دەلالێکی خانوو و زەوی هاتە پێش و گوتی:

– سرویسیکی پاك و خاوێنت بۆ پەیدا دەکەم. شەرت بێ هەر ئێستا خاوەنی هەر بۆ پەیدا نەبووبێ تا کرێت لێ بستێنێ! و سەرەنجام هەموویان لە درێژەی ئەم باسەدا هاتنە سەر ئەو ڕایە کە جارێ لەسەر وەرا کە لە حالی خۆیدایە، بەر لە هەموو کارێك دەبێ بفرێندرێ بۆ نەخۆشخانە و نیشانی تەبیبان بدرێ. کابرا نەیدەزانی قوڕی کوێ وەسەری خۆی کا و لەبەر خۆیەوە گوتی: سەد ڕەحمەت لە قەبری مردووەکانمان کە گوتوویانە: مریشك بۆخۆی خۆڵی وەسەر خۆی نەکا کەس خۆڵی وەسەر ناکا. هەر دەستم هەڵنەگرت تا ئاوای لێهات و هەر ئەوەندەی ئاگا لێ بوو کە ئامبولانسێك بە ئاژیر لێدان هات و بە هەمووان پڕیان دایە و لە نێو ئامبولانسیان هاویشت. کە ویستی خۆی ڕاپچکێنی و هەڵێ، سێ چوار شەپ و چەپۆك و مستیان گەیاندێ و بە زۆری ڕایان کشاند. لەوێ هەموو چاوەڕوانی بوون، تەبیبەکان بە هەمووان تێی هالان دوای سێ شەو و سێ ڕۆژان موعاینەکردن، لەسەروەڕا کە کابرا ساغ و سەلیم بوو بڕوایان بە خۆیان نەکرد و گوتیان:

دەردەکەی هێندە پیسە بۆمان لێك نادرێتەوە و هەر ئێستا دەبێ بیفرێننە شارێکی گەورە دەنا دوایی کەس گلەییمان لێ نەکا چونکە هیوایەکی وامان پێی نییە.

کابراکە زەق و زیندوو لە وێ ڕاوەستابوو، لە قاقای پێکەنینی دا گوتی ئەوە دەڵێن چی؟ یەکێ لە دوکتۆرەکان کە لە بەشی شێتکردنی خەڵك دا واتە ڕەوانکاوی دەرسی خوێندبوو سەرێکی ڕاوەشاند و گوتیان:

– بەڵێ بۆچوونەکەم دروست بوو. وەکی عەرزم کردن ئەو بەستەزمانە شێت بووە.

ژنێك كه ئێسكی قووت دابوو و خەریك بوو بخنكێ بەڵام دكتۆرەكان هەردووك لاقیان لێ دەكەوشێك كردبوو كە قەلبی نەخۆشە، بە ئیشارەی دەست و لاق خەریكبوو لە كابرای حاڵی دەكرد كە هەڵێ و خۆی دەربازكا، بەڵام بۆی حاڵی نەبوو هیچ بە پەلە سازیان كرد بۆ دیوی عەمەل چونكە پێیان وابوو لە تاوی قەلبی وادەكا! لەو لاش لیباسێكی سپییان لەبەر كابرای كرد فڕاندیانە شارێكی گەورەتر. لەوێش وا دەگێڕنەوە كە تەبیبان ڕایان گەیاندووە: لەسەر وەڕا كە هیچكام لە پێشكەوتووترین دەزگاكانی تەبیبی نەیان توانیوە دەردی ئەم نەخۆشە بناسێنن وا وێدەچێ نەخۆشێكی نەناسراوی نوێ بێ كە مەترسی بڵاوبوونەوەشی هەیە. هەر بۆیە دەبی هەموو بە زووە لە حەوڵی چارەسەری ئەم نەخۆشیدا بین و هەتا گەیشتن بە ئاكامێكی باش ئەم نەخۆشە قەرەنتینە دەكرێ...

بەڵام لەسەروەڕا كە ڕەوڕەوەی ئەم چەرخە سەرگەردانە ویستانی نییە كەوابوو بۆی نییە هیچ بەسەرهاتێكیش كۆتایی پێ بێ و هەرچی دەنووسرێ هەم لە نێوەڕاستیڕایە و هەم بە ناتەواوی دەبڕێتەوە هەر ئەوەندەتان عەرز دەكەم كە چارەسەری ئەم گرفتەیان هێشتا پێ نەكراوە وەك دەڵێن ئەم مەترسییە هەروا لە گۆڕێدایە و بڕیار دراوە كە ئەمنیە و یاسا نوێ بێتە گۆڕێ هەتاكو هەر لە بنەڕەتڕا هۆی ئەم چەشنە ڕووداوانە پێك نەیا، بەڵام ماڵم حەقە بەر لە هەموو شتێك نێرینەكان لێدانێك بە مێینەكان قەرزدارن و وەكی پێشینیانمان فەرموویان: قەرز كۆن دەبێ بەڵام نابەتڵێ. لە بیرم چوو بڵێم سەد ڕەحمەت لە قەبریان... ئەها بە خودای دیسان بۆنی گۆشتی سووتا و لە متبەقڕا هەموو وڵاتی لێ پڕ كردم و دبێ بڕۆم، بۆیە قەدیمیان سەت ڕەحمەت لە قەبرەكانیان چەندە بە جێیان فەرمووە: زۆر گۆتن، قورعان خۆشە...

١٣٧٩/٩/٤

# قیبلەگاه

پەرژین چاوی لە گوڵی سەر دامێنی ڕامابوو کە پەپوولەیەکی سپی کوڵکن لەسەری نیشتبوو. وردە وردە دەستی بۆ لای برد و گرتی، بەڵام کە لە دەستیدا جووڵەی کرد، ترساو هەڵی فڕاندەوە، دەنگی باڵندەکان تێکەڵاوی لـوزەوەی ئـاوی ڕنـوو بـبـوون کـە لـەم هـەوا بـەهـاریـیـەدا خـەریك بـوون دەتوانەوە. پەرژین بە توێ تاقە کراسێك و دەرپێیەك کە لە بن کراسەکەی ڕا وەدیـار کـەوتـبـوو بـۆ لای مـاڵـی دەرۆیشتـەوە بـەڵام دیمەنـی پـاراوی بەرچاوی کە هەتا چاو هەتەری دەکرد، هەر شیناوەرد و قاش قاشەی سوور بوو، هەنگاوی پێ شل کردبوونەوە و وەنێو گوڵەکانی خستبوو. دەستی کرد بە خوێندنەوەی یەکەم بەیت و تەنیا بەیتێك کە لە هەڵبەستی دەرسەکەیان دەیزانی:

ئەرێ وڵاتم نیشتمانی جوان

تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان

تروسکەی قژە زەردەکانی کە بە پانایی شانی ورد هۆندرابوونەوە،

تێکەڵاوی تیشکی خۆر ببوە، پێی خۆش نەبوو جارێ بڕواتەوە مەدرەسە، چەند ڕۆژ بوو داوای دەفتەرێکی چل لاپەڕەی لە دایکی دەکرد و ئەویش هەر جارە بە بیانوویەك لە بیری برد بۆوە. لەوێ کە هێشتا نەیتوانیبوو هەڵبەستی مامۆستا بنووسیتەوە و لەبەر بیلێتەوە تووڕە بوو، لە خۆی، لە دایکی، تەنانەت لە مامۆستا و هاوکلاسەکانیشی کە لەبەر چاوی وی دەیاننووسیوە و لەبەریان دەکرد. پێی وابوو ڕەنگە ژنان هەر نەتوانن دەفتەر بکڕن، چونکە پاوان پێی گوتبوو بابی دەفتەرەکەی بۆ کڕیوە نەك دایکی، لەو دەمەیدا هاوکلاسەکانی بە هەرا هەرا پەیدا بوون و ئەویش بە هەڵاتن خۆی گەیاندنێ و بە نێو کووچە و کۆڵاناندا چوونەوە مەدرەسە. دوای وەی هەموو دانیشتن، دڵە کوتە دایگرتەوە چاوی لە زاری خانمەکەیان هەڵنەگرت و خودا خودای بوو بانگی نەکا، میزی دەهات و پێی خۆش بوو لە کلاسی هەڵێتە دەرێ. ئاگای لێ بوو مامۆستا زیاد لە هەمووان چاو لەو دەکا.

– پەرژین تا ئێرە وەرە بزانم!

پەرژین لە جێی خۆی وشك بوو!

– بۆ عەبەساوی وەرە ئەو دەفتەرەی بەرە بۆ خۆت!

ئیدی لە خۆشییان نەیزانی چۆن چوو دەفتەرەکەی لە مامۆستا وەرگرت، هەر ئەوەندەی ئاگا لێ بوو کە ئەویش دەفتەری هەیە و دەتوانێ ئەو هەڵبەستەی ئەوەندەی پێ خۆشە، بنووسیتەوە و لەبەری کا، قسەی مامۆستا وەخۆی هێناوە:

– پەرژین بە بابت بڵێ سبەینێ بێتە ئێرە!

ئەو جار بە تەواوی شڵەژا. بابی چۆن بۆ هێنابا، ڕەنگە لەبەر ئەو دەفتەرە بێ. نێو چاوانی گرژ و مۆنی دایکی هاتە بەر چاوی و تام و چێژی خۆشی لێ بوو بە مەترسی و دڵە کوتە. هەر چۆنێك بوو هەستا حەوا و قامکی هەڵێنا و گوتی:

بابم ڕۆیشتووە خانم.

- دەجا دێتەوە خۆ بۆ هەتا هەتایە نەڕۆیشتووە. هەر کات هاتەوە با بێ.

- بابم نایەتەوە... یانی هاتۆتەوە...

سەری داخست و نەیزانی چبکا کە منداڵەکان زوو بە هانایەوە هاتن:

- بابی مردووە خانم! تازە نایەتەوە.

مامۆستا بێدەنگی کردن و دیسان ڕووی لە پەرژین کرد و گوتی:

- دەجا چ بووە ئەمنیش بابم نەماوە. بەدایکت بڵێ بێ! کارم پێیەتی.

پەرژین لە خۆشی وەی کە خانمەکەشیان وەك وی بابی نییە چاوێکی بە فیزەوە لە هەموو منداڵەکان کرد و دانیشتەوە... بەیانی کە وەك ڕۆژان چوونەوە کلاسی لە خۆشییان نەیدەزانی چ بکا هەڵبەستەکەی نووسیبوو و هەمووشی لەبەر کردبوو. چاوی لە زاری مامۆستای هەڵنەدەگرت. خودا خودای بوو بانگی کا و دەرسەکەی پێ بڵێتەوە. مامۆستا چاوێکی لە هەمووان کرد و ڕووی گەشی پەرژینی چاو پێکەوت، گوتی:

- ئەورۆ کەیفەکەت زۆر سازە پەرژین، ودایارە دەرسەکەشت چاك خوێندووە.

- بێم بیڵێمەوە خانم؟

- ئەی نازانم بۆ ڕەوەستاوی؟ ئەورۆ ڕۆژی تۆیە و دەمەوێ هەوەڵ کەس بی کە شیعری نیشتمان دەخوێنیوە!

پەرژین چوو بۆ لای تەختە ڕەش. ئەوە هەر ئەو ڕۆژە بوو کە ماوەیەك بوو بە ئاواتی بوو ئیدی دڵنیا بوو کە دوای بەیتی هەوەڵ بێدەنگ نابێ و هەمووی بە تەواوی دەزانێ، بەڵام هێشتا دەستی پێ نەکردبوو کە لە پڕ هاژەیەکی زۆر توندی چەند فڕۆکە چەند جارێ دەرکی کلاسی پێك دادا و هەموو شیشەی کلاسی هێنا خوارێ! هەموو سەریان لێشێوا و لە یەك ئاندا قێژە و هەرا هەرا

و گریانی منداڵەکان تێکەڵاوی بۆنێکی ناخۆش وەك بۆنی سیر بوو! ئاگر وبڵێسە دیار نەبوو بەڵام بە دوای گەیشتنی ئەم چەند باڵندە ئاسنە ڕەش و زەلامەی کە بە دەنگێکی بەسام جار نا جارێك خۆی ڕودەهێشتە سەر شارە بچکۆڵەکەیان، هەموو بە ژان و ئێشێکی زۆر و ناڵە ناڵەوە بەلا دەکەوتن و دەرشانەوە و تەواو دەبوون. هاواری پڕ لە ژانیان دڵ و جەرگی زەوی هەڵتەکاندبوو. یەك یەك و دوو دوو، سێ سێ و چوار چوار، لێرە و لەوێ وەك گەڵای داران بەردەبوونەوە ماموستا خێرا تێگەیشت کە ئەوە دەبێ چەکی شیمیایی بێ، دەگەڵ وەپێش دانی و هەڵاتنی منداڵەکان بۆ ئەولا ئەولای کووچە و کۆڵان هاواری دەکرد:

– هەڵێن... هەڵێن، بەرەو بەرزاییەکان هەڵێن!

دەنگی کۆخە کۆخ و ناڵە ناڵە و هات و هاوار و سووتام و سووتامی جەماوەر سەری شێواندبوون و وەك ڕۆژی مەحشەری لێهاتبوو. کەس نەبوو بە هاواریان بێ و کەس نەی دەزانی دەبێ چ بکا جگە لەوەی کە هەر کامیان تا ئەو جێگایەی بۆیان لوابا پڕیان بە منداڵەکانیان دادەگرت و بێ وەی بزانن بۆ کێ هەڵدەهاتن بەڵام ئەم بۆنە نادیار و نەناسە وەك جندوکەی دەگەیشتە سەر سەریان و دەیدروونەوە. بە تەواوی کەلێن و قوژبنی شاردا جەنازە بەربوۆوە...

ماموستاو ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی شار و چەند کەس لە شاگردەکانی کە توانیبووی دەگەڵ خۆی وەسەرێیان خا لە تەپۆڵکەی پەنا شار بەربوونەوە و چاویان لە دیمەنی شار دەکرد کە دوامین هەناسەکانیان هەڵدەکێشا... هەموو گیانیان سووتابوو و جەرگ و دڵیان دەبرژاوە و ئەوانیش بە هانکە هانك خەریك بوو تەواو دەبوون. پەرژین کە بۆ خۆی لە باوەشی کردبوو لە پەنا بەربوۆوە و چا و نانە ئیشکەکەی شەوی ڕابردووی هەموو هێنابۆوە. ماموستا خۆی خشاندە پەنای و باوەشی پێدا گرت پەرژین بە هانکە هانك و گریانەوە بە هەڵبڕاوی و ناتەواوەوە لە خانمەکەی پرسی بۆچی.. بۆچ ... چی نەمتوانی

... هەڵبە.. ستی... نیشتمان... تەواوکەم...؟ مامۆستا بە هەناسە بڕکێ و لەشی سووتاو و هەڵپڕزاوی هەرچۆنێك بوو دەستی لەسەر دانا و هەرچەند کە دەیزانی پەرژین دیسان ناتوانێ هەڵبەسەتەکەی تەواو کا، گوتی:

– دەتوانی... دەتوانی... پەرژین... گیا... ن . بۆم بڵێ.. گوێ... دە .. دە ..مێ

ئە.. رێ وڵا.. تم نیشتما...نی...جوا...

مامۆستا ئەوەندەی توانای مابووی دەکاری گرت و زیاتر هاتە لای پەرژین و چاوی لە چاوی بڕی.. هەردووك شل بوونە و وردە وردە، بە یەکجاری دەگۆمی فرمێسکی چاوی یەکدا نوقم بوون... بەڵام دەنگی تیژ و منداڵانەی کە بەر لە گیان دەرچوونی بەرەڵای کردبوو ئێستا لە حەوت تەبەق ئاسمانیشدا بەسەر تەواوی شار و جەنازەکاندا، بەسەر چاوی کوێر و گوێ کەڕ و ویژدانی خەولێکەوتووی زەویدا دەگەڕا و هەڵبەستەکەی دەخوێندەوە:

ئەرێ وڵاتم نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان
ئەرێ وڵاتم نیشتمانی جوان
ژیان هەر بۆ تۆ بۆ دوژمن نەمان...

۱۳۷۹/۱۲/۲۰

ڕێوڕەسمی یاد و بیرەوەری هەڵەبجە. لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی.

## هێندێ لە مرۆڤەکان

ئێوارە درەگان بەرەو ماڵ دەچوومەوە هەردووك دەستم گیرابوو و بۆ وەی خۆم لە شوێن هەمیشەیی کە پێیدا دەڕۆیشتم پاراستبێ، پەڕیمەوە ئەوبەری شەقامەکە. ڕەنگە ئێوەش دەگەڵ ئەو بۆچوونەی من تێدا بن کە جاری وایە هێندێ لە مروڤەکان شێوەی یەکێ لە گیانلەبەرەکانی دەدەن، هەروەك کافکا پێی وابوو تاقمێك لە ئینسانەکان وە قالۆنچەی دەچن. ئەوەی منیش زۆرم خۆ لێ دەپاراست، دەست فرۆشێك بوو کە زۆر وەك مشك دەچوو! هەڵبەت هەمووتان مشکو دیتووە و دەزانن چۆنە: ڕەش، چاوچنۆك، دەم و پۆزی هەمیشە خوساو و هاتوچۆیەکەی تێکەڵاوی شك و دوورە پەرێزی! زۆر سەیری چاو تێدەبڕم و زۆر جاران شتەکانی بە یەکێ دەسپارد و دواشم دەکەوت، کە ئاوڕم لێدەدایەوە بۆ وەی نەیبینم بە پەلە خۆی حەشار دەدا. وەبیر دەورانی منداڵی دەخستمەوە ئەودەم کە ئێمە دەگەڵ ماڵە حەوت مامەکانمان و دایەخانم لە حەسارە گەورەی مەحکەمەی شار بەیەکەوە دەژیان و مشك لەو ماڵانەی هێندە زۆر بوو کە تەواوی پشیلەی ئەو شارەش باشاریان نەدەکردن! هەرئەوەندەش خۆش بوو یەکێ لە ژنەکان چاوی بە مشکێك کەوتبا، قەڵەمبازی وایان لێدەدا کە بە

زەمانەت ئەگەر لە مەیدانی کێ بەر کێی هەڵاتن بان پلەی یەکەمینی دێناوە. بە تایبەت یەکێ لە ئامۆژنەکانم کە لە هەمووانیش بە خۆوەتر بوو و وەکی دی هەر بەسەر پەنجە مامی هەڵدەسووڕاند، زۆر وەبیر ترسانی فیل لە مشکی دەخستمەوە. بەڵام دایەخانم لە هەمووانی زیاتر ڕق لە مشك بوو نەك ئەوەی کە لێیان بترسێ، بەڵکو پێی وابوو کە قسە دێنن و دەبەن. ئاخر زۆر جاران حەسارە گەورە پڕ دەبوو لە مەعموور و هەموو وڵاتیان دەپشکنی و هەرجارە دوو سێیەك لە مامەکانمیان دەگەڵ خۆیان دەبرد و بۆیە هەموو جارێ کە شەوانە پیاوەکان لێك خڕدەبوونەوە بە هەمووانی دەسپارد سەبر قسە بکەن و ئیشارەی بە دار و دیوارە کون و ڕزیوەکان دەکرد کە مشکەکان خۆیان لێ گرتبوو هەمیشە خرتە خرتیان دەهات. ئەمن نەمدەزانی مشك چۆن دەتوانێ قسە بێنێ و بەرێ، بەڵام ئەمنیش وەك دایەخانم بەبێ وەی لێی بترسم خۆشم نەدەویستن. ئەو پیاوەی وەدواشم دەکەوت هەرچەند زۆری حەول دەدا بە دەسرۆکەکەی دەستی دەم و پوزی بشارێتەوە بەڵام چاوە چنۆکەکان و دوورە پەریزەکانی بۆ نەدەشاردراوە. لانی کەم لەکن من کە دەگەڵ مشکان گەورە ببووم. لەو بەری شەقام گەیشتمە نێو ماسی فرۆشەکان. بۆنی ماسی و باقو و ئاوێکی لیچق کە هەموو بەر دەرکی دوکانیی گرتبوو و ئیدی نەمزانی چۆن بوو کە هەردووك لاقم چووە حەوا و تەختی پشتم وەعەرزی کەوت و ماسی فرۆشەکان لە باتی هەموو شت دەستیان کرد بە قاقا لێدان. چاوم لە یەکیان مۆن کردەوە کە لە هەمووان زیاتر گەشکە ببوو و ددانە زێرەکانی پێشی هەموو وەدیار کەوتبوون. لەپڕ لە حاستە خۆم ویشك بووم، چۆن شتی وا دەبێ؟! کابراکە چاوی لەو ڕامانەی من ببوو برێك وەخۆ هاتەوە و دەستی کرد بە خڕکردنەوەی شتەکانم کە هەموو لەسەر عەرزی بڵاوبوونەوە. هەروا بەسەر سوڕمانەوە سەیری کابرام دەکرد و بەژن و باڵای درێژ و ددانە زێڕەکانی جێگای هیچ شکێکی بۆ نەهێشتبوومەوە، کە هات شتەکانم بداتەوە دەست بۆنەکەشی هەر ئەو بۆنە بوو کە چەند ساڵ لەمەوبەر بۆم هاتبوو! کابرای دەست فرۆش قووت ببۆوە نەیدەزانی بۆ واقم وڕماوە. چاوێکی دیکەم لە کابرا کرد و بەبێ ئەوەی کە هیچ بڵێم وەڕێ کەوتمەوە. لەبەر

بۆگەنیوی ماسی و ئاوێکی لیچق کە هەموو گیانمی تێوەردابوو پێم عەیب بوو تاکسی بگرم. بەفرێکی سوور دەستی کرد بەبارین و هەموو وڵات سوور هەڵگەڕا. کلۆ کلۆ خوێن بەسەرمدا دەباری و هەموو گیانم سوور داپۆشرابوو. دەنگی تەقینەوەی تۆپ و خومپارە ئەمانی نەدەدام و لە نێو ئەو هەموو بریندار و کوژراوەدا سەرم لێ شێوابوو. هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو کە لەنێو ئەو هەموو بریندارەدا خۆم گرتبۆوە باب ئاگای لە کوڕ نەمابوو، ژنێك کە مانگ و ڕۆژی خۆی بوو، کاسەی سەری هەڵگیرابوو و منداڵەکەی بە لایەکی زگیدا هاتبووە دەرێ، ژن و پیاوێکی پیر وا تێك هاڵابوون کە هەر لێك نەکرانەوە، کابرایەکی دیکە هەردووك لاقی پەڕیبوو و وەك کێچ هەڵدەبەزیوە. دوو منداڵ و.. دەیان دیمەنی دڵتەزێنی دیکە کە لە تەواوی ماوەی تەمەنمدا نەمدیبوو، لە پڕ لە نێو بریندارەکان کچێکی ئیمدادگەر سەرنجی ڕاکێشام کە خەریك بوو بە پەلە پەل لە نێو ئەو هەموو بریندارەدا دەهات و دەچوو و خەریکی دەرمانکردنی خەڵکی بوو و ئەوەی لەبەر دەستی بوو کابرایەکی درێژ بوو کە ڕیخۆڵەکانی هەمووی هاتبوونە دەرێ و چاوەکانی هەڵگەڕابوونەوە و ددانە زێڕەکانی پێشەوەی وەدیار کەوتبوو و بۆنی ماسی لێدەهات. ئەو هەروا خەریکی کاری خۆی بوو ئەمنی نەدەدیت داهاتمەوە و نەبزی دەستیم گرت، بە ئاستەم و دوو بەلا لێی دەدا و جارنا جارێك وەك مێوژی نێو ئاو دەلەرزی! کچەکە بە پەلە پەل زگیشی درووەوە و هەر لەوێ پەتوویەکیان پێدادا. لە ژووری مزگەوتەکە لەبەر بریندار جێگا نەمابوو ، لە حەساریش چەند کەسی دی خەریکی هەڵقەندنی قەبر بۆ مردووەکان بوون و دوو و سێ سێ لە قەبرەکانیان ڕوو دەکردن. هەر جارە یەکێك خۆی پێدادەدام و نەمزانی چ دەکەم لە پڕ چاوم بە دەست فرۆشەکە کەوتەوە کە لە نێو جەماوەرەکەدا لێم دەگەڕا و کە چاوی بە کچە ئیمدادگەرەکە کەوتەوە دیسان خستیەوە بەر چاودێری خۆی و وریا بوو دیسان ونی نەکاتەوە و ئەمنیش هەروا چاوم لە کچەکە بڕیبوو کە هەموو گیانی خوێناوی ببوو و لەسەر برینداریك ڕا دەچوونە سەر برینداریکی دیکە و دەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی ڕاوەستانی نەبوو و ئاگای لەوەش نەبڕابوو کە کابرای دەست فرۆش هەروا

چاوی لەسەرێتی، دەگەڵ وەش زوو دەیگوت هێندێ لە بوونەوەرەکان دەتوانن هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی پێك بێنن هەر بۆیە زۆر وشیار بن کە ئەو جەنازانە بە باشی تاقەت کرێن و چونکە بە تەواوی هەستی بەوە دەکرد کە مشکەکان لە دەور و بەری دێن و دەچن. چاوم پڕ ببوون لە ئاو پێم خۆش بوو کە چاوە شینەکانی ئاوبەندی شارم پێوە با و هەموو ئاوی ئاوبەندەکەش وەك دوو دڵۆپ فرمێسك لە چاوم هەڵوەریبا. تەزوو خەریك بوو لە پێست و ئێسکم کاری دەکرد بۆنی ماسی ئاوێکی لیچق کە هەموو گیانمی داگرتبوو دەگەڵ چڵپاوی خوێن و بەفر تێکەڵ ببۆوە و لە سەرمان وەك مێوژی نێو ئاو دەلەرزیم دەنێو تەقەی تۆپ و خومپارە و هات و هاواری خەڵکدا تێپەڕ دەبووم و بارستایی کابرای دەست فرۆشم لەسەر خۆم هەست دەکرد کە ئەویش ئیدی هیچ شکێکی لەوە نەمابوو کە ئەمنی ناسیوەتەوە ئاوڕێکم لێداوە هەر چاوێکی لەمن دەکرد و چاوێکی لە کچە ئیمدادگەرەکە و هەر چۆنێك بوو گەیشتمەوە ماڵێ و هەر لە ڕێوە خۆم دە حەمام هاویشت. هەر وا بە لیباسەوە خۆم وەبن ئاوە گەرمەکە دا و ماوەیەك چاوم لەسەر یەك دانا. شەوێ چایەکی تازەدێمم لە پێش خۆم دانا بوو و کتێبێکم بە دەستەوە بوو تازە دەهاتم بحەسێمەوە کە ماڵەکەم پڕ بوو لە چەند مێوانی بێ خەبەر! یەکیان دەم و لووتی خۆی هەڵبەستبوو بەڵام چاوە چنۆکەکان و دووره پەرێزێەکانی بۆ حەشار نەدرابوو و ئەوانی دیشم نەدەناسین بە هەموو ماڵێدا گەڕان جگە لە چەند کتێب و کوڵە کتێب و کوڵە پشتێك دەرمان چییان نەدیتەوە کەچی دیسانیش وەپێش خۆیان دام و دەگەڵ خۆیان بردیانم. ئەگەرچی بەیانی هەموو وڵاتم جارو کێشابوو بەڵام کن کتێبخانەکە دیسان پڕ ببۆوە لە گوو مشك! ئاخری نەمەزانی ئینگۆش دەگەڵ ئەو بڕوایەی من تێدا هەن یان نا کە جاری وا هەیە هێندێ لە مرۆڤەکان وە یەکێ لە گیانلەبەرەکانی دی دەچن؟!

١٣٨٠/١/٢

## ئەوان پەیکەرەکانیان بۆ سەماکردن دەویست

دەنگی پۆتینی بەکرێگیراوەکان جار دەگەڵ جار نزیکتر دەبوو و دەگەڵ ویش هەڕەشە و مەترسی تێکەڵاوی دڵە کوتەی بێ بڕانەوەی ئێمە دەبوو. دەورو بەرمان هەمووی سیمی خاردار بوو و ڕێگەی دەرباز بوونمان نەبوو. پێم خۆش بوو هەر بە دەستەکانم هەڵیان بڕم چونکە لە کاتی کایەی منداڵەکانم بە دەیان جار لاق و لەتەریانی هەڵبڕیبوو، بەڵام لەوکاتەدا کە تەنیا مەودای نێوان ئێمە و سەربازەکان بوو تەنیا شتێك بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت هێمنایەتی دەخستینە بەر. لەو شوێنەی لێی دەژیان هەر دەمێك کە سەربازەکان دەهاتن خۆمان دەمراند و وامان نیشان دەدا کە نەخۆش و کەرەلاین. بە تایبەت کچە گەنجەکانمان بە خاك و خۆڵ و قوڕ و چڵپاو وا دزێو و ناشیرن دەکرد کە هەر بێزیان نەیا چاویشیان لێکەن و سەرنجی سەربازەکان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن! و ئەمنیش هەر ئەو کارەم دەگەڵ توی و کچەکەی دیکەم دەکرد کە بۆ چارەڕەشیم هەر لە چاو تڕووکانێکدا وەك لاولاوە، شلك و نەمام بەژن و باڵاتان گرتبوو. سەربازەکان نزیکتر و نزیکتر

دەبوون و دڵەکوتەی ئێمەش زیاتر و زیاتر! وەبن پیلی خۆمم دابوون و بە قوڕە ڕەش و خۆڵ هیچ دەم و لووتم نەهێشتبوون. دەنگی هاچەرەکەمان گوێ لێ بوو کە لە قفڵە زەلامەکەی دەرکەکەدا سووڕا! دایك و منداڵەکانی دیکەش چی وا لەمە چاتر نەبوون. بۆنی میز و خۆڵ تێکەڵ بووە دیسان خوشکەکەت لە خۆی میستبوو. دەرگاکە بە پۆڵەپۆڵ کرایەوە و سەربازەکان وەژوور کەوتن. لە بنەوە خیسەیەکم لێ کردن، بۆگەنیوی ئارەقە و بۆ دڕنیان هەموو حەوشەکەی گرتبوو بۆ گنخاوی خۆشمان لە ئی وان خراتر. چاوەڕوانماینەوە بزانین ئەو جار لە چی دەگەڕێن؟! یەکیان دەستی لە پرچی یەکێ لە ژنەکان ناو کە چاوی بە ڕواڵەتی نالەباری کەوت لە عەرزی ڕاکێشاوە و سێ چوار قۆنداغە تفەنگی توندی لێ ڕاکێشا. لە ڕقان هەموو گیانم دەلەرزی و لە تاوان ئینگۆم زیاتر بە خۆمەوە کوشین. یەکیان دەستی بە باڵای یەکێ لە کچەکان داهێنا و وەپێش خۆی دا. دایکی ئەو کچە جاری پێشی کە ویستبووی کچەکەی دیکەی بستێنیتەوە کوژرابوو. و ئێستا کچەکەی بەبێ هیچ بەرەنگارێك وەك مردووان وەپێشیان کەوتبوو. کوڵی گریان لە ئەوکم گیرابوو، پێم خۆش بوو هەڵێم و لە باوەشمی گرم، بەڵام ئاخر ئەدی ئینگۆم چ لێکردبا؟ هەموو گیانو و دەلەرزی و وەها سارد ببوونەوە کە دەتگوت هەر قەت ڕوحیشتان لەبەردا نەبووە، بۆ وەی نەترسین زیاترم بە خۆمەوە کوشین. ژانە سەرەکەم دەستی پێکردبۆوە. ئێستا بۆنی واکسی پۆتینەکانیان لە بن لووتمان بوو. وەبیرم هاتەوە کاتێك داوام لێ کردن خۆتان لە قوڕی وەردەن هەر بەو قوڕە ڕەشە هێندە جوانت خۆ ڕازاندەوە کە دڵم نەدەهات پڕ بە چاوان تەماشات کەم و لێت توورە بووم و ئەتوش دڵت ئێشا سەبارەت بەوەی ئەوەندە خۆشییەشم پێ ڕەوا نەدیبوون. لەبیرمە پێم گوتی لێرە جوانی، چارە ڕەشییە و هۆی پێوە بوونت و ئەتوش دەتگوت، دەسکەوتەکە هەر یەکە و جوان و ناحەز وەك یەك تێدا دەچن لێرە هەموو شت هەر ناحەزە و کەس نییە لەسەر جوانییەکان وەدەنگ بێ و هەردەزانن سازمان کەن، ئەتو ڕاستت دەکرد و ئەمنیش وەك هەمیشە بەخۆم

داشکامەوە و لە تاوانت کزەم لەسەری جەرگ هات کە ئاوا بە دڵشکاوی باسی خۆت و جوانی خۆت دەکرد و ئێمەش هیچمان بۆ نەکردن! هەروا دەممان بە عەرزی وەنابوو و چاوەڕوان بووین هەرچی زووتر بڕۆن و لە کۆڵمان بنەوە. یەکێ لە سەربازەکان ڕاست لاقی لەسەر گوێزینگی لاقم دانا. وەخت بوو هەردووك چاوم بێتە دەرێ کەچی لە تاوی ئینگۆ لێوم وەبن ددانم دا و هەرچۆنێك بوو وستەم لەبەر نەهات، بەڵان کە دیتم هەروا دوا بەدوای مندا ئەو لەشە بۆگەنیو و قورسەی هاویشتە سەر لەشی ناسکی خوشکەکەت ئیدی بەبێ وەی بمەوێ سەری جەرگم وەژان هات و ناڵەیەکم لێ بڵیند بوو کە هەرچی کردم حەشاری دەم نەمتوانی. بە پەلە سووڕاوە، دەستی لە پرچم ناو و ڕاستی کردمەوە، ڕواڵەتی تێکقرماو و چڵکن و سووتاوم دزێوتر لەوەی بوو هەر چاویشم لێکا. سەری لە عەرزی کوتامەوە و سێ چوار قۆنداغە تفەنگی تێکوتام. بەڵام لە پڕ بەژن و باڵای وەك عەرعەری تۆ سەرنجی وی بۆ لای خۆی ڕاکێشا! لە کۆڵ من بۆوە و دەستی بۆ لای تۆ هێنا و لەسەرەخۆ وەری سووڕاندی. ئاگام لێ بوو هەموو گیانت دەلەرزی و سارد سارد ببوویەوە و بە یەکجاری بەژن و باڵای جوانت وەدەرکەوت. بە دووان بن پیلیان گرتی و خەریك بوو بە ڕاکێش ڕاکێش بتبەن، دەمزانی هەر بەڕاستی هێزی ئەژنۆت نییە، لەبەر چاوم خەریکبوون بەژن و باڵای زەرد و بێ تاقەتت لادەچوو، خوشکەکەت بە بێ دەنگ زاری هەڵپچڕیبوو و لە بنەوە چاوی لێ دەکردی و دەگریا و ئەمن هەروا زمانم شکابوو و نەمدەزانی چ دەکەم، وەبیرم هاتەوە کە پێت گوتبووم ناتوانین ئاگامان لێتان بێ، وەبیرم هاتەوە کە چەندت شایی بە جوانی خۆت بوو و بە داخ بووی کە لێرە هەموو شت هەر دەبێ ناحەز بێ و دەنا تووشی مەترسی و یەك بەخۆم نەڕاندم: ڕاوەستن و لە هەمان کاتیشدا وەك دڕندەیەك ڕاست بوومەوە و چنگ و ددانم نیشان دان. چاوێکی دیم لە تو کرد، چەشنی نا ئومێدی و بێ دەرەتانی لە سەر و سیمات دەباری کە لە تەواوی تەمەنتدا پێوەم نەدیبووی، چاوت لێ دەکردم و نەتەواوی ئەو ڕووداوانەی دەور و بەرت

بەلاتەوە گرینگ بوون. هەر دەتگوت لەوێش نەماوی، چاوەکانت وەبیر چاوی ئەو بووکە چینییانەی دەخستمەوە کە لە پشت شیشەی دووکانەکان ڕا بە دەیان جار بە منداڵی گرووت بۆ گرتبوون و نەمتوانیبوو بۆت دابین کەم. بەشەپێکی کە داهاتە دەم و لووتم هاتمەوە سەرەخۆم. خوشکەکەت بۆ لام هەڵات و باوەشی پێداگرتم هەستامەوە سەرپێ، ئیتر هیچ شتێك بەلامەوە گرینگ نەبوو جگە لەوەی کە ئەتوویان لێ بستینمەوە و لانی کەم بگەمەوە سەرت و هەتا دەمکوژن لە باوەشمت گرم. لەپڕ شاڵاوم بردە یەکێ لە سەربازەکان و خۆپێدادان و فڕاندنی چەکەکەی یەك بوو، بە هەموو دەماری خۆم دەم نەڕاند و گوولەم دەرژاندنە سەریان، ئەتویان بەردا و هەموو ڕژانە سەر من کە دەگەڵ خوشکەکەت خۆمان بۆ لای تۆ ڕادەپسکاند، ئەتوش باوەشت بۆ کردینەوە و ئەوەندەی توانات هەبوو بە لامان هەڵاتی و لەیەك ئاندا هەر سێکمان گەیشتینە کن یەکتر و کە دیتم هەردووکتان لە پەنا خۆمدا یەکتر و گردۆتەوە ئیتر هیچ غەمێکم نەما. ڕاست ڕاوەستا بووم و سەربازەکانم یەکە یەکە لە عەرزی ڕادەکێشا و ئەوانیش لە چوار لاڕا دەیانڕژاندە سەرمان کە لە پڕ گوللەم لێ بڕا! ئەمنیش هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو کە هەردووکتانم لە باوەش گرت و بەر لەوەی کە بگەنە سەرمان، لە شەقەی باڵانمان دا هەڵفڕین! ئیتر هیچ شتێکی ئەم جیهانە زەفەری پێ نەدەبردین و بەلامانەوە گرینگ نەبوو. چاومان لە ئاسمانی سەر سەرمان بوو کە پڕ بە تەواوی دنیا هێمنایەتی خەڵات کردبوون. سەربازەکان هەروا گوللەیان لە لەشی بێ گیانی مەدا بەتاڵ دەکرد و ئێمەش لەوسەرە ڕا گاڵتەمان پێدەکردین. لەسەر هەورەکان دابەزین و پشوویەکمان دا. خۆشترین و نەرمترین ئاوازێکی کە دەمزانی پڕ بە هەموو دنیا بۆم دەگوتن و ئەنگۆش بە پێکەنینەوە داوینو و بەدەستوو لێك کردبۆوە وێڕای باڵندەکان سەماتان لە دەوری دەکردم... تێر تەماشای بەژن و باڵای جوانتان نەدەبووم و قەتم ئەوەندە حەز بە هێمنایەتی نەکردبوو. بە تایبەت چاوەکانی تۆ سەرڕێژ لە هیوا و خۆشەویستی بوون، پێم وایە پەیکەرتاشێکی کە سازی کردبووین زیاتر

لـە هـەمـوو شتـێك لـە کـارەکـەیدا سەرنجی دابـوو بـە چـاوەکـانت و لـە نـێو کـارەکـانـیشیدا ئـێمـەی پـێ لـە هـەمـووان جوانـتـر بـوو کـە لـە پێش پێشەوەی کـارەکـانـی لـە پشت ویـتـرینـەکـەی دانـابـووین و بـە قـورمـیشێکـی کـە وەسەری خستبووین بـە دەوری خۆمـاندا بـە ئـاهـەنگێکی نەرم و خۆش دەسووڕاین، گوێم لێ بوو یەکێ لە کرێکارەکان دەیگوت: ئەو پەیکەرانەم دەوێ کە سەمامان بۆ بکەن!

# ڕەشە کوژی

شەوی خەنەبەندانە. شەو داوەت دەگەڕێ و کیژ و کوڕ هەموو ڕازاوە و بۆن خۆش خۆیان هەڵداوێن و باب ئاگای لە کوڕ نییە. شایەر بە ئۆرگێکی هەشت باندەوە دەیکوتی. ماڵە بووك و زاوا تێك داوێن و هەرجارە یەکێك سەرچۆپی دەگرێ لەپڕ لەناو هەرا هەرای شەوداوەتدا دەبێ بە تەقە. ئەویش نەجارێك و نەدوو جار و نەسێ جار! کەچی بووك و زاوا و هەموو میوانەکان هەر گوێشیان نابزوێ. تەنانەت زاوا چاوێکی لە بووك دەکا. دەڵێ وەك زەمانی قەدیمە کە تفەنگیان لەسەر بووك هەڵدەتۆقاند. بەڵام شۆخێکی ساکار نییە تەقەی تفەنگ جار دەگەڵ جار زیاتر و نزیکتر دەبێ سەگە بەڕەڵڵاکان لە دەرەوە هەست بە مەترسییێکی گەورە دەکەن و سەوەڕ پەیدا دەبێ. بەڵام لوورەلوور و سەوەڕیش چ شوێنێك لەسەر کەس دانانێ. و داوەت هەروا دەگەڕێ تەنانەت لە چەند جێگای گۆرانییەکەشی کە بۆ تێك خستنەوەی تێیدا مابۆوە لەباتی هەموو وشەیەك گوتی:

– تەق، تەق، تەق، تەق!

هێندێ لە میوانە سەرخۆشەکان بە دەنگی تەقەی تفەنگ جار و بار

ڕادەچڵەکین بەڵام ئەوانیش زۆر زوو لەنێو هەرا هەرای داوەتدا هەموو شت لە بیر دەکەنەوە. ئەوانەی لە گەڕی داوەتیشدا دەنگی گشتی ئۆرگ هەڵیان دەتەکێنێ ئاگایان لەوە نییە تەواوی کووچە و کۆڵانی شار خەریکە بە خوێن دەشورێتەوە. ژنەکان چاو لە جل و بەرگی یەکتر هەڵناگرن، هەر سەرەی لە ڕەنگێکە و هەر ڕەنگەی لە مودێك! تەنیا منداڵەکانن کە بە مەترسییەوە گوێیان هەڵخستووتە تەقەی تفەنگەکان کە لە نێو سەوەڕی دەرێ نەدەبڕایەوە...

لە نێو یەکێ لە کەلاوەکانی شار چەند لاو بە خوماری هەڵکوڕماون و خەو نووچکە دەیانباتەوە کە ئەوانیش تەقەی تفەنگ کە سەلە تۆپ و خومپارەش بارییانە بە لایانەوە گرینگ بوو و نەهێزیشیان هەبوو لە جێگای خۆیان ببزوون!

ورده ورده تەقەی تفەنگ کۆتایی هات. سەوەڕیش هەروەتر دیار بوو مەترسی وانیش بەسەرچوو بوو، بەڵام بە تەواوی کووچە و کۆڵانی شاردا کەلاك و جەنازە بڵاوبۆوە! چەند مەعموور کە هەموو دەستکێشەکانیان بە خوێن سوور هەڵگەڕابوو و پێش دەم و لووتیان هەڵبەستبوو، هەتا سەر چۆك چەکمەیان هەڵکێشابوو و خەریك بوو کەلاکەنیان دەپشت ئەو ماشێنە زەلامانە داویشت کە سەبر سەبرە بە دوایان دەهاتن. چەند چەکدارێکیشیان بە دواوە بوو کە بەرپرسی وەی بوون گوللەی خەلاس لەوانە دەن کە هێشتا زیندوو بوون! یەکێ لە مەعموورەکان دەڵێ چیدی گوللەیان لێ حەرام مەکە! کە ناشتمانن بۆ خۆیان تەواوی دەکەن. لەباتی وانە وشیار بن هیچمان لێ بەجێ نەمینێ و هەرچی بریندار و کوژراوە لە گۆڕێی لابەن. کەلاکەکان هەمووی خڕکرانەوە و دوا بەدوای واندا چەند ماشینی ئاتەش نیشانی گەورە هاتن و بێ وەی ئاژیر لێدەن هەموو شەقام و کۆڵانەکانیان شوتەوە، لەبەر شۆقی چرای ماشینەکان خوێناوێکی گەش دەدیترا کە بە هەموو جۆگەلەکانی قەراغ شەقامەکاندا دەڕژایە نێو ئاوەڕۆکان و جار دەگەڵ جار ڕوونتر و ڕوونتر دەبۆوە و سەرەنجام هەموو وڵات لە خوێن شۆراوە و لە چەند جێگا کە پڕیشکی خوێن پڕژابووە سەر دیوار ئەوانیشیان خاوێن کردەوە. لە دوایی کارەکاندا مەعموورەکان

دەسکێشەکانیشیان داوێنە سەر کەلاکەکان کە لیپاو و لیپن و بەر دەرکی سالۆنی هەڵپەڕکێدا دەڕۆن، ئەو دەمیش لەرە لەری کەلاکەکانی سەر ماشینەکان سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاناکێشی و شایەر هەروا بە ئورگێکی هەشت باندەوە دەکوتی و شەوداوەت هەروا لە نێو هەراهەرای میوانانیدا دەگەڕێ... لەبن کەلاوەیەکی نیوە ڕووخاودا چەند تۆلە سەگی خڕیلە دەمیان بە مەمکی دێڵە سەگێکەوە ناوە کە بە سێ گوللە شەلاڵی خوێن بووە و تۆپیوە. ئەوان لەبەر تاریکی شەو ئەو کەلاکەیان نەدۆزیبۆوە. دەنگی ساز و ئاوازی سالۆنی هەڵپەڕکێ لە دوورەوە هەر دێ و....

١٣٨٠/٦/٥

# هاتنە ژوور قەدەغەیە

ماوەیەك بوو دەتگوت شتێك لە دەماریدا دەبەستێ، دوایەش شەکەتێك زۆر دایدەگرت کە یەکێك ناشارەزا با دەیگوت چەند ڕۆژە یەك پشوو کاری کردووە، وەك شەق شەقی دەلەرزی و دوایەش حەزمینی لێ هەڵدەگیرا.

لەوەی کە دەفتەر چەکەی لەبیر چووبوو لە خۆی تووڕە بوو. ئەو هەمووە نەخۆشەی لە نۆرەی دکتۆریشدا چاوەڕوان بوون زیاتری ئازار دابوو و ئاگای لەوە بڕابوو کە مێردەکەی خەریك بوو نەخۆشییەکەی بۆ دکتۆر شی دەکردەوە. چاوی لە وێنەی ڕووبەڕووی بڕیبوو کە منداڵێك بوو لە جلوبەرگی پەرستیار و قامکی بۆ پاراستنی بێدەنگی لەسەر لێوی دانابوو و ئاخریش نەیزانی لەو شوێنە کە هەم دکتۆر دەبوو پرسیاری کردبا و هەم نەخۆش جوابی داباوە بێدەنگی چۆن پارێزرابا!؟ هەروا کە لەسەر تەختەکەی ڕایان کشاندبوو دکتۆر پاڵێکی بە زگییەوە نا و گوتی:

– دێشی؟!

دیسان ڕقی هەستاو بە تووڕەیی وەڵامی داوە:

– ئەگەر ئەمنیش ئاوا پاڵ بە زگی تۆوە نێم دێشی!

فشار گرتن و ئازمانیش نووسین و.. بۆ جاری چەندەم دووپاتە کراوە. ئەوانەی هیچ بەلاوە گرینگ نەبوو ئەو لە شوێنێك دەگەڕا پارو و نانێکی لێ خواردبا و پشوویەکی لێ دابا.

***

شوێن خەریکە لەبەر یەك دەکشێتەوە و یەکایەتی خۆی ناپارێزی. پێم خۆش نییە وابی، بەڵام ئاخر خۆتان و خودای خۆتان، پیاو بۆ نەخۆشییەکی چکۆڵەش دەبێ سێ شوێن لەبەر چاوی بگرێ: ماڵی دکتور و دەواخانە! شەقامەکان و ڕێچکەی جەماوەر و ئەو هەموو ڕووداوە سەیر و سەمەرانەی دەوروبەریش بە قوربانی چاوی خۆتان!

***

جوابی ئازمایش چ بوو نەیزانی، چونکە ئەو دەمەی خانمی بەرپرسی وەڵامدانەوەی ئازمایشەکان بە مێردەکەی دەگوت، وا چاترە جارێکی دی ئازمایش بکرێتەوە بەڵکو ئیشاڵڵا ئەو جارە هەڵەیان کردبێ، هۆشی هەر لای منداڵێکی ڕەنگ زەرد لاواز بوو کە تاقەتی لێ بڕابوو و خۆی هاویشتبووە سەر لاقی دایکی. وێك هات، دیسان وای هەست کرد شتێك لە دەماریدا دەیبەستی و دەست و لاقی سارد ببۆوە و دەلەرزی. وەبیری هاتەوە کە نەشەوی ڕابردوو نە لە خورینی هیچی نەخواردوە. دەو دەمەدا مێردەکەی هاتە تەنیشتی و زۆر لەسەرەخۆ گوتی:

– پێویستە جارێکی دیکە ئازمایش کریتەوە!

دوایەش زۆر لەسەرەخۆ بن پیلی گرت و ویستی لەسەر سەندەلییەکە داینیشێنی کە بە تووڕەیی دەستی مێردەکەی لەبن پیلی دەرکێشا و گوتی:

– دەکرێ هەر لە ئێستاوە دەوری مێردی ژن مردووم بۆ نەگێڕی، لەباتی وەی دەستم بگری بڕۆ شتێکی بینە بخۆم خەریکە لە برسان بەلادا دەکەوم. بۆنی

میزی نەخۆشەکان کە لە لیوانە یەك بار مەسرەفەکان کرابوو هەموو ژوورەکەی داگرتبوو و هێلنجی پێی دەهات بۆیە ئیدی هیچی نەگوت و بەبێ وازی ڕووی لە هەمووان وەرگێڕا کە خەریك بوون دیسان خوێنیان لێ دەگرت. تا ئەو دوو ساندویچەی مێردەکەی داویە بۆی هێنا خواردی، جوابی ئازمایشەکەیان داوە کەچی هەر بەو دوو سەعاتەش خراتر بوو. دەبوو هەرچی زووتره ببیەنە بیمارستان.

***

دوایە دەڵێن تایبەتمەندییەکانی چیرۆك نازانم، ئاخر چۆن باسی ئەو شەقامەتان بۆ نەکەم کە لای سەعات دەی بەیانی لە باتی هەر کەسە لەسەر کاری خۆی بێ، لەبەر ڕێچکەی بێکاران جمەی دێ کە بەبێ هیچ مەبەستێك دەخولێنەوە. ئەو ژن و مێردە لادێییەش زۆر خوێن شیرنن کە هەر ماشینێك دێ دەستی لێ هەڵدێنن و پێیان وایە هەموو ماشینێك هەر تاکسییە! دەستیان لە قارەمانی چیرۆکی منیش هەڵینا، ئەوانیش خەریك بوون ملی ڕێگایان دەگرت و دەڕۆیشتن، بەڵام کە زانییان ئەوانیش دەچنە بیمارستان چاوێکیان لێك کرد و ڕاوەستان. ژن و مێردەکە زۆر سەیر خۆیان لە ماشینەکە هاویشت و لە هەمان کاتیشدا کابرا پێی گوتن:

– هەر ڕۆژە چوار تەگەرێك ساز دەکەن. ماشین بۆ سواربوونە بابم بۆ ڕای ناگرن؟

ئەو قسەشیان بەر لە سڵاو گوت. یان چۆن باسی ئەو ماتۆرەتان بۆ نەکەم کە خەریك بوو بە ویراژکێشان خۆی بە ماشینەکەیان دادا و هەروا بە سووك و ئاسانی چیرۆکەکەمان دوایی پێ هاتبا. ئاخر لەوانە بوو هیچیان لەو نێوە دا دەر نەچووبان. لەبەر ئینگۆ نەبا کە چیرۆکەکەم دەخوێننەوە و دەتانەوێ بزانن نەخۆشی قارەمانەکەم چییە و سەرەنجام چی لێ بەسەردێ، هەموو شتم وەلا دەنا و دوای ئەو مۆتۆر سوارە دەکەوتم کە دوا بەدوای ماشینێکی پۆلیس بە

ئـاژیـر لـێدان هـەرای دەكـردنـێ و بـۆتـانم ڕوون دەكردەوە چ بـاسە؟ لـەوانـەیـە قـاچـاغـچـی بـن یـان مـوزاحـیـمـی خـەڵكی بـووبـن، یـان لـەوانـەشە خـەریکی بڵاوكردنەوەی ئیعلامییە بن! بەڵام نا ئەوەیان كەمتر وێ دەچێ، پێم وایە ئەوڕۆ غەمی نان هەموو شتێكی لەبیر خەڵكی بردۆتەوە. دەڵێن سیاسەت ئی خەڵكی تێرە.

***

بۆنی ڕیخ و دووكەڵی سیغار و نەفتالینی بن سندووقی لادێ ماشینەكەی پڕ كردبوو. كابرای لادێ بە سەرنجدان بە هیچ شتێك دەستی هـاویشتبووە سەر شانی مێردەكەی و پەیتا پەیتا بە دەنگی بڵێند قسەی دەكرد. ئـاخری ژنەكەی لێی وەدەنگ هـات و گوتی:

– دە بێدەنگ بە ماڵت بەقوڕێ نەگیرێ. نەدت دیتووە ماشین لێدەخوڕێ؟ خۆ ئەوەش هەچەچە نییە بۆ خۆی سەری بەرداتەوە و بڕوا!

ژن و مێردە لادێییەكە هەردووك بێدەنگ بوون بەڵام مێردەكەی وی لە قاقای پێكەنینی دا و لە ئـاوێنەی ماشینەكەی ڕا چاوی لە كابرا كرد و كوتی:

– ئاگات لێیە مامە گیان دەو دواییيەیدا بوومە هەچەچە؟!

چەند نیگابـان لەبەر دەركی ڕاڕەوی بیمـارستـان ڕاوەستـاون و نـایەڵن جگە لە نەخۆش و تاقە كەسێك دەگەڵیان، كەس بچیتە ژوورێ. ئەو هەمووە نەخۆش و بریندار و سووتـاوە وێكی هێنا و دیسان وای هەست كرد شتێك خەریكە لە دەمـاریـدا دەیـبـەستـی. بـەڵام تـونـدتـر لـە جـارەكـانـی پێشوو، بـە چـەشنێك كە لاقەكانی بە زەحمەت لە دووی دەهـاتن. ڕقی لەو ژنەش هەستا كە خۆی سووتـاندبوو. لەبەر خۆیەوە گوتی سەتی لەوە خراتر هەن و خۆشیـان نـاكوژن، لەبەر منداڵەكانیان یان لە چاوەڕوانییەكانیان كەم دەكەنەوە. دوایەش بە تانەوە لەخۆی پرسی: یانی دەتەوێ بڵێی ئەو بەستەزمانە منداڵەكانی خۆش نەویستووە یان چاوەڕوانی زۆر بووبێ؟! ئەو جار ئیدی بە ڕاستی لاقەكانی لە

دووی نەدەهاتن و دەیزانی کە بۆخۆی ناڕوا. جار و بار کە وەخۆ دەهاتەوە، چراکانی بن میچی ڕاڕەوی نەخۆشخانەی دەدیت کە هەڵدەبن و دەکوژانەوە و بە پەلە بەجێی دەهێشتن و ئیتر بەر لەوەی کە بزانی بۆ کوێ دەڕوا بە یەکجاری ئاگای لەخۆی بڕا.

***

باس لە فەلسەفەی مان و نەمان شتێك نییە هەروا سووك و ئاسان لەبیر خۆمانی بەرینەوە. لەم شوێنەی نەخۆشەکان لێی خڕ دەبنەوە و ئێمە پێی دەڵێین بیمارستان، فەلسەفەی ژیان و مردن بە تەواوی هەموو شتێکی ئەم جیهانەی وەبن خۆی دەدا و بۆچوونێکی واوەتر لەم جیهانە بۆ ئینسان پێك دێنێ و تەنانەت قەڵەمبازێکە بۆ دنیایەکی نەناسراوی دیکە. ئەرێ بڵێی لەو کاتەدا کە نەخۆش لەسەر ئەم تەختە ڕاکشاوە و بەرەو شوێنێکی نادیار دەچێ و خەریکە وردە وردە لە بیرەوە دەچێ، بیر لەوە دەکاتەوە بۆ کوێ دەچێ؟ ئەز قەزا قارەمانی چیرۆکی من بیری لەوە کردەوە. بەڵام بەر لەوەی کە وەڵامێکم بداتەوە و ئەمنیش بۆ ئینگۆی بگێڕمەوە، ئەویش لەبیرەوە چوو. پێم وایە لەسەر وەڕا کە نزیکەی دوو حەوتووش دەبێ خەوێکی تەواو دای نەگرتووە، ئەم پشوودانە بۆ وی لە هەموو شتێك باشتر بێ و ئەوەشتان لێ ناشارمەوە کە پێتان بڵێم، پێم وایە ئەم بیرانەی لەسەر تەختی نەخۆشخانە، لە قەیرانیترین کاتی نەخۆشدا بە مێشکی دادێ لاوازتر لەوەیە کە تەنانەت بتوانێ بە کاری کەس بێ و ئەگەر دەست بدا کە نەخۆش بگەڕێتەوە سەر دنیا و چابێتەوە هەر لەسەر تەختی نەخۆشخانە بە جێیان دێڵێ.

نەمزانی قارەمانەکەم چی لێ بەسەرهات چونکە نەیان هێشت تەنانەت مێردەکەشی دەگەڵی بچێتە ژوورێ. هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو کە پێش وەی بیبەنە ژوورێ وەك بەدەیان کەس کوتابییان هەموو گیانی ڕەش و شین هەڵگەڕا و بە زاریشیدا خوێن دەهات، بۆ خۆشی دەتگوت لە خەوێکی قورس و خۆشدایە و ئاگای لەو هەموو مەترسییەی مێردەکەی نەبوو کە دکتۆر پێی

گوتبوو: خودا بۆ خۆی دەبێ ڕەحمی پێ بکا! دوامین شتێکی چاوم پێی کەوت ئەوە بوو کە مێردەکەی بۆ دابینکردنی ئەو دەرمانەی کە دوکتۆر پێی ئەسپاردبوو وا هەڵاتە خوارێ کە هەرچی بە دوایدا هەڵاتم نەمگرتەوە و لە نێو هاتوچوی جەماوەریش نەخۆش و دوکتۆر و پەرستیاردا لێم ون بوو. ئینگۆش پێتان وانەبێ چونکە لەو دەمەیدا پێویستی بە پووڵێکی بەر چاو بو و دەبوو هەرچی زووتر ماشینەکەی فرۆشتبا بە ئانقەست ونم کرد!

سەعات یەکی نیوەشەوە و زۆر ماندووم. بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو ئارەزووی چڕ و دووکەڵی سیغاری مێردەکەم دەکەم.

کابرایەك برێك خوارەوەترم خەریك بوو سیغاری دەکێشا، چوومە پێش و داوای شەمچەیەکم لێ کرد. تازە وەبیرم هاتەوە کە سیغاریشم پێی نییە دوو سێ جار چاوم لە نێو کیفەکەم کرد، کابرا لێم حاڵی بوو کە سیغاریشم پێ نییە بۆیە سیغارێکیشی دا دەستم. زۆر بە ئیشتیا دامگیرساند، بەڵام هێشتا مژی هەوەڵینم لێ نەدابوو کە کۆخە کۆخم تەواوی ڕاڕەوی «ئینتزار»ی داگرت. نیگابانی بەر دەرکی ڕاڕەو کە زۆر بە ناقایلی دەرکەی کردەوە و دەگەڵ وەی کە داوای لێ کردم بڕۆمە دەرێ، نووسراوەکەی سەر دیواری نیشان دام کە نووسرابوو: سغار کێشان قەدەغەیە! ئەوی دیشی هەر بە دوو مندا وەدەر نا. لە پشت دەرکەکەی ڕاوەستابووم کە ژنێك بەجل و بەرگێکی قوڕاوییە وە منداڵێکی بێ حاڵی هێنا و بەپەلە خۆی لە ژوورێ ڕاکرد! دیار بوو لە کوورەخانەی ڕا هاتوون. بەدوایدا هەڵاتم تا بزانم چبووە؟ چونکە وەکی بیستبووم لەوێ لە منداڵی شەش حەوتساڵانە ڕا کار دەکەن هەتا پیرێژن و پیرە پیاوی بە ساڵدا چوو. کەچی کابرای نیگابان پێشی پێگرتم و دەرکەکەی داخستەوە. دوایەش لە شیشە چکۆلەکەی بەر دەستی سەری دەرێنا و گوتی:

– هەر ئێستا زەنگ لێدەدەم پۆلیس بێ و لێرەت بەرێتە دەرێ! نازانم ئەتو شێتی، بێکاری، ماڵ و حاڵت نییە بەو نیوە شەوەی لێرە هەر خۆت بەولا و ئەولا دا دەدەی؟

ڕاستییەکەتان دەویٚ ماندوو بووم لەو تاریفانەی سەبارەت بە «چیرۆك» لە دەریٚ ڕا پێمان داسەپاوە و بۆ خۆیان لە مێژە وەلایان ناون. خەتای من نییە کێشەی داستانەکەم بیٚ ئەوەی بۆخۆم بمەویٚ هەردیٚ و زیاتر لەبەر یەك دەکشێتەوە و ڕووداوێکی تازە دیٚ و خۆی بەسەر ڕووداوێکی دیدا دەکێشیٚ! بۆیە دوای هەڕەشەی کابرای نیگابانیش نەگەڕامەوە. ئاخر هەر نەبیٚ دەبوو بمزانیبا قارەمانی چیرۆکەکەم چی لیٚ بەسەردیٚ و دەژی یان ناژی و ئینگۆ لە چاوەڕوانی بێنمەوە دەریٚ. جگە لەوەش نیگابانی بەر دەرکەکە کە زیاتر لە هەمووان سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو! دەمەویست بزانم دیتنی ئەو هەموو ڕووداوەی بەشەو و بەڕۆژ لەو شوێنە بەسەری دادەهات چۆن ئینسانێکی لیٚ ساز کردووە. ڕەنگە بۆخۆی کۆنە کتێبێك بی، ئەلبەت ئەگەر شتێکی دیم بەسەر دا نەیا!

هەر وای لێهات، بەر لەوەی کە بتوانم سەبارەت بە نیگابانەکە شتێك حاڵی بم پۆلیسی ١١٠ گەیشتە سەرم و قۆڵ بەستی کردم و بە تاوانی خۆتێوەردان لە کاری ئەوو ئەودا ڕایان گوێستمە زیندان و ئێستا لەنێو دیوێکی ڕەش و چڵکندا چەند زیندانی ژنی مۆن و چڵکن چاویان تیٚ بڕیوم. یەکیٚ لەوان یەکم تیٚ دەسریوێنیٚ:

– ها! چت لیٚ قەوماوە، قاچاغ، دزی، یان پیاویان لەسەر گرتووی؟

زۆر بیٚ چاو و ڕوویانە چاوی تیٚ بڕیوم. هاڵاوی زاری ئازارم دەدا. ئەوی دی لەولاڕا هەڵیدایە:

– ویٚ ناچی لەو عوزرانەی هەبی. ویٚ ناچیٚ قەت ڕێی لە جێی واش کەوتبیٚ. دوایەش کردیانە فشە یەکیان بالنجێکی پێدادام و بە پێکەنینەوە گوتی:

– زۆر بەخێرێی میوانی ئازیز بمانبوورە ناتوانین بە باشی پەزیراییت لیٚ بکەین!

دوایەش لە قاقای پێکەنینیان دا! یەکی دی لەو لا ڕا چەپۆکێکی گەیاندمیٚ و گوتی:

– ئاخر سەرت نایەشی پریچکەی بۆ لێ هەڵدەبەستی؟ ئارەزووی ئێرەت دەکرد، فەرموو دانیشە قابیلی تۆی نییە!

سەرم دێشی و شتێك خەریك بوو لە دەمارمدا دەیبەست! شەکەتی و تووڕەیییەکی زۆر دای گرتبووم و ئیدی نەمزانی چۆن ئامبازیان بووم و کردمە هەرا! ئەوانیش بە چواران تێم بەربوون خۆری شور کوتایانم....

هەموو گیانم ڕەش و شین هەڵگەڕاوە. بەزارمدا خوێن دێتە خوارێ و لەبن ڕانم گەرمای خوێنم هەست دەکەم. چراکانی بن میچی ڕاڕەوی نەخۆشخانە هەڵدەبن و دەکوژێنەوە و بە پەلە پەل بەجێم دێڵن. خەریکە وردە وردە لە بیرەوە دەچم. ئینگۆش بمبوورن کە نەمتوانی چیرۆکەکەم تەواوکەم بە دواشم مەیەن چونکە بێ فایدەیە، ئاخر ئەگەر سەرنجتان دابێتی لەسەر ئەو دەرکەیەی ئەمنتان بردە ژووری وی نووسراوە:

هاتنە ژوور قەدەغەیە!...

١٣٨٢/٨/٩

## لەبەر دەرکی نهۆمی یەکەم

تەشتە ئاوەکەی بە هانکە هانك هێنا سەرێ و دایکی لە دەستی ئەستاند. لە نهۆمی پێنجەم ڕا کە دەستیان کردبوو بە خاوێنکردنەوە تازە گەیشتبوونە نهۆمی سێهەم. کچەکەی کە دەوروبەری دوازدە ساڵ دەبوو بە ماندوویی گوتی:

– پشتم شکا دایە! زۆرمان ماوە؟

– هێندە نییە ڕۆڵە گیان، ئەلحان تەواو دەبین.

ڕاڕەوەکانی بلۆکەکە هەمووی بەردی مەڕمەڕ بوو و لەبەر دەرکی هەر واحیدەش سێ چوار جووت کەوش داکەندرابوو. ئەوانیشی هەموو پەڕۆ لێ دان و جووتی کردن. بۆوەی لە کارەکەی ڕازی بن کە تازەی وەگیر کەوتبوو جارێکی دیکەش بە هەموو ولاتدا هاتەوە. دەو دەمەدا دەرکی یەکێ لە واحیدەکان کراوە و خانمێك دوو چای زەردی لەسەر کەشەفێك دایە دەستی:

– دەست و چاوت خۆش بی خانم گیان زەحمەتی بۆ دەکێشی؟ ئەگە هەتانە برێکم ڕۆژنامەی خاوێن دەیە ئەو شیشانەی پێ بسترم!

خانمەکەش چوو برێکی ڕۆژنامە بۆ هێنا. لەسەر یەکێ لە پلیکانەکان دانیشت و کچەکەی دەگەڵ خواردنەوەی چایەکەیان چاوی لە وێنەی دوو منداڵ بوو کە لە ڕۆژنامەکەدا لە پەنا ئاورێکی توند بەتۆی تاقە گیرێکی کون کونەوە خەریکی کار بوون و هەموو گیانیان بە ئارەقە شورابۆوە. خەریك بوو نووسراوەکەی ژێر وێنەکەی دەخوێندەوە: کار بۆ منداڵانی ژێر پازدە ساڵ... کە دایکی پڕی دا ڕۆژنامەکە و گوتی:

– خیرابە ڕۆڵەگیان ناگەینێ.

کارەکەیان بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت، بەڵام ژانە پشتەکەی تازە دەستی پێکردبوو. هەروا کە خەریکی ئەسترینی دوامین شیشەی نهۆمی یەکەم بوون، دەنگە دەنگی دوو منداڵ لەو بەری واحیدی ژمارە یەك ڕا سەرنجیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا:

ئەمن بردمەوە، سێ دەنکە میوەکەم خوارد و شیرەکەشم تەواو کرد!

– دەی جا ئەمن جوانترم خوارد. چاو هەموو لیباسەکانت پیس کردووە شازەمان خانم لێت توورە دەبێ!

– نەخێریش. ئەوی ڕۆژێش لە میوانی هەموو گیانم بوو بە کاکائو، دایکشم هیچی نەگوت.

– ئەها هێندەت قسە کرد هەتا بووکەکانمان لەخەو هەستان...

لەبنەوە چاوێکی لە کچەکەی کرد کە تەواوی سەرنجی لە لای کایەی منداڵەکان بوو و لەو دەمەیدا کە باسی خواردەمەنی دەکرا بە تەواوی قوت دەبۆوە. کزەی لەسەری جەرگی هات و دەستی کرد بە پەلەکردن بۆ وەی زوو لەوێ بڕۆن. دەنگی منداڵەکان هەروا دەهات:

– ئەو ملوانکە جوانەت لە کوێ بوو؟

– ئەوێ ڕۆژێ چونکە نومرەکانی کارنامەکەم هەمووی بیست بوو دایکم بۆی کریم– دەڵێن ئەو شتانەی بۆیان داناوین خۆ هەموومان پێ ناخورێ. بۆ وەی نەزانن، وەرە با هەمووی لە سەتڵێکی کەین و بیدەین بەو دادەیە بیبا فڕێی دا!

– دەی باشە زووکە هەتا دایکم نەهاتوتەوە!

دەنگی تەپە، تەپ و هاتوچۆی منداڵەکان هات کە دیار بوو خەریکن خواردەمەنییەکان لە شتێکی کەن تا بیدەن بە دادەی.

زانییان هەر ئێستا منداڵەکان دەرکەی دەکەنەوە و خۆراکییەکانیان دەدەنە دەستیان. بۆیە سەرەڕای تەواو بوونی کارەکەیان لەوێ چاوەڕوان مانەوە، بەڵام وێدەچوو منداڵەکان لەبەر کایە و بەدفەڕی لە بیریان چووبێتەوە شتەکان بدەنە دەستیان. بۆیە دادە چاوێکی لە کچەکەی داگرت و لە دەرکەی دا:

– ڕۆڵە گیان زبڵەکانم دەنێ بیبەم بیڕێژم، درەنگە دەڕۆمەوە!

منداڵەکان دڵیان لەخۆ بۆوە. کەلێنێکیان دا بە دەرکە و هەردووك سەریان هێنا دەرێ! بە پێکەنینەوە سەتڵێکیان دایە دەست دادەی کە لە بنەکەیدا چەند نانە قەیسی وشك و بە یەکترەوە نووسابوون! جلوبەرگێکی ساکاریان دەبەر دابوو و هەر یەکەی کونە بووکێکی تاناکورایان بە دەستەوە بوو. دادە سەرێکی لە ژوورێ ڕوکرد لەو خواردەمەنییانەی باسیان کردبوو هیچ لە گۆڕێ نەبوو و دوایەش لێی پرسین:

– ئەدی کوا شازەمان خانم لە ماڵێ نییە؟

منداڵەکان دیسان دەستیان کردەوە بە پێکەنین و بووکێکی شڕی دیکەیان هێنا کە بڕێك لەوانی دی گەورەتر بوو:

– ئەوەتا شازەمان خانم! سەبر بە با لە خەو هەڵنەستێ!

دادە بە پێکەنینەوە چەپۆکێکی سەبری گەیاندنێ و گوتی:

– ئەدی دایکوو لە کوێیە؟ لە ماڵێ نییە؟

– خۆ ئێرە ماڵی مە نییە! دایکم چووە لە بازاڕ شتی بۆ شازەمان خانم بکڕێ.

لەسەرەخۆ دەرکەکەی داخستەوە. دەستێکی بە پشتی داهێنا و دەستە چکۆڵەکانی کچەکەی گرت کە وەك بووزووی لێ هاتبوو.

هەروا کە بەرەو ماڵ دەبۆوە گوتی:

– هەر ئێستا دەچینەوە شۆربا و باینجانێکت بۆ لێدەنێم قامکەکانی خۆتی دەگەڵ بخۆی!

لە پشت دەرکی واحیدی ژمارە یەك لە نوهۆمی یەکەمدا دەنگە دەنگی منداڵەکان هەروا دەهات کە بەهەنیسکان سەریان هەڵدەقەندرا! شازەمان خانم وەخەبەر هاتبوو بەسەریاندا دەیبۆڵاند. ئەوان لەبەر کایەکردن هیچ کارێکیان پێ نەکرابوو.

## قەتالەیەك پڕ لە خۆشەویستی و ئیتر كۆتایی چیرۆك

ڕووداوەكە هەروا بە ساكاری دەستی پێكرد: ڕێژنە بارانێك وای دادا كە هەموو كەس تەنیا لە بیری سەرپەنایەك بوو خۆی تێڕاكا! «باران» گەیشتبووە بەر دەركە و چاوەڕوان بوو دەركەی لێ بكەنەوە. لەو دەمەدا لاوێكی جوان چاك، لە حاڵێكدا هەموو گیانی خووسابوو ، خۆی هاویشتە سەر پلیكانەكەی بەردەركی «باران» و كە وەخۆ هاتەوە ڕووبەڕووی كیژێكی ڕووح سووك ڕاوەستابوو و ئەوەندەی لێ نزیك بوو كە مەوداكەیان بە ماچێك پڕ دەبۆوە. هەر ئەوەندە بوو بە سەرەتای ئاشنابوونێكی ئەویندارانە كە دەڕۆیشت تا دەورێكی گرنگ لە چارەنووسی باراندا بگێڕێ.

قەتاڵەیەكی چكۆڵە و گوڵێكی سوور كە هەموو ڕۆژێ بۆی دێناو تەواوی خۆشەویستی و حەسرەتی تێكەڵ بوونەوەی دەگەڵ خۆی بۆ دێنا و ڕۆژی زەماوەندیان یەكەم شت كە لە پێشەوەی ماشینی بووكی بۆ ماڵی هاوبەش ڕاگوێزرا، قەتاڵەیەك پڕ لە خۆشەویستی و گوڵی سوور كە هەروەك خۆی

هەڵگیرابوو و بۆ باران بارتەقای هەموو دنیا بە نرخ بوو. هەر چەند کە دەرگای بنەماڵەی گەورەی باران لەسەر کەس دانەدەخرا، بەڵام دەرگای دڵی گەورەی تا ئێستا بەسەر کەسدا نەکرابۆوە و چەندە ئەویندارانە لێیان دابوو و چەندە بە دڵ کردبوویەوە.. بێ وەی لەوە بترسێ کە لەوانەیە هێندێك ئەوینێکی وەها زیندوو و ڕاستەقینە دەگەڵ هێندێك کەرەسەی بێ گیان و بێ بایەخ لە دوو کەفەی یەك تەرازوو نێن و هەروا بە ساکاری هەموو بەڵێنەکانی ئەویندارانەی لەبیر بباتەوە... باران هەموو سەروەت و سامانی ماڵە بابی بەجێهێشت، چونکە دەیزانی چۆن بەسەر ئەرزان بایترین کەرەسەکاندا وا بباریێ چەقەرەیان پێی بدا و گرانبایترین کەرەسەکانیش تۆزی نەشکێنن. کەچی لە قاقرە دەشتی ئامرازە بێ گیانەکان، هەموو تەقەڵای باران و هەور و هەڵای چاوەکانی کە هەموو ڕۆژێ بەسەریدا دەیباراند، بێ ئاکام ماوە. قەتاڵەی گوڵی سوور بە تەواوی ئیشك ببوو و هەموو ڕۆژێ لە لاق و لەتەری ڕۆ دەچوو و هیچ گیانی نەدەهێشت. لە ماڵەکەی دڕك و دروو نەبا شین نەدەبوو کە تێکەڵاوی بە تەنییەکەشی دەبوو کانیاوەکانی دەروونیشی هەڵدەچۆڕاند.

چاوی لە ئاسمانی ژیانی هاوبەشیان هەڵنەدەگرت و بۆ ڕێژنە بارانێك کە بەسەریاندا بباریێ و بیستانەکەی بە یەکجاری لێ ئیشك نەبێ: چۆکی دادەدا و هەردووك دەستی بەرەو ئاسمان هەڵدێنا و خودای ئەوین و خۆشەویستی بۆ کۆشکی دڵدارییەکەی بانگهێشتن دەکرد تا جێگایەکی پێ پڕکاتەوە کە بڕیار بوو ئەو کەسە پڕی کاتەوە کە تەواوی حەز و خۆشەویستی خۆی لە ئێوارەیەکی بارانیدا پێشکەش کردبوو.. ئاگای لێ بوو خەریك بوو دەبوو بە دڕك وداڵ، یادی بۆنی باران و شۆڕابەی هەورەکان و ڕێژنە بارانێك بوو کە سەر لەبەیانی دەرکی ماڵێی بەو تەمایە پێ کردەوە کە ئیتر قەت نەگەڕێتەوە. دەڕۆیشت و ئاوڕی لە دەعباکانی ماڵی نەداوە کە ڕۆژێ هەزار جار لە خوێنیان دێنا و

برینداریان دەکرد و بە تەواوی بارینیان لە بیر بردبۆوە گەیشتەوە باغ و بێستانەکەی پەنا ماڵەکەیان کە لە چوار وەرزی ساڵدا شین بوو. ڕێژنە بارانێك وای دادا کە تارمایی و توونیایەتی تەواوی ئەو ماوەیەی لەسەرڕادا. پێدەکەنی، دەسووڕا، باوەشی بەرەو ئاسمان کردبۆوە و چاوی بە باران دەشوراوە. لە دەوران دەوری داوێنی کە بە دەستی کردبوویەوە، قاش قاشەی سوور شین بوو. دوای وەی باران بە تەواوی خاوێنی کردەوە، بە پێکەنین بەرەو ماڵە بابی هەڵاتەوە. هەموو گیانی خووسابوو و چاوەڕوان ماوە تا دەرگای لێ بکەنەوە. دەرگای گەورەی ماڵە بابی بە ڕووی هەموو کەسدا دەکرایەوە....

ئەوەی بڕیار بوو هەموو ئەوینی خۆی بکاتە گوڵێك و لەسەری دا، بەر لە کۆتایی چیرۆکەکە لە بن ڕێژنە بارانێکی یەکدەست خۆی گەیاندەوە بە دەرگاکەیان، بەڵام لەسەر پلیکانەکان کەس چاوەڕوانی نەبوو. «باران» کۆتایی هاتبوو... ڕووداوەکە هەروا بە ئاسانی کۆتایی پێ هات...

١٣٨٣/٣/٢

# هەزاران جووتە چاو...

هەتا دێمە ژوورەکەت سەرم لێ دەشێوێ. دەزانم ئەتوش چی وا لە من چاتر نی، بە تایبەت کە دێمە ڕووبەڕووت نازانم چۆن سەرم هەڵبڕم، هەتا خۆم دەگرمەوە بە مینگە مینگ و.. جاری واشە ڕقم لە تۆ هەڵدەستێ، دێمە ژوورەکەت و وەك ژنێکی ڕوو هەڵماڵاو برێك دەبوڵێنم و داویە خۆت تێناگەینم و بە شاتە شات دەڕۆمەوە دەرێ. ئیدی نازانی دوای وەی دەچمە دەرێ چ حاڵێکم هەیە. دەزانم کە دەبێ یارمەتیت بدەم، ئاگام لێت بێ، وەدوات کەوم و ئاواتەکانت وەدی بێنم... بەڵام ئەتوش ئینساف بدە، لە نێو ئەو قەفەسە بەر تەسکەی تێیدا دەژین و هەرچەند دەکەی بە دانیشتنەوە جێگامان نابێ، جووتێك باڵت وەخۆت ختسووە و هەردووك لاقت بۆ هەڵفڕین چەقاندووە! هێندەم بۆ ئەولا و ئەولای هەڵفڕاندووی و لە دار و دیوارم کوتاوی هیچ گیانم نەهێشتووی، هەموو پەڕ و باڵت هەڵوەریوە، بریندار بووی ئازار دراوی، نەك نەم توانیوە بە جێگەیەکت بگەینم... ئەمن لە هەموو ئەوانە نارەحەتم و ئەتوش لەمن و ئەمنیش لەتۆ... دەزانی

ئـاواتـەکـانت نـە لـە قـەرا قـەڵافـەتـی خـۆتـە و نـە لـە قـەرا بـاڵای مـەڵبـەنـدە وێرانەکەت. ئـاخر بۆخۆت پێم بڵێ چ بکەم. دەزانی لە کەنگیوە بە دواتدا هـەڵدێم؟ لـەبیرتـە جارێك دۆستێکیشم ئـەوەی لـێ پرسیم و گوتـی: نـازانم چۆن دەگەڵ وە کە نابیسی لە هاواردا دەژی؟ کەچی ئەودەمیش ڕقت هـەستا و بـە تووڕەیی گوتت:

– ئەدی چۆنە ئەوانەی دەبیسن بە دەنگمەوە نایەن؟ ئەوانە گۆیا دەبیسن و لە بێدەنگیدا دەژین، ئەمن ناتوانم ئاوا بم!

بۆیە هـەرچی دەمـەوێ لـەبـەر تۆیـە، ئـەتو دەتـەوێ، ئـەتو هـانم دەدەی و لـە ڕاستیدا ئـەتو هـەدانـادەی و دەست هـەڵناگری! بـەڵام لانی کـەم ئـەوەندەم پـێ دەکرا لـەبـەر چـاوت لاچم یان بتبـەمـەوە دیوەکـەی خـۆم کـە شـەواو شـەو نـەبی ڕووی تـێ نـاکـەم. دوای ئـەو کـارەش تـەواوی بیر و هـۆشم هـەر لـە لای تۆیـە، دیسانیش ئاوا چاترە، نازانی ئەو چاوانەت چم دەگەڵ دەکا؟ دەڵێم بۆ چـەند شـەوان جێگا و بـانـەکـەشم لـە دیوەکـەت بێنمـە دەرێ بـا بۆخـۆت بڕێك بـە تـەنـێ بی بزانی لـەو کـاتـانـەدا کـە بـە تـەواوی بیرت لـەمن دەبڕێتـەوە چ دەکێشم؟ هـەر دەزانی وە دوای خـۆت و ئـارەزووەکـانت کـەوی، لـەبیرتـە ئـەوێ جـارێ کـە ژنێك وەك شێتان وە خـەیـابـانـان کـەوتبوو بـە دەنگی بڵێند قسـەی دەکرد، پێت چەقاند و کوتت دەبێ وەدوای کەوین بزانین دەڵێ چی؟ چوار قورنەی ئەو شارەمان کرد کەچی نە ژنەکە ماندوو دەبوو و نە ئەتوش دەستت هـەڵدەگرت. ئـەو بـاسی سـەری مـار و مێرووی دەکرد:

خـۆشی، نـاخـۆشی، شەڕ و کـێشە، دەربـەدەری و بـرسیـەتـی و.. ئـەمـن دەگریام و ئەتوش وەك شێتانت لێ هاتبوو و هـەرچی داوام لێ دەکردی تا بگەڕێینەوە بە قسەت نەدەکردم و لەو دەمەدا بوو کە ژنەکە زانی وەدوای وی کـەوتووین، لێمان وەرسووڕاوە و وەدوامان کـەوت و بـە گـاشـە بـەردان هیچ گیانی نەهێشتین و تەواوی منداڵی ئەو شارەشمان وەدواکەوت و

هەتا نەجاتیمان بوو بە حاڵێ... بۆیە دەڵێم دەگەڵت پێوە بووم، کاری ئاوا دەکەی. یان جارەکەی دیت لە بیرە کە لە نێو تەقە و هەرایەکدا کە باب ئاگای لە کوڕ نەمابوو، دەهاتین و دەچووین و بە پەلە پەل خەڵکمان دەرمان دەکرد چت کرد؟ وەك شێتان دەستت دا قۆڵە دارێك و دەگەیشتیە هەر چەکدارێکی، یەکت لەسەری ڕادەکێشا و چەکەکەت لە دەستی دەردێنا و لە پاشان قووڵکەیەکت هەڵقەندبوو و چەکانت لەوێ داویشت؟ ئیدی بەردووك لا ڕژانە سەرت و هەتا توانیم دەربازت کەم وەك بێژینگیان لێ کردین؟ یان ئەوێ جارەکەی کە کابرایەك هەر لە نێوەڕاستی خەیابانی وەرگەڕا ژنەکەی، ئەتوش دیسان وەك شێتان ئامبازی کابرای بووی و هەتا لێکمان کردنەوە هیچ سەر و گوێلاکی یەکتریو نەهێشت و عالەم قاقا پێتان پێدەکەنین. چونکە بۆخۆت بەو کارانە ڕازی هیچ ناڵێم و بۆ هەموو جێگایەك بە دواتدا دێم و ئەتوش بۆ بەدبەختی من بە سەر لێواری دیوار دا نەبێ ناڕۆی، کەچی دیسانیش هەر ناقایلی و پێت قەرزدار دەمێنمەوە و هێندە بە تەشەرەوە چاوم لێ دەکەی کە هەر ناوێرم چاویشت لێ بکەم، ئێستاش کە دیوەکەمان جوێ کردۆتەوە بارستایی ئەو چاوانەت هەر دەگەڵمە و پێم خۆشە بێمەوە لات و هەموو ئەو نارەحەتیانەم تەنیا لەبەر خۆشەویستیتە و ئەتوش ئەوەی دەزانی بۆیە دەردم دەدەیێ. بۆ کورت کردنەوەی ئەو شەوانەی بە نا بەدڵ لێت هەڵبڕاوم ڕوو دە کتێبەکانم دەکەم و کەچی لە وشە بەوشە و ڕستە بە ڕستەدا دەتبینمەوە. دەڵێی هەموو نووسەرەکانی دنیا دەتناسن و هەریەکە بە جۆرێکت باس دەکەن! دەگەڵ دڵە کوتە و مەترسییەکانی «ژان کریستف»دا هەی: وێڕای «ئانت» لە چەنگ بیرە کۆنەکان دەرباز دەبێ و بۆ وەی لەسەر لاقی ڕاوەستێ یارمەتی دەدەی، دەگەڵ بەرزە فڕییەکانی «ماژلان» دەکەوێ و لەسەر ئەقیانووسە بێ بنەکاندا یارمەتی پیرە مێردی ماسیگر دەدەی کە ڕاوەکەی بگەینێتە جێ و دەگەڵ قوربانییە یەهودییەکانی شەڕێ دەچییە نێو گۆڕە

ئادەم سۆزەکان و تەنانەت هەموو شەویش تا ڕۆژ دەگەڵ مادام بواری مل لە ئارسیك خواردنەوە دەنێی و دەگەڵ قارەمانەکانی شادکامانی دەورەی قەرەسوودا دێی و دەچی و... لێرەش دەست هەڵناگری و نایهێڵی پشوویەك بدەم، بۆیە پێم گوتی:

– خۆزگەی دەمردی و جارێکی دی بە جۆرێکی دی لە دایك دەبوویەوە!!

کەچی بە دڵنیاییەوە پێت گوتم:

– ئەگەر بۆی هەبێ دوای مردنم، جارێکی دی لە دایك بمەوە، پێم خۆشە هەر لەو وڵاتە و لەو ڕواڵەتەدا بێمەوە سەر دنیا و هەر ئەو ژیانە تێپەڕ کەمەوە، دەگەڵ ژیان و ئازاری خاك و خەڵکەکەمدا بژێمەوە، بە بێ وەی ئیزن بدەم داینی سەرکێشی ژیان هەوساری چارەنووسم بە دەستەوە گرێ!

دوایەش دوامین هاواری قارەمانی کتێبی کاپووت کە نووسیومەتەوە لە پەنا کتێبخانەکەم داوە نیشانم دەدەی و بۆ دەخوێنیوە:

– «ئەمن ئێستاش هەم، هەر زیندووم و زیندوو دەمێنمەوە...»

دوایەش لێم دەپرسی:

– ئەدی ئەوانە کێ دەیاننووسیتەوە و دەیانکاتە مەلەکەی زەینم؟ گوێت لە دەنگی شڵپ و هۆڕی ئەو شەپۆلانە دەبێ؟ پێت وایە کێ وای لێ کردووم؟ چەندت ئەمن دەگەڵ پێنسەد قارەمانی شەڕ و ئاشتی «تولستۆی» دا، هێنا و برد تا ئاوام لێ هات و ئاراو قارات لێ هەڵگرتم؟!

دوایەش بە تووڕەیی دەچوویەوە دیوەکەی خۆت و ئیتر هەرچی حەوڵ دەدەم دەگەڵم ئاشت نابییەوە. حەقە! ئەتو ڕاست دەکەی! بڕوام پێ بکە ئەوەندە بە شەونخوونییەکان و ئازارەکانی خۆمەوە کە هەزار دەردی لابەلایان بۆ پێك هێناوم نارەحەت نیم حەوت ئەوەندەی کە بێ تۆوە نارەحەتم. بەو بێدەنگییەت لەو دواییەتدا کە لە هەموو هاوارەکانت

بەرزترە، وەك شێتانم لێ دێ. بۆیە بە بێ ئیزنی خۆت هاتمە ژوورەکەت و کە دیتم بە هەموو ڕەنگەکانی دنیا خەریکی هەموو دنیا لەسەر تابلۆکەت دەکێشیوە زۆرم پێی خۆش بوو، پێت خۆش نەبوو سەر هەڵبڕی و چاوم لێکەی، ئارەقەت کردبوو و دەگەڵ تەپ و تۆزێك کە لەسەرت نیشتبوو تێ کەڵ ببوو هیچ دەموچاوت نەمابوو کەچی ئەوەشت بەلاوە گرینگ نەبوو سەرەڕای ئەو هەمووە پاك و خاوێنییەت! بۆیە دەستم دا دەسرەیەك و هاتم نێو چاوانت خاوێن کەمەوە، هەردووکمان بێدەنگ بووین و فرمێسکمان لە چاویدا قەتیس مابوو ئیتر نەمزانی لە پڕ چۆن لە دەستم بەربوویەوە بۆیە هەزار کوت و واتێك چرژای و شکای هەر دەتکوت قەت ساغ نەبووی ئەمنیش چۆکەکانم نووشتاوە، بە هەردووك دەست بەسەری خۆم دادا هەتا خڕم کردیەوە هەموو دەست و پلم لە خوێن هات. ئەمن کە لە بەرامبەر جووتە چاوێکتدا خۆم نەدەگرت ئێستا نازانم لە بەرامبەر ئەو هەموو چاوانەت کە لە هەر کوتی ئاوێنەکەدا زەق لێم ڕاماوە چ بکەم؟؟

١٣٨٣/٣/١٦

## چرا سەوزو سوورەکان

لە گەرمان هۆشم لە خۆم برابوو، سەرنجم لە لای هەتاوێکی بتاوین بوو کە هەنگاو بە هەنگاو دەگەڵم بوو و ئیتر نەمزانی چۆن بوو کە هەردووك لاقم چووە حەوا و تەپڵەی سەرم وەعەرزی کەوت و خوێن بە لاجانگمدا هاتە خوارێ. خۆم گەیاندە ئورژانس و سەریان بۆ هەڵبستمەوە. هێشتا چەند هەنگاوێك نەڕۆیشتبووم کە دوو کەس وەك کارگ لە پەنام هەڵتۆقین و بە ڕاکێش ڕاکێش بردمیانە شوێنێك کە بریتی بوو لە دووێکی سێ دەرسی مێزێك و دوو سەندەلی کە یەکیان ئەمنی لەسەر بوو و ئەوەی تریشیان کەسێك بوو کە بە تووڕەیی لێم هەستا حەوا و گوتی:

– سەرت نایەشی پریچکەی لێ هەڵدەبەستی؟!

هەرچی داد و هاوارم کرد کە بە ڕاستی سەرم شکاوە و برینەکەم نیشان دا بێ سوود بوو و سەرەنجام بەوەم لە کۆڵ بوونەوە کە ئەوجار ئەگەر سەریشم شکا و لەگەڵ ژانە سەر هەردووك چاویشم هاتە دەرێ پریچکەی لێ هەڵنەبەستم! دوایەش پریچکەکەیان بە پچڕپچڕ لەسەرم کردەوە و

فڕێیان دامەوە دەرێ! کە دەهاتم بڕۆم کابرایەکم دیت کە دیاربوو سەری زۆر دێشی چونکە شەش حەوت گەڕی پریچکەیەکی زەلامی لەسەری هالاندبوو و وەك سەوەتەی لەسەر سەری ڕاوەستابوو!

تازە لێم حالی بوو کە بە تەواوی کووچە و کولانی شاردا پیستە موز بەر بۆتەوە. هێندێك لەوانەی لە پێشەوە بوون موزیان زۆر پێ خۆش بوو، هەر دەیان خوارد و پێستەکەیان فڕێ دەدا سەر ولاتی! هەر لاق بوو دەچووە حەوا و هەر تەپڵە سەر بوو کە وەعەرزی دەکەوت، بەلام کەمتر دەیان وێرا سەریان هەڵبەستن دیار بوو ئەوانیش دەیانزانی ژانە سەر و پریچکە هەڵبەستن قەدەغە کراوە. بەلام ئەوانەی بە ژانە سەر تووڕە دەبوون بۆوەی خەڵك بەرنەبنەوە، هەر بۆخۆیان ڕێگایەکیان دیاری کردبوو کە بە هەموو کووچە و کۆلانی شاردا دەگەڕا و لەسەر هەمووشیان چرا سەوز و سوورەکانیان دامەزراندبوو بۆ ئەوەی پێیان بڵێن کەنگی ئیزنی ڕۆیشتنیان هەیە و کەنگی دەبێ ڕاوەستن! سورعەتی موجازیش لەسەر هەموو شەقامە ڕێگاکاندا نووسرابوو. ئەوانەی کە هەموو ئەو شتانەیان لەبەر چاو دەگرت و چراکان کە سوور دەبوون ڕادەوەستان و سەوز کە دەبوونەوە دەڕۆیشتن، بۆ خۆشیان نەیان دەزانی بۆ کوێ دەچن، چونکە ڕێگاکان بۆ خۆیان دیارییان نەکردبوو، هەر پێشیان خۆش نەبوو بزانن دەچنە کوێ، تەنیا یەك شت بەلای وانەوە گرینگ بوو ئەویش ئەوە بوو کە بەرنەبنەوە و خودای نەکردە ژانەسەر نەگرن. ئی واش بوو هەر نەیدەوێرا ببزوێ و پێی بە عەرزیوە چەقیبوو. ئێمەش دەگەڵ تاقمێکی دی هەر وەسەر پیستە مۆزەکان دەپەڕین و سەرمان وەژان دەهات و پریچکەمان لێ هەڵدەبەست و دەیان بردینەوە ئەو شوێنەی کە دوو سەندەلی و مێزێکی لێ بوو کە یەکیان ئی مە بوو یەکیان ئی ئەو کەسەی هەموو جارێ بەسەرماندا دەی نەڕاند:

سەرت نایەشێ پریچکەی لێ هەڵمەبەستە!

ئاخ... دیسان بەر بوومەوە! دەست پێکردنەوەی ژانە سەر و چاو داگرتنی چرا سەوز و سوورەکان و دیاریکردنی سورعەتی موجاز و مانەوە لەسەر چەقی دوو ڕێیەك و چنگە فڕکەیەکی غەماوی دەگێژاوی ڕێگایەکدا کە لە هەمووی پیستە مۆز بەربۆتەوە و... نەبڕانەوەی ئەم شەقامە چیرۆکە!

١٣٨٣/٧/٢

## ئەگەر هەموو دنیاش بدەم...

لەژووریٚ لەسەر موبلە ڕاحەتییەکە ڕاکشاوم و خەریکە وردەوردە خەویٚکی خۆش دامدەگریٚ. لاقەکانم هاویٚشتوتە سەر دەسکی موبلەکە و بە تەواوی خۆم پان کردۆتەوە. نەهاریٚکی تیٚر و تەسەل کە چۆنییەتی خۆراکییەکانم لەژیٚر چاوەدیٚری کارناسی خواردەمەنی ماڵی بۆم دیاری کراوە. سەوداکەی دویٚنیٚ کردم بە تەواوی کەیفم پیٚ ساز بووە کە ڕۆژیٚك بیٚ بایەخی ئیمزاکەم ئاوا براوتە سەریٚ! ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنیٚ بەو ئیمزایەمی ناگۆڕمەوە! چەندیشم منەت لەسەر کرد و دوای وەی کە چەکەکەم بە ئیمزاکراوی لە گیرفانم نا چەندەم بۆلاند کە بیٚ وەخت هاتووە. ساڵۆنەکە لە سیٚ لاڕا بە پەنجەرەی گەورەی سیٚ تایی روو بە باغیٚکی گەورە و دەریا دەکریٚتەوە و هەمووی پەردەی ئەتڵەسی ئاودامیٚن لیٚ هەڵاوەسراوە، لە هەموو لایەکڕا کە تەماشای دەکەی بە ئەنواعی کەرەسەی گرانبایی پڕکراوەتەوە کە هەر یەکەی لە وڵاتیٚك ڕا کە بە سەفەر چووبووین کڕدراون و فەرشەکانم دەستکردی کرمانین کە نیٚوبانگیٚکی جیهانییان هەیە. هیٚندەش بەربڵاو و گەورەیە کە هەشت دەست موبلی

سەڵتەنەتی دوازدە نەفەرەی هەر پێوە دیار نییە... لوسترەکان کە لەسەر پلیکانە دارەکانڕا هەڵاوەسراون دەبێ سێ کەس باوەشی بۆ بکاتەوە تا بتوانن دەورێکی بگرن لەو ساڵۆنە گەورەیە بە دوو لاڕا بە چەندین ریز پلیکانی دار کە هەمووی گوێزی مەراغەیە دەچێتەوە سەر بەشێکی دیکەی ئەم کۆشکە ویلاییەی کە لە کەنار دەریا هەڵکەوتووە و دیاری ڕاستکردنەوەی کاری یەکێ لەو خەلافکارانەیە کە تا ملان چووبوو دەقوڕێوە و ئەمن نەبام بە گیان و بە ماڵ تێدا دەچوو... بە ئەو با فێنکەی لەلای دەریا ڕا دێ و بێدەنگیێك کە هەموو هاتوو و چوو و هەراهەرای شوێنی کارەکەی لەبیر بردوومەتەوە و خەریکە وردەوردە خەوێکی خۆش دامدەگرێ. خاو بوومەتەوە و چاوەکانم قورس بوون و... ١٢٣٤٥٦٧٨٩١٠..٨٩٩٠٩١٩٢٩٣٩٤٩٥٩٦٩٧٩٨٩٩١٠٠. هەر ئێستا خەوێکی خۆ...ش دام دەگ ....رێ و سەرەن....جام خەوم لێ دەکەوێ....

ئەها! دیسان تکەتکەی ئاوی باران بە شیشەکاندا هاتە خوارێ! یان ئەوە ئی شیرەکەی ئاشپەزخانەیە لەوبەری... ئاخ مەگەر چ فەرقێکی هەیە؟! دیسان پێی ڕاست بوومەتەوە و ئیدی هیچ کارێك نەماوە بۆ نیو سەعات خەو نەیکەم!... لێوانە ئاوەکەی هەڵدەگرم و بە هەموو دەماری خۆم لە دیواری ڕادەکێشم دەنگی شکانی لەوەندەی دیم دەکا... سبەینێ دەچم و بە گۆڕی بابی دکتۆرەکەم دا دەڕێنم! نەدەرمانەکانی هەوە و نە ئەو ڕێگا چارەسەرییەی فێری کردووم. چەندەشم بە گران لەسەر حیساب دەکا، ئیزنی درێژە پێدان بە دەرسەکەی لە بەشی فەوقی تەخەسوسیدا!! پێی وایە هەروا بە خۆڕایی ئیمزا لەبن کاغەزی کەس دەدەم!؟ سەعاتی سەر دیوارەکەم کە پاندولەکەی فریشتەیەکی کریستاڵە لە دەوری خۆیدا دەسووڕێ، یەکی نیوە شەو نیشان دەدا، کەچی هێشتا خەوم لێ نەکەوتووە! نازانم ئەدی بۆچی ئەو دکتۆرەی خارجەش دەیگوت بە هێنانە بەرچاوی ئەو شتانەی خۆشم دەوێن، لە شوێنێکی کە پێم خۆشە، بە بژاردنی ١٠٠بەرەو خوارێ، تا دەگاتە خەوم لێدەکەوێ، چ ماوە حیسابی کەم! بلووکە بیست تەبەقەکانم لە تاران،

زەوی و مووچە و مەزراکانم، ئاژەڵدارییە بێ وێنەکەم، ئەو ویلایەی لە دوبەیی بۆ سەفەری زستانانم کڕیوە، ئەو هەمووە ژنە جوانەی لەوێ بەدەورەم دادێن، ئەو کیژە چاردە ساڵەی تازەم لە خۆم مارە کردووە، دەرچوونی منداڵەکانم لە باشترین ڕشتەکانی زانستگاکە دوایە نەیان توانی بخوێنن، وەرگرتنی مەدرەکەکانیان بە خۆڕایی، پەڕاندنەوەی کوڕەکانم لە سەربازی و دامەزراندنی هەمووان لەسەر کارە بەرچاو و گرینگەکاندا... ئیدی چی وای نەماوە ئیمزای وانیش وە نرخ کەوی. ئەدی لە قوڕێ نانی ئەوانەی خۆشم ناوێن... چوزانم هەرچی پێم خۆشە کردوومە و وەبیر خۆمی دێنمەوە، ئەدی کوا بۆ خەوم لێ ناکەوێ... خۆ خێریش زۆر دەکەم هەموو ساڵی چوار پێنج جوانەگا ویکڕا دەکەمە قوربانی! خەون بە مەلاییکە و پیاو چاکانیشەوە دەبینم، ئەو ساڵ دوای ئەوەی خەلیفە هات و گوتی لە خەونمدا مەولوودیت کردووە و نوورت لەسەری هەستاوە، هاوکات لە چوار هوتێلی شاردا مەولوودیم گرت، ئەدی کوا؟ لە هەر یەکەی لانی کەم یەك میلیۆنم چوو، بە پاژنوێژێك پێنج میلیۆن خێر! ئاخر کێ خێری وای کردووە؟؟ نازانم... نازانم وەختە شێت بم، ئاخر لەبەر چی خەوم لێ ناکەوێ؟؟ لەبەر چی؟! یان بە تکەی ئاوی یان بە دەنگی سریلکەی یان بە سووڕانی پاندۆڵی سەعاتەکەم!! یان بە هەناسەی نەرمی ژنە تازەکەم، ئەویشم لە دیوەکەم وەدەر ناوە! کەچی نازانم نازانم ئاخر کێ شتی وایدیوە و بیستووە کە چکۆڵەترین دەنگێك نەهێڵێ ئینسان بنووێ؟ ئاخر لێرە شوێن بێدەنگتر کوێیە؟ خەتای منە دەچمە کن ئەو دوکتورە بەکارنەهاتووانە. جا چۆن بە بژاردن لە سەت ڕا و گەیشتنەوە بە ژێر سیفر، ئینسان خەوی لێ دەکەوێ؟ ئەوانە نازانن ئەمن بگەمەوە ژێر سیفر چ دەقەومێ؟؟؟

نازانم نازانم هەر ئەوەندە دەزانم سەعات بۆتە سێ و نیوی شەو و ئەمن هێشتا وەخەبەرم و تازە خەویشم لێ ناکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو دنیاش بدەم... ئەگەر هەموو دنیاش بدەم!

١٣٨٣/٩/٥

# جەحەندەمی سارد

دەنگی بانگی ئێواریێ ڕام دەچڵەکێنێ دەڵێی هەزار ساڵە دەگەڵ ئەو بانگە دەژیم. لەوبەری دەلاقەکەڕا چاوم لێ دەکا و دەڕوا و ئەمنیش وەك جارەکانی دیکە چاوەڕوان دەمێنمەوە. تەواوی بیر و هۆشمان لەسەر یەکە. لەوەتا کەوتووینە کن یەك ئەوە کاری مەیە. ڕەنگە بۆ وی زۆر ناخۆش بێ کە ناچارە ڕۆژی سەد جار بمبینێ و لەوەی کە لەوانەیە جاری دوایە نەمبینێتەوە بترسی! چەندە ئەو چاوانەی ئازارم دەدەن، لەویش زیاتر بێدەنگییەکەی. پێم خۆشە قسان بکا، کەچی لەوەتا کەوتووینەتە کن یەك، نەچاوم لەسەر هەڵدەگرێ و نەقسەیەکم لەگەڵ دەکا. قەتیش نەم دیوە بگری یان پێبکەنێ. ئاخر لەو شوێنەی کە مەوداکەی چەند میتر دەبێ و نابێ و جگە لە دەرکەیەکی ئاسن و دەلاقەیەکی چکۆڵەی نەردەریزکراو بە بوونی قفل و ژەنگ و ئاڵقەریزەوە چی لێ بەدی ناکرێ، بەچی پێبکەنێ؟ دێتەوە بەر دەلاقەکە و چاوێکم لێ دەکاو دەڕوا. هەستی قوشمەییم دەبزوێ! دایکم دەڵێ سڵاو سوننەتە و جوابدانەوەی فەرز. بۆوەی وەقسەی

بینم هەردووك دەستم هەڵدێنم و سڵاوی لێ دەكەم و دەڵێم فەرموو! كەچی نەفەرزی خوڵای بەجێ دێنێ و نە هیچ دەڵێ. بارستایی ئەو بێدەنگییە جار دەگەڵ جار زیاترم قورسایی لەسەر دەكا. زگم بە خۆشم و بە ویش دەسووتێ. ئەو هەر وا لە كاتی خۆیدا دێ و دەڕوا و ئەمن هەروا لەو بێدەنگییە لە ئازار دام و دەمەوێ وە قسەی بینم... ڕەنگە ئەو لە من نارەحەتتر بێ، ئاخر ئێمە جاروبارە دەگەڕێین، كەس و كارمان بە لامانەوە دێن، بەڵام ئەو چارەڕەشە بە تەواوی بێرەوە بەستراوەتەوە. دایكیشم زگی پێی دەسووتێ و لەو شتانەی بۆم دێنی بەشی دەدا، ئەویش وەریان دەگرێ بەڵام نائینسانە ئەودەمیش زمانی بۆ سپاسێكی ناقابیل هەڵناپچڕێ! زۆر سەیرە نازانم بۆ پێم خۆشە بزانم ئەگەر وەقسەدێ دەڵێ چی؟ بڵێی ئەویش پێی خۆش نەبێ بزانی ئەمن بۆ لێرەم و دەڵێم چی و چ كارەم؟ و ئێستا بۆ كەوتووینەتە كن یەك كە مەوداكەمان تەنیا دەركەیەكی ئاسن و دەلاقەیەكی چكۆڵەی نەردە ریزكراوە، بە بوونی قفڵ و ژەنگ و ئاڵقەریزەوە... ئەمن بۆ خۆم دەزانم ئەو بۆ لێرەیە، ڕەنگە ئەویش بزانی ئەمن بۆ لێرەم، بۆیە هیچ ناڵێ. ئەرێ چووزانم، لەوانەشە هەر پێی خۆش نەبێ بزانێ! هەر چیكە دەزانم هەردووكمان سەرمان لێ شێواوە و ئێستا ئیدی هیچمان نازانین كە كێهەمان زیندانین و كێهەمان زیندانبان؟ تەنانەت ئەو دەمانەی بۆ هەوا خۆریش دەچینە حەساری، نازانین كێهەمان ئەوەی دی دەگەڵ خۆی دەبا بۆ حەساری. چونكە هەردووكمان ئاگامان لە یەكترییە و كەلەبچەكەش لە دەستی هەردووكماندایە. حەسارەكەش بۆ هەردووكمان وەك یەكە: دیوارێكی قەڵش قەڵشی سمیت كراوی بڵیندە كە بەوەش ڕانەوەستاون و دەوران دەور، كەلاف كەلاف سیمی خارداریان تێ ئالاندووە و دەیان توورەكەی ڕەشی چڵكن كە بە هەوای ئەو شوێنە سەما دەكەن، پێوەی گرفتار هاتوون. كەلەبچەكەش كە لە حەساری دەكرێتەوە جاری وایە بە دەست منەوە جاری واشە بە دەست

ئێوە. تەنیا جیاوازێکی هەمانە ئەوەیە کە هاچەرەکەی بە دەست ئێوە. پێم خۆشە ئەویش لە باتی وەی لە قوژبنێکی حەساری هەڵکورمێ و خۆی لەبەر تاوەکە هەڵخا وەك من هەڵێ. لەوانەیە ئەویش لاقی بێشی و دوایەش ناتوانێ بێ و بچێ، ئاخر ئەویش هەر ئەوەندە دەتوانێ لێرە بمێنێتەوە کە من لێرەم و ئەمنیش هەر ئەوەندە دەتوانم لێرە بمێنمەوە کە ئەو لێرەیە... بانگی دەکەم و هانی دەدەم کە هەڵێ، دیسان هەروا چاوم لێ دەکا و هیچ ناڵێ. دەنگی لێ هەڵدێنم و دیسان پێی دەڵێم:

– شەرت بێ هەتا وەقسەت نەهێنم، دەستت لێ هەڵنەگرم!

دوایش دوو سێ جاری دیکە بە دەوری سەکۆ سمیتەکەدا هەڵدێم کە تایبەت بەو حەسارەو سەمای جار و بارەی ئەو کەسانەیە کە وەسەری دەکەون! بانگی ئێوارێ ڕام دەچڵەکێنی! دەڵێ هەزار ساڵە دەگەڵ ئەو بانگە دەژیم... چووینەتەوە ژوورێ، یەك لەوبەری دەرکەو ئەویدیش لەوبەری دەرکەکە، بە دەلاقەیەکی چکۆڵەی نەردەریزکراوو بوونی قفڵ و ژەنگ و ئاڵقەریزەوە... ئەو هەروا قسە ناکا و ئەمن هەروا دەمەوێ وەقسەی بێنم و دەنگی بانگی ئێوارێ هەروا رامدەچڵەکێنێ و... ئەو هەروا لەوبەری دەرکەکەوە بە بوونی قفڵ و ژەنگ و ئاڵقەریزەوە دێ و دەچێ... داخودا ئەویش وەك من چەند هەزار جاری ئەو هەشت مووزاییکەی بەرپێی بژاردووە؟

– ئەرێ دەڵێم ئەتو هەتا چەندت بژاردووە؟ ئەو مووزاییکانە دەڵێم!

دوایەش بە دەست مووزاییکەکانی نیشان دەدەم. هیچ ناڵێ، تەنانەت یەك وشە! رقم هەڵدەستێ و سێ چوار مست و پێلاقەی توند بە دەرکە دادەدەم و بە دەنگی توند بە سەریدا دەقیژێنم:

– خۆ ئەتو کەڕولاڵ نی، خۆ وەحشی نی، دە قسەیەکی بکە ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ! لانی کەم پێم بڵێ بۆ لێرەم؟ یان ئەوەی لە خۆم، پرسە، قسە

بکە قسە! لەبەر خۆت دەڵێم با شێت نەبی بەدبەخت!

دەنگم بڕێك دێنمەوە خوارێ و بە کوڵێ گریانەوە دەڵێم:

– خودا غەزەب لە وانە گری زیندان و زیندانی و زیندابانیان دانا، ئاخر ئەوان بیریان لەوە نەکردبۆوە لەوانەیە یەکێك وەك من پەیدا بێ کە زگی بەوی ئەوبەری دەرکە ئاسنەکە بسووتێ و ڕۆژێك لەو شوێنە دەری پەڕێنێ؟ بەڵام ئەو دەمیش هەر وەك خۆیەتی، ئەتو دێیە ئەوبەری دەرکە و ئەمن دەچمە ئەوبەری دەرکەکە بە بوونی قفڵ و ژەنگ و ئاڵقەریزەوە و زیندا و زیندانی و زیندانبان هەر لە سەر جێگای خۆی ماوەتەوە. ئەوان، ئەوانەی لە دەرێ ڕا چاودێریمان دەکەن هیچیان لە دەست نەداوە بەڵام ئەمن و ئەتو دۆڕاندوومانە، قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە فەرقی من و تۆ لە چیدایە؟ بۆ خۆمان پێمان وایە فەرقمان هەیە، لە ڕاستیدا پێکەوەیان بەستووینەوە، بۆ ئەوەی هەردووکمان لەبەر دەست خۆیاندا بین، ئەتۆش وەك من ناتوانی لە قسەیان دەرچی. بۆیە زگم بە تۆو بە خۆم دەسووتێ و ئەتۆش ئەوەندەت لێ حاڵی بووە کە هەردووکمان زیندانین و لەهەمان کاتیشدا هەردووکمان زیندانبانین! ئەمن لێرە نەدەبووم ئەگەر ئەتۆ لێرە نەبای و ئەتۆش لێرە نەدەبووی ئەگەر ئەمن لێرە نەبام! دەنگم هەڵدینمەوە:

– مەوداکەمان تەنیا ئەو دەرکە سارد و سڕەیە و هیچی دی!

و لە هەمان کاتیشدا مستێکی توند لە دەرکەی ڕادەکێشم،

– ئیدی بۆ پێت وایە هێندە لێك دوور و لێك نامۆین کە ناتوانین دوو کەلیمەش لەگەڵ یەك قسان بکەین؟... ماندووم ماندوو...

کەچی یەك کەلیمە قسان ناکا و وەك هەر لەگەڵ ویشم نەبی، هەروا بەبێ دەنگی سەر و خوار دەکا. دەستم بە دەرکەکەوە شل دەبێتەوە و لە ئاستە خۆم دادەنیشم و پاڵ وە دەرکەکە دەدەم، تەزووی دەرکەکە لەبەری پێم دەچێتە ژوورێ و لە تەپڵی سەرم دێتەوە دەرێ! دەست پێ دەکەمەوە:

– پـێت وایـە ئـەوانـەی لـە دەرێن زۆر بـەختـەوەرن! ئـەوانـیش وەك مـە زیندانین، زیندانی شوێنێکی گەورەتر بە زیندانبانێکی گەورەتری دەنگی بـانگی ئێواریێ ڕام دەچڵەکێنێ دەڵێی هـەزار ساڵە لەگەڵ ئەو بـانگە دەژیم و دووپاتە دەبمەوە... ماندووم لە ئاست خۆم ڕادەکشێم و بە نینۆکم خەتێکی دیکە لە پەنا خەتەکانی دیکەم دەدەم. تا ئێستا ئەوەندەم گوێ لە دەنگی بـانگی ئێواریێ بووە. بەڵام ئەوجارە بە پێچەوانەی خەتەکانی دی لەڕاست بۆ چەپ ڕا خەتەکەم دەکێشم، ئەوەش ئاڵوگۆڕ ڕەمزی هەر مان و تێدا نەچوون! ئیدی بۆم گرینگ نییە قسان دەکا یان نا؟ بۆخۆم لەو چاتر گوێ بیستی قسەکانی خۆم دەبم:

– ئەریێ پێش ئەوەی بێمە ئێرە خەریك بوو شتێکم دەنووسی؟ ئەریێ وەبیرم هـاتەوە نووسیبووم: دەترسێم ڕووبـارەکان بەر لە گەیشتن بە دەریا ویشك بـن... دەتـرسێم بـەرزایـیـیـەکـانمان بـەر نـەگـرن و پـێی شوێنـی ڕێبوارەکان لەسەری نەمێنێتەوە و ڕێگامان ون کەین و... «دەترسێم دوای مردنم سێبەرێك بەسەر گۆڕەکەمدا بخشێتەوە»... و ئیدی نەکراو دەرفەتم پێ نەدرا تا بزانم بۆچی دیارە ڕووبارەکان نەگەنە دەریاو بۆچی لەوانەیە بەرزاییەکان بەفر نەگرن و ئەگەر ڕێبوارێك هەبێ ڕێگە ببڕێ، پێ شوێنی ون بێ، جا مەگەر وەك ڕێوییەکە گەسکێکی لە دووی خۆی بەستی!...

دازانم ئـەوڕۆ کـفـرم کـردووە و ئـەوشۆ لـەوانـەیـە بـێن دەخـەونمەوە جەحەندەم. هەر وای لێ هات، هێشتا چاوم لەسەر یەك دانەنابوو کە لە خەونەکەمدا چاوەڕوانم بوون و سێ چوار زەلامان بە ڕاکێش ڕاکێش بردیانمە جەحەندەم... حەسار و دارو دیواری هەمووی ئاوری لێ دەباری و بەوەش ڕانەوەستابوون و لەسەر دیوارە ئاورەکەش ڕا کەڵاف کەڵاف سیکی خارداری ئاوریان تێ هاڵاندبوو، گڕە ئاورەکان بە هەوای ئەو شوێنە زیاتریان گڕ دەگرتەوە و بڵێسەی دەدا. ئیدی نازانم لەوێ چم دیت و چم بیست و چم گوت کە دەستیان لێ هەڵگرتم و بە ڕاکێش ڕاکێش

بردیانمە بەهەشت! حەسار و دار و دیواری هەمووی گوڵ و پەرژینی سەوزە و شینـــاوەرد بـــوو، بـــەوەش ڕانـــەوەستـــابـــوون و لـــەسەر دیـــوارە سەوزەکەش ڕا کەڵاف کەڵاف لاولاوەیان تێك هاڵاندبوو و دەیان گوڵی سەوز و زەرد و سوور بـــە هـــەوای شوێنـــەکـــە سەمـــایـــان لـــەسەر دەکـــرد... فریشتەکان هێندەیان خۆش دەویێم کە تەنانەت حازر نین بۆ ساتێکیش چاوم لە سەر هەڵگرن! وێڕای خۆیان هێندەیان لە حەوزی شیر و گوڵاو هاویشتووم هەموو گیانم لیچق بووە و بۆ گەنیومان ڕێی ڕۆژێك دەڕوا و هێندەمان پەپوولە پێوە نووساوە کە وەختە هەر دووك چاومان دەرێنن، واشیان دەرخوارد نەداوین بتوانم لە جێی خۆم جوولەی بکەم و لەسەر وەڕا کە بڕیارە هەر بە ئارەقەی ڕەفعی حاجەت بکەم لە مەباڵ خەبەرێك نییە! لـەسەر وەش ڕا کـە هـەوای نـەگـەرمـە و نـەسارد لـە ئـارەقـەکردن خەبەرێك نییە! تەنگاو دەبم، بە جلقە جلق خۆم لە چەنگ فریشتەکان ڕزگار دەکەم و دروست لەوکاتەدا کە خەریك بوو خۆم ئاسوودە دەکرد لە خەو ڕاچەنیم. کار لە کار دەترازێ، هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشم. بـونـی هـەڵـمی میـزی تـازەش گـەورەتـریـن بـەڵـگـەی وەڕاست گـەڕانـی خەونەکەمە. مووکێتە تەڕەکەی لە بن خۆم لادەبەم و شەڵوارەکەم دەگۆڕم بـۆ ئـەوەی سەرمـام نـەبـێ هـەر جـارە لـەسەر لاتـەنیشتێکم ڕادەکشێم، لە ئاکامدا هەردووك لام سەرمای دەبێ بە بۆچوونی خۆم هاتبوومە نێو ئەو قەفەسە وەحشیترین بوونەوەری سەر عەرزی، ئینسان دەستەمۆ کەم، لە تاو ژانی کولییەکانم بە چنگان عەرزی دەکۆڵم و بەبێ ئەوەی نووستبم خەون دەبینم، خەونەکەم چاك نایەتە بەر زەینم، هەر ئەوەندەم ئاگا لێیە لەگەڵ سەفیری قەمچی و داهاتنی بەسەر پشتمدا هاوارم لێ بڵێند دەبێ وادیارە یەکی دیش خەریکە ئەمن دەستەمۆ دەکا... دەنگی بانگی ئێواریێ ڕام دەچڵەکێنێ!

١٣٨٤/١/٣

# شەوێکی بارانی

باران باریبوو، بۆنی هەوای تەڕ و تازەی بەر لە تاو پەڕانی دوای بارانە، تەواو بووژاندبوومییەوە. لەو کاتەدا پێم خۆش نەبوو بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە جگە لەو کەسەی خۆشم دەویست و لە کاتی وادا پێم خۆشە لەکنم بێ. ئەم حاڵ و هەوا پاراوە خەریك بوو بەسەر کۆڵکە زیرێنەیەکدا بەرەو کۆشکی ئارەزووەکانم لەسەر هەوران هەڵم کێشی، کە چەند لاپەڕەی خووساوە، هەودای خەیاڵمی هەڵپساند کە ئاوی باران هەتا بەر پێمی ڕادابوو. نووسراوەکە بە دەست و خەتێکی خۆش نووسرابۆوە و بۆم گرینگ بوو بزانم چی؟ ژمارەی لاپەڕەکانیشی پێوە دیاربوو و بۆوەی لێك بڵاو نەبێ، لەسەرەخۆ هەڵم گرتەوە. دیمەنی کاج و شمشادە شوراوەکانی دەرەوەی شار، چەمی کەف چەرینی بن ئاوبەندەکە و ترووسکە ترووسکی گەڵای دارەکان و بێدەنگێکی تایبەت بەو دەمانەی کەس ڕووی لە پارکی نەدەکرد، بە هێزتر بوو لەوەی کە بگەڕێمەوە ماڵێ. هێندەی پێ نەچوو ڕەشبەڵەکی هەورەکان دەستیان هاوێشتەوە سەر شانی یەکتر و نەختێك

هەوای سارد کرد. کۆتەداری چکۆڵە چکوڵە لێرە و لەوێ بەر ببوونەوە، لە پەنا سەندەڵییەکە لەسەر یەك کەڵەکەم کردن، چەند لاپەڕەم لە دەفتەرچەی یادداشتەکەم کردەوە و لە دارەکان شەمچەم پێوەنان و بە پەلە چەند جارم فوو لێ کرد. لە پێشدا ئاورێکی سووك و دوایەش بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆم. ئاورێکی خۆش لە پەنام سازبوو. تینکی گەرم لەگەڵ بۆنی باران و دووکەڵ لێکدرا. لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتم و لاپەڕەکانم بە ئاورەکە ڕاداشتن. بێ ئەوەی بێڵم بسووتێن، چینیان دەخوارد و ئیشك دەبوونەوە: لاپەڕەی ٢، ٣، ٨، هەر ئەوەندە ئەوانی دیکەی لەگەڵ نەبوو. لەسەر لاپەڕەی دوو نووسرابوو:

حاڵی بوو بەڵام زۆر درەنگ، ئاخر کێ بیری لەوە دەکردەوە، سەعیدی دنیا گەڕاوی سارد و گەرم چێشتوو، هەروا بە سووك و ئاسانی کڵاوی بچیتە سەر؟! ئەویش ئی یەکی وەك تو، نامەردی خوێڕی!

هەروا کە سینگی لەسەر چۆکی داکوتابوو، بۆ جاری چەندەم، مستی داهێنا و دەم و لووتی پڕکرد لە خوێن. ئەوەی بەردەستی، کە کۆخە کۆخ و ماندوویی بڕستی لێ بڕیبوو و بە هیچ شێوەیەك نەی دەتوانی خۆی دەربازکا، بە هانکە هانك گوتی:

– درۆی دەکەی! نە هیچت دیتووە و نە هیچت بیستووە. ئەتو هەمیشە درۆی دەکەی.

تەواوی گیانی شل و کوت ببوو، برووسکەی جاروبارەی هەورەکان، هەموو جارێ چاوە لە ژیللا هاتووەکانی سەعیدی وەدیار دەخست کە وەك جانەوەرێك خۆی هاویشتبووە سەری و بڕستی لێ بڕیبوو:

– بێدەنگ بە! بێدەنگ! قسەکانی دەگەڵ وەشاندنەکانی هەڵدەبڕا و ددانی لێ دەچیرەوە دەبرد و جار دەگەڵ جار خۆی زیاتر داویشتە سەری، ئەویش تەواوی هۆشی هەر لەلای چەکوچێك بوو کە لە بن تەختەکەڕا سەرنجی بۆ

لای خۆی ڕاکێشابوو و دەیەویست بە هەر جۆرێك بێ خۆی بگەیەنێتێ. کەریم هەروا دەیوەشاند و پڕ جنێوی دەکرد و ئارەقەی دەتکاوە سەر نێو چاوانی و برینەکانی دەبرژاندەوە. وەخت دڵی بتۆقێ و لەهەمان کاتیشدا دەستی گەیشتە چەکوچەکە. قەتی ئەوەندە هەست بە مەترسی نەکردبوو تەنانەت ئەو دەمانەش کە بە دزی...

لاپەڕەی ٢ تەواو بوو، نەمزانی دوای وی چ قەوما؟ لاپەڕەی سێی دەگەڵ نەبوو و بەسەر لاپەڕەی چواریشدا تیژ تێپەڕیبوو: لەوەی کە دەرکە ئاوالابوو سەری سووڕمابوو، چەند جاران هەرای کرد کەس جوابی نەداوە، چراکانی هەڵکرد. سیمی تەلیفوونەکە هەڵپسابوو، باران هەروا بە توندی دەبارێ، سەری لە دیوی خۆیان نا، هیچ وڵات نەمابوو، سەر تەختەکەی تێکچوو بوو، سەندەڵی پشت مێزی کامپیوتیرەکە بەر ببۆوە، لایەکی پەردەکە هاتبووە خوارێ... لە رکە چاوی بە چەکوچەکە خوێناوییەکە کەوت قیژاندی و پشتاوپشت گەڕاوە و ئاگای لەوە نەبوو کە یەکێك لە نێو کمودی لیباسەکانی ڕا چاوی لێ دەکا! لە دیوەکەی هەڵاتە دەرێ و هێشتا نەگەیشتبووە حەساری کە بەرقی ماڵی ڕۆیی، لە حاستە خۆی ویشك بوو، لەنێو دەنگی ڕێژنە بارانێکی یەکدەست کە جارو بار بە برووسکەیەکی وەدیار دەکەوت، گوێی لە دەنگی لاقێك بوو کە بۆلای دەهات، بەر لەوەی...

نیوەی ئەو لاپەڕەیەش بە ئاوی باران شورابۆوە و هەرچی کردم بۆم نەخوێندراوە. بە پەلە چاوم لە پشتەوەی کرد سپی بوو و هیچی لەسەر نەنووسرابوو! دەستم دا لاپەڕەی ٨، هێشتا نەم خوێندبۆوە کە لە پڕ دەنگێك وەخۆی هێنامەوە. ئاورەکە کوژابۆوە، باران دەستی کردەوە بارین و هەواش وردەوردە تاریك دادەهات. نەختێك ترسام! دەستم دا کیفەکەم و ویستم وەرێ کەوم دەنگەکە بێدەنگی پارکی تێك شکاند! چاوم گێڕا کەس دیار نەبوو. تاقە قشقەڵەیەك کە لەسەر دوامین چڵی چنارێکی جۆللانەی دەکرد هەڵفڕی و ڕۆیی، بە یەکجاری بەتەنێ مامەوە: برێك لە دەنگەکە ورد

بوومەوە، یەکێك شتێکی لەسەر گەڵاکانی پارکی ڕادەکێشا! وێدەچوو قورس بێ. لە بن دارێکی خۆم حەشاردا کە هەر لە پەنا ئاورەکە هەڵکەوتبوو. لە دوور و نزیکی خۆم یەکێکم دیت کە خەریك بوو بە ڕاکێش ڕاکێش شتێکی لە دووی خۆی دەکێشا! دیار بوو قورس بوو و بە مەترسییەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، وا وێدەچوو لە جێگایەك بگەڕێ بۆ حەشاردانی ئەو شتەی بە عەرزیدا ڕایدەکێشا! ویستم هەڵێم، نەمدەویست بمبینێ بەتایبەت کە هەڵکەوت چاویشی هەر لەو دارە بوو کە ئەمن خۆم لە پشت حەشار دابوو! هەردووکمان بێدەنگ بووین، بارەکەی دانا و یەکڕاست بۆ لای من هات، ویستم بچمە ئەولای دارەکە کە هەروا لەسەر عەرزی کەوتبوو، ئیدی نەمزانی چۆن ڕاست بوومەوە، دوولاقم هەبوو دووی دیشم بە قەرز وەرگرت و بە هەموو دەماری خۆم هەڵاتم، خەریك بوو دەستی دەگەیشتەوە سەر شانم، بەڵام بە توندی خۆم ڕاپسکاند، هەردووکمان گەیشتینە سەر جاددەکە و بەرەو شار هەڵاتین، دەنگی لاقەکانیم گوێ لێ دەبوو و باران وەك گۆزەی سەرەوژێر بە سەرماندا دەباری و تاریکی بە تەواوی بەسەر دەستاندا هاتبوو. خەریك بوو ماندوویی بڕستی لێ دەبڕیم و دەگەیشتەوە سەرم کە لە پڕ دەنگی ئاژیری ماشێنی پۆلیسمان لێ بڵند بوو، هەروا کە هەڵدەهاتم، هەردووك دەستم لێ هەڵێنا، کەچی زۆر بە توندی تێپەڕی و نەدەنگی بیستم و نەڕەنگی دیتم! بەڵام هەر ئەوەندەش بەس بوو کە ئەوەی وەدوام کەوتبوو دەستم لێ هەڵگری و ئاگام لێ بوو دەگەڕاوە نێو چنارەکانی پارکی. هەتا ماڵێ بەند نەبووم، بە هانکە هانك خۆم دەژووری هاوێشت و دەرکەم داخستەوە. بڕێك هاتمەوە سەرخۆم، حەسار بە تەواوی بە ئاوی باران شورابوو، کە گەیشتمە بەر دەرکی های جەرگ و دڵم بەر بۆوە! جووتێك کەوشی تەڕو قوڕاوی لەبەر دەرکەی داکەندرابوو و دەرکی ژووریش ئاواڵە بوو، بە ئەسپایی وەژوور کەوتم و لەسەرەخۆ چراکەم هەڵکرد، چەند جار هەرام کرد کەس جوابی نەداوە، چوومە دیوەکەی خۆم. هیچ وڵات نەمابوو

سەر تەختەکەم شێوابوو، سەندەڵی پشت مێزی کامپیوتەرەکەم بەرببۆوە، لایەکی پەردەکە بەرببۆوە و سیمی تەلیفوونەکەش هەڵبڕابوو، کە چاوم بە چەکوچێکی خوێناوی کەوت کە بەربببۆوە سەر عەرزی بێ ئیختیار قیژاندم. زانیم هەر ئێستا یەکێك لەنێو کومودی لیباسەکانم ڕا چاوم لێ دەکا! لەسەرەخۆ هاتمە دەرێ، دەمزانی ئەویش ئەوە ئارام ئارام بە دوام دادێ! هێشتا نەگەیشتبوومە حەساری کە بەرقی ماڵی ڕۆیشت. ئێستا ئەوەندەم لێ نزیك ببۆوە کە بۆنی تەڕایی لیباسەکانیم بە تەواوی بۆ دەهات، هەور هەروا دەیگرماند و برووسکەیەك کە هەموو وڵاتی داگرت نیسیەکەی ئاشکرا کرد کە خەریك بوو دەستی بۆلای دەمم دێنا، بەڵام بەر لە دەست داگرتنی، گەڕامەوە و بە هەموو دەماری خۆم چەکوچەکەم داهێنا سەری کە بەر لەوەی کە لە ژوورەکەم بێمە دەرێ دەستم دابوویە، هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو کە بە سەر لاقمدا بەربۆوە، ماشێنەکەم لە کارێژی هێنایە دەرو هەر چۆنێك بوو کەلاکەم لەنێو کاپووتەکەیدا تاقەت کرد و بە پەلە بۆ لای پارکەکەی دەرەوەی شار وەدەرکەوتم. ماشێنی پۆلیس بە ئاژیر لێدان بە تەنیشتمدا تێپەڕبوو. گەیشتمە جێ و کەلاکەکەم بە ڕاکێش ڕاکێش بە دووی خۆمدا دەکێشا و بە مەترسییەوە دەمڕوانییە دەوروبەری خۆم، تاقە قشقەڵەیەك کە لەسەر دوامین لقی چنارێکی جۆڵانەی دەکرد، هەڵفڕی و بە یەکجاری بە تەنێ مامەوە. چاوم هەر لە لای دارە ئەستوورەکەی کن سەندەلییەکە بوو کە ئاورێکی تازە لە کن کووژابۆوە و لەنێو برووسکەی جاروباری هەورەکاندا دووکەڵەکەیم دەدیت و بۆنی تێکەڵبوونەوەی دەگەڵ بارانە بە تەواوی هەست دەکرا. جەنازەکەی سەعیدم لە تەنیشت جەنازەکەی خۆم ڕاکێشا و یەکڕاست چوومە لای ئەو دار و سەندەڵییەی کە ئاورەکەی لە کن کوژابۆوە، هەستم بە سەرما کرد، باران کۆتایی هاتبوو، پۆڵووی بن ئاورەکەم کە لە پێشدا سازم کردبوو جاروبار بە ئاستەم دەگەشاوە. کیفەکەم کە لەوێ بەر ببۆوە هەڵگرت و دوو سێ لاپەڕەی سپیم لە

دەفتەرچەی یادداشتەکەم کردەوە و لەسەر پۆلووکانم دانا. دوو سێ جارم فوو لێ کرد و بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆم ئاورێکی خۆش لە پەنام سازبوو، لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتم کە وەك خۆم بە ئاوی باران شۆرابووە. لەبەر شۆقی ئاورەکە گەڵا و دارەکانی دەوروبەرم ڕووناك ببوون و سێبەرەکانیان کە بە هەوای شنە بایەکی سارد دەجوولانەوە دەتگوت شاری ئەڕواحە دەوریان داوم لاپەڕەی هەشتم دەستم دایە کە ئەویش لەوێ لێم بەجێ مابوو، خەریك بوو لەبەر نووری ئاورەکە دەمخوێندەوە کە لە پشت دارەکەڕا سەعید هاتە دەرێ. کوتەکەی بەسەر شانم دادا، دەستی لە ستوم هاڵاند و ماچێکی کردم و گوتی:

– نەچینەوە ماڵێ!؟ هەوای سارد کرووە...

١٣٨٤/١/٥

# فڕی فڕی...

تیشکی هەتاوی چێشتانی کە لەبەر بڵێندی دیوارەکە زۆر بەرچاو تەنگانە دەگەیشتە سەرمان بە تەواوی خاوی کردبووینەوە. سێ چوارێکمان لە بن دیوارەکە هەڵکورمابووین و دوو سێیەکیشمان بە پێوە ڕاوەستابوون. «ژالان» دەستەکز و چکۆڵەکانی وەك چەتر لەسەر چاوی هەڵداشتبوو تا بە ڕووناکی ڕێ بێ. بۆ خۆشم لە بن دیوارەکە هەڵکورمابووم و تاقەتی دەورلێدانم نەبوو.

چاوم لە «ژالان» بڕیبوو کە وەك منداڵ نەبی وە هەموو شتێك دەچوو. سەری لەقەر قەڵافەتی گەورە بوو و لە سەروەش را کە ئاگام لێ بوو لە وەختی جەمێدا شتێکی وای نەدەخوارد، زگی لە پێشەوە بوو. هەر دە ساڵ دەبوو و نەدەبوو. دوو سێ جاری خۆی لەبەر یەك کێشاوە. دایکی وەك هەمیشە بۆ هەوا خۆری نەهاتبووە دەرێ و دەمزانی لە قوژبنێکی بەندەکەیدا ئەوە خەو دەیباتەوە. بەدوای وەی کە لە ژووری یەك دوو جاران حەکایەتم بۆ گوتبوو بە تەواوی دەگەڵم ئۆخت ببوو، بە تایبەت کە دایکیشی هەر کاری پێی نەدابوو و هۆشی لە هەموو دەوروبەری خۆی بڕابوو. بەبێ وازی هاتە تەنیشتم. بە تاوی گەرم و ئیشکی حەساری خەریك بوو سەرما و تەڕایی

ژووره تاریکەکەی لە لەش دەبردینە دەرێ. گوتم:

– ژالان سەرت لەسەر ڕانم دانێ و تاوێك ڕاكشێ، با ئەو تاوە لێت دا!

بە قسەی كردم و هەردووك خەریك بوو خەوێكی خۆش دایدەگرتین كە ماوەی هەواخۆری تەواو بوو و دەنگ درابنەوە بۆ ژووری ! «ژالان» بە زۆری بە دومدا دەهات و گوێی بە نەقورچ و هەڕەشەی زیندانبان نەدەبزووت كە زوو زوو دەیگوت:

– هەلە ژووری هەتا نەم خنكاندووی!

دەستم گرت و وەپێش خۆم دا كە دەركە ئاسنەكە بە دەنگە دەنگ لە پشتەوەمان ڕا داخرا، بە پێچەوانەی جاران چووە تەنیشت دایكی و هەڵكورما، چۆكەكانی لە باوەش گرت و چاوی تێ بڕیم. بۆنی تەڕایی دارو و دیوارەكە لووتمانی پڕ كردەوە و سۆمای كەم شۆقی چراكەی بن میچەكە تۆزی تەمێكی بەسەر هەمواندا دابیشتبوو. بە پێكەنینەوە گوتم:

– لێت گۆڕیوم؟

سەری هەڵتەكاند و هیچی نەگوت. بۆ خۆشم وا لەو چاتر نەبووم، بەڵام لە تاوی وی قەت وەسەر خۆم نەدێنا. چوومە تەنیشتی و گوتم:

– پێت خۆشە حەكایەتێكت بۆ بڵێم؟

دیسان سەری هەڵتەكاندەوە و هیچی نەگوت. پەتوكەم كێشا بە سەری خۆم و ئەوم هەڵكێشا، بۆ خاوی پەتووەكەش ئازاری دەدام، بەڵام چارەمان نەبوو. دیسان گوتم:

– ئەورۆ ئەمنیش وەك تۆ حەوسەڵەی هیچم نییە. خەمی منداڵەكانمە.

لەپڕ وەقسە هات و گوتی:

– ئەتوش منداڵت هەیە:

– ئەی چۆن! لەبیرم چوو پێت بڵێم دوو كچی جوانم هەیە، وەك تۆ!

هەموو شتی لەبیر چۆوە و ڕووی تێ كردم. دەمزانی هەر ئێستا بە پرسیاران حولم دەكا. چونكە لە كاتی دیشدا وابوو. دوای ئەوەی هەموو

پرسیارەکانی کرد هەستا سەر پێی و بۆ لای دەلاقەیەك چوو کە لە بڵیندایی بن میچەکە نەردەریز کرابوو و بە ئاستەم و دوو بەلالێمان دیار بوو کە خۆری بە تیشك و ڕووناکی و گەرماکەیەوە لەبەند کردبوو و هیچی بە مە نەدەگەیشت. بەڵام دەتگوت لە شتێك دەگەڕێ سێ چوار جاری ئەوبەر کرد و لە پڕ گەشاوە. پێم سەیر بوو. ئەو دوو سێ جار لێی پرسی بووم کە بۆچی ئەو پەنجەرەیە ئەوەندە بڵیند و چکوڵە و ناخۆشە و هیچمان دەستمان نایگاتێ؟!

ڕووی لە من کرد و گوتی:

– هەڵێ وەرە!

بە پەلە چوومە کنی و تەمەشای دەرێم کرد. لە سەر سیمە خاردارەکان کە دوا بە دوای دیوارە بڵیندەکە دەوران دەور لێدرابوو، تۆپێکی دووڕەنگی تازەگیری کردبوو و ئەوجارە لێم حاڵی بوو کە هەر لە حەساری ڕا، بۆ چاوی لەسەر ئەو دیوارە هەڵنەدەگرت. بۆ وەی لەبیرم بەرمەوە گوتم:

– چەندە تۆپێکی ناحەزە. حەتمەن بەو سیمە خاردارانەش دراوە و بەکار نەماوە. کەچی دەیزانی وەك سەگ درۆیە دەکەم. چاوێکی بە تانەی لێ کردم و گوتی:

– چووزانی دراوە؟ تازە زۆریش جوانە.

بە ناقایلی ڕووی لە تۆپەکە کردەوە. چوومەوە سەر جێگاکەم و دانیشتمەوە، دەگەڵ باسی منداڵەکانم بە تەواوی دڵم پڕ ببوو و دیمەنیان لەبەر چاوم لا نەدەچوو. ژاڵان هاتەوە لام و گوتی:

– وەرە با کایەکەی دوێنێ بکەین!

دیار بوو مەبەستێکی هەبوو.

– کێهەیان دەڵێی؟

– فڕی! فڕی!

قامکەکانمان لەسەر سمیتەکە دانا:

– فڕی! فڕی! قشقەڵە فڕی!

هەردوو دەستمان هەڵێنا!
– فڕ فڕی! پەتوو فڕی!
هیچمان دەستمان هەڵنەهێنا.
– فڕی فڕی! چۆلەکە فڕی!
هەردوو دەستمان هەڵێنا.
– فڕی فڕی! ژالان فڕی!
هەردووك دەستی هەڵێنا
– هویت! خیچای، ئەتو بە کوێدا دەفڕی؟
پێکەنی و گوتی:
– ئەتو خیچای! پێم خۆشە هەڵدەفڕم. لە قەستی باڵم هەیە!
– ئای سەگە دەتەوێ لێرە ڕاکەی و هەڵێی؟
– نا دەمەوێ بچم ئەو تۆپەی بێنمە خوارێ!
– هیچم نییە لەو تۆپە پیسەی گەڕێ. هەر بە یەکجاری هەڵفڕە و هەڵێ و دەرێ.
دیسان سەری هەڵتەکاندەوە
چی؟ گەوجە گیان! پێت خوش نییە لێرە بڕۆیە دەرێ؟
پێم خۆشە! بەڵام ئاخر ... ئاخر ئەدی دایکم؟
ئاماژەی بە دایکی کرد کە هەروا لە قوژبنی بەندەکەی هەڵکورمابوو و خەنوچکە دەیبردەوە...
بۆ وەی لەو حاڵ و هەوایەی بێنمە دەرێ پێکەنیم و گوتم:
–دەی جا گەوجە گیان بە لە قەستی ئەویش باڵی هەبێ!
ئیدی کردمانە هەرا هەرا:
–فڕی فڕی ژاڵان فڕی، دایکی فڕی، ئەمن فڕیم، پەتوو فڕی، زیندان فڕی...
دەنگی پێی زیندانبانەکان دەهات کە بە پەلە بۆ لامان هەڵدەهاتن!
۱۳۸۲/۱/۲–زیندان

## هاچەری دەرکی ئەو ماڵەی کە فرۆشرابوو

لەسەر جێگاکەی هەر جینگڵی دەدا، چاوەکانی بەستبوون بەڵام دەمزانی وەخەبەرە. ئەو جار چاوی کردەوە لەسەر جێگاکەی دانیشت! کە ئەمنی دیت قووت بۆوە، هاتنی میوانی تازە، گرینگترین ڕووداوێك بوو کە لێرە ڕووی دەدا!

– تازە هاتووی؟

خڵینە بێ ددانەکانی وەدیارکەوتن. سەرە سپییەکەی کە ورد ورد هۆندبوویەوە بە ڕووسەرێکی پەشمینەی کون داپۆشیبوو. جل و بەرگە ساکار و خاوێنە کوردییەکەی کە بریتی بوو لە کراسێکی چیتی ڕەشی گوڵ ورد و کەوایەك و پشتێندێکی شاڵ، سەرجەم ڕواڵەتی نەنەیەکی خوێن شیرنی پێك هێنابوو کە دەیتوانی ڕێی لە هەموو جێگایەك کەوتبا ئیللا ئێرە!

لە جوابیدا گوتم:

– ئەرێ تازە هاتووم!

هاتە تەنیشتم و لە سەرەخۆ گوتی!

– دەی بەخێریێی، بە خێریێی!

دوایەش دەستی کرد بەو پرسیارانەی کە دیار بوو ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکران کە دەهاتنە ئێرە!

– ماڵە کێتان پێدەڵێن، مێردت کردووە یان نا، چەند منداڵت هەیە، چ کارەی و..؟؟ دەیان پرسیاری دیکە کە حەولم دەدا لە کورتترین ماوەدا وەڵامیان بدەمەوە! دوای وەی تەواوی ئەو شتانەی دەبوو بیزانی لێی پرسیم، بێ وەی هیچی لێ پرسم هاتە سەر باس و خواسی خۆی و ئێستا ئیدی ئەمنیش دەمزانی ماڵە کێی پێ دەڵێن، مێردەکەی کێ بووە، چەند منداڵی هەیە، بۆ هاتۆتە ئێرەو... دەیان شتی دیکە! دوایەش دەستی بەسەر و چاوی داکێشاو گوتی:

– خودایە هەزار و هەزار بار شوکور! ڕازیم بە ڕەزای تۆ، هەرچی لەلای تۆوە بێ هەر خۆشە!

زگم پێی سووتا، زۆرتر وەك منداڵ دەچوو هەتا پیرێژن. کەپوویەکی کورت و چەنەیەکی خڕ، هەنیی کە ماوەیەکی زۆر بوو نەکرابوو تووکێکی سپی وردی لەسەر شین کردبوو کە هێندەی پەپوولەیەکی کوڵکنی سپی، ڕەزا سووك و بێ تاوانی دەنواند. لە پشت شۆقی چرا مەهتابییەکە، کە لە بن میچە بڵیندەکەی زیندانی، وەك نەخۆشێك ڕەنگی بزرکابوو، بە باشی دەهاتییە سەر ئەو ڕایە کە نەنە هەر خەڵکی ئەو شوێنەیەو بۆی نەبووە قەت لە شوێنێکی دیکەدا بووبێ! بەڵام لەسەر هەموو ئەوانەش ڕابونی نانی گەرمی بەیانان و شۆرباوی چەوری نیوەڕۆ و هەموو ئاوەدانی ماڵێکی گەورەی لێ دەهات و سووکناییەکی دەخستە نێو دڵم. برێکم خۆ لێ نزیك کردەوە و دەستێکم بە شانی داهێنا. ملی تێك قرماند و گوتی:

– دەی دەی ڕۆڵە گیان کەمێك سەرتر، خێرت دەگاتێ!

لێی هەستامە سەر پێ و دەستم کرد بە داماڵینی شان و پیلی! هەروا کە خۆی دابووە بەر دەستم، گوتی:

–پووڵت پێیە؟ ئەگەر شتت ویست بەخۆم بڵێ، هەموو شتم هەیە پێت دەفرۆشم. قەند، چا، سابوون، جل و بەرگی بنەوە...! زۆرم پێ سەیر بوو! لە قوژبنی ئەو هۆڵە تەڕ و ساردەدا کە بۆ پشوودان نەبی بۆ هەموو شت دەبوو، دووکان و بازاڕی چۆن دانابوو؟

– پووڵەکانت بدە بە من بۆت هەڵدەگرم! دەزانم بەڵەدی جێی وا نی، هەر نازانی بە کوێشدا رووتت دەکەن! ئاماژەی بەو ژنانەی دەور و بەرم کرد، کە هەریەکە لە جێگای خۆی، وەك کوند چاویان تێ بڕیبووم و سەرەڕای وەی کە بە زمانی مەیان نەدەزانی پێیان خۆش بوو بزانن کێم بۆ هاتووم. چڕ و دووکەڵی سیغاریان لە دیوەکەدا شەپۆلی دەدا. دوو دانەشیان لەسەر یەکێ لە تەختەکان دانیشتبوون و ملیان لە قسەکردن نابوو، تورکێکی غەلیز و قاقای جار و بارەیان قسەکانی هەڵدەبڕین. دەستم لە کارەکەم کردەوە و هەروا کە دادەنیشتم گوتم:

– نیگەران مەبە نەنە گیان پووڵم پێ نییە!

– چی؟ پووڵت پێ نییە! ئەدی بۆ دەڵێی کچی فڵانە کەسم؟ بە خودای ئەوی دێنە ئێرە هەمووی درۆی دەکەن! دەنا بۆ دەریان دەکردی، ئاخر چۆن یەکێك لەسەر ڕەشکردنەوەی دوو پەڕە کاغەز دەری دەکەن؟

دوایەش دەستی بۆ لای چا زەردەکەم هێنا کە بۆ خۆی بۆی تێ کردبووم و زۆر بە ناقایلی گوتی:

– ئەو چایەت ئەگەر ناخۆی لای دەبەم، هاتووتە میوانی!

یەکێ لە ژنەکان لەو لاڕا بە کوردییەکی دەست و پێ شکاو گوتی:

– چاوی ڕەشت کاڵ بوونەوە نەنە؟

دوایە بە تورك شتێکی بەوانی دی گوت کە هەموو لە قاقایان دا. بڕێك وێك هاتم، زانیم لێرە ڕوودار نابم، هەر بەفشە سەرم دەخۆن. بۆیە پێش وەی نەنە دەستی بگاتە ئیستیکانە چایەکە، بۆخۆم پڕم دایە و گوتم:

– تازە کتووتە ئەو چایە بۆ منە! نەشی خۆم، دەیرێژم. قەندەکەم لە زارم نا و ملم لە خواردنەوەی نا و گوتم:

– بە زەمانەت ئەو چایە ئی هەفتەیەك لەوەی پێش دەبوو! بە هەویای لێرە بۆ شتی وا پوولت دەمیٚ؟

بەمەتمانەوە چاوێکی لیٚ کردم و گوتی:

– ئای بارەقەڵڵا! نانا دەزانی بەرەی خۆت هەڵکێشیوە! ئافەریم! قەیدی ناکا پووڵت پیٚ نییە، لێرە فێر دەبی کاریٚ بکەی و پووڵ پەیداکەی، هەموو ڕۆژیٚ شان و پیلم داماڵە، ئەمنیش شتێکت دەدەمیٚ. پێکەنیم و گوتم:

– دەڵێن شەڕی هەوەڵ لە سولحی دوایە چاترە! دەبیٚ بزانم لە بەرامبەر هەر جارەیدا چم دەدەییٚ، دەنا سەوداکەمان سەر ناگری!

لە ماڵیٚ دانیشتبووم کە لە دەرکەیان دابوو. بێوەی بێڵن بە کەس بڵێم یان شتێك دەس دەمیٚ، هینابوویانمە ئێرە، تەنیا ئیزنی ئەوەندەیان پێدام تا گازی چێشتەکەم بکووژێنمەوە. دوای هەشت سەعات بازجوویەکی بیٚ ئاکام، دەبال وانەیان کردبووم. بۆیە هەر بەڕاستی قرانێکم پووڵ پیٚ نەبوو. لەو دەمەیدا کچێکی منداڵکارەی رەزا سووك لە بەندەکەی دیکە ڕا هات و داوای ئیستیکانێکی چا لە نەنە کرد. بۆنی سیغارێکی توندی لیٚ دەهات. نەنە دەگەڵ وەی کە چایەکەی بۆ تیٚ دەکرد دەستی کردەوە بە بۆڵە بۆڵ:

– سواڵی سواڵکەری بۆ نۆکەری، ئەمن بە پیرە سەری قەرەواشی زیندانبانەکان بکەم و بە مفتی دەرخواردی ئینگوی دەم! هانی رەببی بە سندانت بی!

کچەکە چایەکەی وەرگرت و گوتی:

– هەك بە قوربانت بم نەنە! ئەو جار هەرچی کردت یاریدەت دەدەم! و دەرپەڕیوە دیوەکەی خۆی، بەڵام بەر لەوەی کە بڕوا نەنە نەقورچێکی گەیاندێ و گوتی:

– وەڵڵا درۆیە دەکەی تەنبەڵی مفتە خۆر! دوایە چاوێکی لە من داگرت و دەستی کرد بە پێکەنین و سەرلەنوێ خلینە بێ ددانەکانی وەدەر کەوتەوە. ئاکاری دایکانەی تەنانەت لە کاتی تووڕە بوونیشی دا بۆ حەشار نەدەدرا و بەتەواوی سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو بە تایبەت ئەو دەستە هاچەرەی لە ملی دابوو، بۆ خۆی جگە لە تەختێك و دوو پەتوو و قەتالەیەك دەوری و لیوانی لایلۆن و دوو سێ سابوون و ئەو وردە شتانە دەگەڵ بوخچەیەکی چکۆڵەی لیباس چی دیکەی پێ نەبوو، دەرکەکانیش لەوبەر ڕا لەسەرمان دادەخرا، ئەدی ئەو دەستە هاچەرە ئی کێ بوو؟

نەمتوانیبوو دەم لە چێشتەکەیان دەم، بونی دووکەڵی سیغار و تەڕایی ژوورەکەش حالێکی وای بۆ نەهێشتبوومەوە، لەسەر تەختەکان جێ نەمابوو، هەر لەبەر پێی نەنە، لەسەر پەتوویەك ڕاکشام و یەکیشیانم بە خۆم دادا. دەگەڵ هەموو ئەوانەش ئاوری منداڵەکانم هەڵی گرتبووم و بۆ وەی کەس نەزانی دڵم پڕە و لەوانەبوو، بگریم ڕووم لە دیوار کرد، کەچی هەر بە زووە سەرم بە هەنیسکان هەڵقەندرا و نەنە هاتە کنم و دەستێکی بە شان و پیلم داهێنا. بەپەلە ئاوڕم داوە و خۆم لە باوەشی هاویشت! بۆنی پاك و خاوێنی و باوەشی نەرمی وەبیر باوەشی دایکمی خستمەوە.

– بە خودای دەزانم بۆ خۆت ناگری و خەمی منداڵەکانتە! بە ناشکوری نەبی دایك قەت خەمی خۆی نییە... بە قوربانی کاری خولای بم کەسیش لە عەولادی بێ روحمتر نییە! هەشت دانە ساڵە لەو بە قوڕێ گیراوە دام هەر وەنازانن سەریشم پێوەیە! نە ئەوەیە ڕەزایەتیم بدەنێ و نە ئەوەیە چاوێکیان بە سەرمەوە بی! خۆ بە خودای هیچم ناوێ، هەر ئەوەندە چاوم پێیان بکەوێ،.. لێوەکانی لەرزین و بە کوڵی گریانەوە درێژەی بە قسەکانی دا:

– وەختە لە تاوان شێت بم، هەرچەندی خودا حەز دەکا ئارەزووویان دەکەم...

نەنە بە دەنگ بە سەر منداڵەکانی هەڵدەگوت و دەگریا و ئەمن لە تاو وی خەمی خۆم لە بیر چۆوە و نەمدەزانی چۆنی ژیر کەمەوە:

نەنە گیان! ناڵێی ئەوان مەنزووریان هیچ نییە، ئەدی ئەتو بۆ ئاوا خۆت نارەحەت دەکەی؟

دەگەڵ وە کە دەمزانی قسەکەم هەو نییە. دوایەش کە دیتم نەنە بێدەنگ بووە، دەرفەتم لێ هەڵێنا و دیسان گوتم:

– قەت دەزانی دەنگیشت چەندە ناخۆشە نەنە!

دەستمان کرد بە پێکەنین و چەپۆکێکی سەبری گەیاندمێ و هەموو شتمان بۆ ماوەیەك لە بیر چۆوە، ئیلا دەستە هاچەرەکەی نەبی. دەستێکم بە هاچەرەکانی داهێنا و لێم پرسی:

– ئەو هاچەرانە چییە نەنە؟

بە تامەزرۆییەوە دەستی پێدا هێنان و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– لە ماڵ و منداڵ و هەموو شتێکم، تەنیا ئەو دەستە هاچەرەم بۆ ماوەتەوە! بە ئاواتم هەر بۆ جارێکیش بی لێرە بڕۆمە دەرێ و لە دەرکەی ماڵەکەمی نێم و بیکەمەوە...

دیسان دڵی پڕ بوو،

– بڵێی منداڵەکانم نەیان فرۆشتبی؟ خودا بکەم ئەوەی کڕیویتی، قفڵی دەرکەکەی نە گۆڕیبی...

دەستێکم بە هاچەرەکانی ماڵە خۆمدا کێشا کە لە گیرفانم دابوون. نەنە وەك منداڵێك سەری بە سینگمەوە نا، گریان مەودای نەدەدا قسەکانی تەواو کا!

زیندان

١٣٨٤/١/٢٩

## خودا و هێلانەی دەعبای کوێر

بە دەنگی قیژەی هەڵاڵە قوت بوونەوە! لەیلا لە تەبەقەی سێهەمی تەختە ئاسنەکەی خەوێ ڕا بازی دابووە خوارێ و ڕاست بە سەر لاقی هەڵاڵەدا کەوتبوو. بە جنێودان لاقەکانی لە باوەش گرتبوو و لە تاوان خۆی ڕادەژاند، کەچی لەیلا، هەروەك هیچ نەبووبێ، چەپوکێکی گەیاندە هەڵاڵە و گوتی:

– دڵت تۆقی هەی! نەمری، ئەوە بۆ وا دەکەی؟ وەڵڵاهی راست ناکەی، ئاخر چەند جاران بڵێم، جێگامان بگۆڕینەوە؟ یان دەبی وەك جارەکەی دیکە لاق لەسەر دەموچاوت دانێم و بێمە خوارێ، یان دەبی پاز دەم کە ئەو دەمیش بە جێگایەکتدا هەر دەکەوم، دەڵێی دۆڵمەی هەڵوەشاوی...

ژانی لاقی هەڵاڵەی بە سەر چووبوو، کە چی لەیلا هەروا یەك پشوو دەیرێست:

– ئەدی بۆ باسی وەی ناکەن ئەگەر لەو سەرەڕا بەردەبمەوە خوارێ، هەموو جارێ وەختە حەیاتی ڕەشم لێ ببڕێ...

هەڵاڵە نەقورچێکی گەیاندێ گوتی:

– چاکە بێدەنگ بە، ڕەزایەتیمان دەیە! لێشی نابرێتەوە!

لەیلا دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

– بە خودای ڕەنگە ئەگەر لەو سەرە ڕا بەربییەوە خواریٚ خۆش بی، هەموو ولاٚتمان بەسەر دا دەڕووخیٚ و ڕزگاریمان دیٚ، بەسەر خۆشمدا بکەوی کە ئیدی هەر باسی مەکە، دە گەڵ گوڵیٚ پەتووەکەی دەبمەوە یەك!

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین! ئەویش وەك هەمیشە دەستی پێکردەوە. رووسەرییەکەی کردە مەندیل، بە لچکەیەکی کە لە سەری هەلاٚڵەی فڕاندبوو، نێو قەدی بەست و لایەکی قژەکانیشی کردە سمێڵ! تەواو ببوو بە مامۆستای ئایینی زیندان. دەنگی هێنا سەر دەنگی وی و دەستی کرد بە دووپاتکردنەوەی قسەکانی:

– ژن لە حاست پیاو ئەرکێکی هەیە کە پێویستە هەموو ژنێك هەر لە پشتی لانکی ڕا بیانزانیٚ! جوان گوێم بدەنیٚ بزانن چم دەویٚ، پێکەنینی ژنەکانی دی هەموو جاریٚ قسەکانی پیٚ هەڵدەبڕی، ئەویش لە حاڵێکدا خۆی لە «یەمەن»، کە جوانترین ژنی زیندانی بوو، نزیك دەکردەوە گوتی:

– بێدەنگ بن حەیاتان سەگ بیخوا! نازانن نابیٚ لە کن نامەحرەم، بە دەنگی بڵێند پێبکەنن؟ چاوێکی لە یەمەن داگرت و خۆی گەیاندە کنی:

– ئەتو دیارە ژنی چاکی و لە من حاڵی. دیارە حەیاشت بە خۆتە و لە خوداش دەترسی و ناشکوریش نی، دەزانی خودا هێلانە بۆ دەعبای کوێر دەکا، بۆیە ئەمنیش هەر ئەلێرە خوازبێنیت لیٚ دەکەم و...

هات خۆی پیٚ دادا، یەمەن خۆی دەرباز کرد و دوایەش چەپۆکێکی گەیاندیٚ و بە لەهجەی تورکی گوتی:

– هەی سەرت لە گۆڕی نێمەوە مامۆستا، جا ئەمن بۆ شوو بە تو دەکەمەوە؟

لەیلا بە چەپۆکێکی دی بە سەری خۆی دادا و گوتی:

– ئەریٚ وەڵلا سەرت دە گۆڕی نێمەوە مامۆستا، ئاخر ناڵێی لێرە دەنێو ئەو مێگەلەیدا، بە کێهە ئەرکی ژنانەی خۆمان بزانین، جا مەگەر بەو هەلاٚڵە قەڵەوەیدا فسم...

ئیدی بە هەمووان کەوتنە سەر لەیلا و بوو بە هەرا هەرا و پێکەنین، کە

دەنگە دەنگی زیندانبان کە بەپەلە دەهاتە لایان، لێی تێك دان! لەیلا قەڵەمبازێکی دا و چارشێوەکەی بەسەری دادا و بە درۆ خەریکی نوێژ و تاعەت بوو. ئەوانی دیش هەموو بێدەنگ بوون. زیندانبان بە توورەیی ڕاست هاتە بن سەری لەیلا، پاڕانەوە و لالانەوە بوو! دەیزانی هەمووی لە بن سەری وی دایە. قامکی لەسەر لێوی دانا و بە ئیشارە لێی حاڵی کردن کە هیچ نەڵێن و بۆ خۆشی مرتەقی لە خۆی بڕی. لەیلا هەردووك دەستی هەڵێنابوو و دەپاڕاوە:

– خودایە هەزار و هەزار بار شکور، نازانی چەندە ڕازین بە ڕەزای تۆ، چۆن دەزانی ئەوەندە ڕەحمان و ڕەحیم بی، چۆن دەتوانی ئەوەندە جەلیل و کەریم و رەحیم بی، چۆن دەتوانی ئەوەندە هێلانەی خۆش خۆش بۆ ئەو دەعبا کوێر و گەوجە پێ نەزانانە ساز کەی! (ئیشارەی بە هەمووان کرد بەبێ وەی ئاوڕ داتەوە!) مامۆستاش ئاوی چۆکی چووە و ئاوی زاری زاری هەڵچۆڕاوە هێندەی بۆمان لێك داتەوە لێی حاڵی نەبین...

بە زۆری پێشی پێکەنینی خۆیان گرتبوو. دوایە لەیلا چاوێکی قووچاند و بەلا چاوەکەی دیکەی خیسەیەکی لە پشتەوەی خۆی کرد تا بزانی چ باسە؟ کە چاوی بە زیندانبان کەوت، یەك پێ هەستا حەوا و گوتی:

– سەلام و عەلەیکوم، جەنابی...

– سەلام و سندان! دیسان زیندانت لەسەر سەرت دانا؟

– ئەمن خەریکی تاعەت و نوێژی خۆمم، ئەوانە دەڵێی جندۆکەن و نایەڵن کاری خۆم بکەم..

– وەك سەگ درۆیە دەکەی! قوبلە ڕووی لەو لایە؟

لەیلا ڕقی هەستا:

– پێم وانییە خودا زیندانی پێ خۆش بێ، تا قوبلەی بۆ دیاری کا! نە بە تو، نە بە رەئیسەکەشت مەربووت نییە، ئەمن ڕوو بە کوێ نوێژی خۆم دەکەم!

دوایەش ڕووی لە دەرکە دەکرد و بە زیندانبانی گوت:

– فەرموو وە پێشم کەوە بۆ قەرەنتینە! هاتووی بمبەیە وێ!

ڕۆیشتنی هەردووکیان و دەنگی داخرانی بەشی قەرەنتینە ولاتی بێدەنگ کرد. هەریەکە چوونەوە سەر جێگاکەیان. هەلالە گوتی:

– ئۆخەیش! خۆ مێشکی سەرمان چوو، هەستن با دەستێك بەسەر ئەو ولاتەی دابینین، هەمووتان بۆگەنیو بوون، هێندەی بە لادا ڕاکشێن!

هەتا بانگی شێوان، پەتوو هەمووی تەکان و بەندیش خاوێن کراوە. لەیلا، لە حالێکدا دەستی بە موویەکی پێش سەری گرتبوو کە تاق ببۆوە، بە دەنگە دەنگ پەیدا بۆوە:

– ئەوەتا وەرن مووم تاق بۆتەوە! کێ دەڵێ کەس لەیلای خۆش ناوێ؟ با خوداش بە ئێمە بە عەبدی خۆی نەزانی!

سێ چوار جاری موویەکەی ماچ کرد و لە پاشان بێ وەی لە بڵێند گۆی زیندانی ڕا کەس بانگی کا بە هەموو دەماری خۆی هەرای کرد:

– لەیلا...، وەرە مولاقاتیت هاتووە!

دوایە بەبێ وەی دەم لە نان دا، بەندی چووە دەرێ و لەبەر دەرکە ئاسنەکەی زیندانی، کە لە بڵێندایییەکەی دەلاقەیەکی چکۆڵەی نەردەریزکراو بوو، لە تاریکی ڕاڕەوە دوور و دێژەکەدا هەڵکورما، ڕەنگی پەڕیبوو و شەکەتێکی زۆری پێوە دیار بوو، ئەگەرچی لە بەیانیەوە لە قەرەنتینە هیچی نەخواردبوو، برسی نەبوو، فرمێسکی چاوی لە بن شۆقی مانگەوە، ئاشکرا ببوو. بەسۆزەوە دەستی بەگۆرانی گوتن کرد چاوی لەسەر مانگ هەڵنەدەگرت کە بەتاقی ئاسمانەوە هەڵکورمابوو و گوێی بۆ لەیلا شل کردبوو:

– جارێ وەرە سەردانم لە دەرکەی دە! دەستێك دەبێ بیکاتەوە... لە باوەشی نەرمی ئەم خەیاڵە، باشەوێك خەو بمباتەوە.. بێدەنگیباڵی بەسەر هەموو زیندانییەکاندا هەڵکێشابوو. لەو بەری دەرکە ئاسنەکەوە، زیندانییان خەریك بوون وردە وردە خەو دەیبردەوە!...

١٣٨٤/١/١٩ زیندان

# تەقینەوە

بەرەبەیانی زستانە بەندێکی ساردە. وێ دەچێ نەفەسی سیحراوی سەرما یەکجاری جموجۆڵی لە وڵات بڕیبێ. بەڵام هێندەی پێ ناچێ، کووچە و کولان، شەقامەکان و هەموو کەلێن و قوژبنی شار، وەك شارە مێروو بە ژن و پیاو، منداڵ و مێرمنداڵ، ڕەش دادەگیرێ و جێ لاقە گەورە و چکۆڵەکان بە دووی یەکدا ڕێچکە دەبەستن.

مام غەفوور داشقەی کولیچە و شورمەزەی وەپێش خۆی داوە و بە نێوان هەر چەند شەققاوەی جارێك هاواو دەکا:

– وەرە بۆ کولیچە و شورمەزەی داغ، وەرە خۆت گەرم کەوە!

چەند پیاڵە و کەوچکی خاوێنی فافۆن، دوو سێ خوێدانە و بیبار، دوو مەنجەڵی گەورەی کولیچە و شورمەزە و عەلادینێك کە لە بنیان شین دایسێ، لەسەر داشقەکە جێیان بۆ کراوەتەوە. بۆ خۆشی پاڵتۆیەکی کۆنی تاناکورای لەبەردایە، کە چی وا لە کەوا و پاتۆڵەکەی شڕتر نییە. کڵاوێکی گەورەی کاموا لە سەرپێچەکەی ڕا و چەند جووت گۆرەوی لینگا و لینگ لەسەر

گالوشەکانی ڕا بەتەواوی لە بەرامبەر سەرمادا تەیاری کردووە. جاروبار دوو سێ موشتەری بەڕێ دەکا و سەرەنجام دەگاتە شوێنی هەمیشەیی خۆی: شەقامە ڕێیەکی دە دوازدە میتری کە قوتابخانەیەکی چوارسەد نەفەری لەسەر هەڵکەوتووە. هێندەی پێ ناچێ زەنگی پشوودان لێدەدرێ و سەدان منداڵ بە هەرا ڕودەڕژێنە سەر حەساری و بەشێکی زۆریان لە نێوان نەردە ژەنگاویێکیانی ڕا بەدووی یەکدا بابوڵەکان لە مام غەفوور دەکڕن و ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو تەقە لە بنی مەنجەڵ دێ!

– تەك ماشەڵڵا هەی!

دوای ئەم قسەیە داشقەی وەپێش خۆی دا کە بڕوا، بەڵام منداڵێکی دەوروبەری شەش ساڵانە پێشی پێ گرت! مام غەفوور تازە وەبیری هاتەوە ڕۆژی پێش، بابۆڵەی نەدابوویە و ئەورۆ دەبوو بەشی هێشتباوە. هەڵبەت دوێنێ پووڵی پێ نەبوو کەچی ئەورۆ پووڵیشی هێنابوو. مام غەفوور چاویکی لە لووتی پڕ ئاو و کوڵمە سوورەکانی کرد لە سەروەڕا کە جل و بەرگێکی وای لەبەر دانەبوو کوتی:

– ئەورۆ تەواو بوو! سبەینێ وەرەوە بۆت هەڵدەگرم!

دوایەش بۆوەی باسەکەی گۆڕیبێ هەروا کە دەڕۆیشت لێی پرسی:

ئەرێ نێوت چییە؟

– قەفوور!

– ئای بارەکەڵڵا کوڕی خۆم، ئەمنیش نیوم غەفوورە! هەڵێ بڕۆوە باسەرمات نەبی!

ڕۆژی دوایە لەسەروەڕا کە کڕیارەکان وەخت بوو سواری سەری بن، هەر لەبیری مابوو کە بەشی غەفووری ڕاگری و هەرواشی کرد. دوای چۆلبوونی دەوروبەری سەری مەنجەڵەکەی ناوە و چاوەڕوان ماوە. برێك بەسەرچوو، وردە وردە حەوسەڵەی بەسەردەچوو بەڵام غەفوور لە هیچ لایەك دیار

نەبوو! ئاخری وەڕێ کەوتەوە و برێك خوارتر گەیشتە چەند منداڵ کە خەریکی شەڕە تۆپ و خلیسکێن بوون. مام غەفوور ڕووی لە یەکیان کرد و کوتی: ئەرێ ڕۆڵە گیان کێهەتان غەفوور دەناسن؟ کوڕێکی چکۆلەیە وەك خۆتان! منداڵەکان بەپەلە جوابیان داوە:

– کاکم نێوی غەفوورە بەڵام ئەو گەورەیە چکۆڵە نییە؟

– ئەمنیش بابم نێوی غەفوورە!

– برا چکۆڵەکەم نێوی غەفوورە، جارێ منداڵە و لە بەر مەمکانە!

– ئەمن نێوم غەفوورە!

وەڵامەکان خەریك بوو بۆیان دەبوو بەجەفەنگ چونکە ئەو هەمووە غەفوورە لە بەرامبەر مام غەفووردا ریز کرابوون!

– باپیریم نێوی غەفوورە، بەڵام پارەکە مرد!

ئەو جار ئیدی دوای هەر وەڵامە لە قاقای پێکەنینیان دەدا. مام غەفوور کوتی:

– ئەو غەفوورەی ئەمن دەیناسم یەکی چاووبرۆ ڕەشە کە دایمە لووتی پڕە لە ئاو و کولمە کتنیشی بە سەرما سوور دەبنەوە.

کەچی هەموو ئەوانەی دەورەیان دابوو، چاووبرۆیان ڕەش و لووتیان پڕ لە ئاو و بەسەرماش کولمەکانیان سوور هەڵگەڕابوو! ئەو دوو بابولەیەش کە مابوو فرۆشتی و لە حاڵێکدا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە خودا خودای بوو غەفووری لێ پەیدا نەبێتەوە کە ڕۆژی ئەوەڵ لە بەر بێ پووڵی نەیدابوویە ڕۆژی دووەم ئەو پێی نەمابوو. هێشتا چەند هەنگاوێك نەڕۆیشتبوو کە لە دوور ڕا چاوی بە غەفوور کەوت کە بە هەڵاتن بۆ لای دەهات! لە سەر جێی خۆی ڕاوەستا! نەیدەزانی چ بکا؟ زگیشی پێی دەسووتا و بەڵێنیشی پێ دابوو و کەچی ئێستا... منداڵەکە گەیشتە کنی و بە هانکە هانك پووڵەکەی بۆ ڕاداشت و چاوەڕوان ماوە! سەری لێ شێوابوو، چاوێکی لە دەستی کرد کە

هەروا پووڵەکەی بۆ ڕاداشتبوو و چاوەڕوانی بابۆڵە بوو! برێکی ئەو دەست ئەو دەست کرد و سەرەنجام بەبێ وەی هیچ بڵێ ملی ڕێگای گرتەوە بەر. غەفوور دوای هات:

– مامە بابۆڵەیەکم دەیە!

– ....

– مامە بابۆڵەیەکم دەیە هانی ئەوەش پووڵەکەی!

–....

کوتەکەی مام غەفووری ڕاوەشاند:

– مامە...؟؟

مام غەفوور سەری خۆی بەردابۆوە و دەڕۆیشت. غەفوور چەند هەنگاوی دیکەی بە دوادا ڕۆیشت، بەڵام دیتی جوابی ناداتەوە دەستی هەڵگرت و ڕاوەستا. لە پشتەوە ڕا چەمبولەیەکی لێنا و بەوەش ڕانەوەستا، تۆپە بەفرێکیشی ڕێ هالاند!... پشتی کووڕی داچەمیوی، پاڵتووە شڕ و زەلامەکەی سەرپێچ و کڵاوە کامواکەی، داشقەی کولیچە و شورمەزەکەی زۆر زوو لە نێو شەپۆلی جەماوەردا ون بوو...

***

– مامە ئاورت پێیە؟

مام غەفوور شەمچەکەی هەڵکرد و مێر منداڵێك کە تازە دەگەیشتێ سیغارەکەی پێ داگیرساند. لە سەر داشقەکەی کە لە بەر دەرکی ترمیناڵی گەورەی شاری ڕاگرتبوو، چەند بەستەی سیغار لە سەر یەك هەڵچنیبوو و بە دەیان کەس کە بەتەنیشتیدا دەڕۆیشتن، سیغار و شەمچەیان لێ دەکڕی. لەو دەمەدا لاوێکی لاواز و زەرد کوتەکەی ڕاوەشاند!

– مامە! پێتە... بەقوربانت بم دوایە پووڵەکەت بۆ دێنم!

ئەوە جاری چەندەم بووکە پووڵی پێ نەبوو. مام غەفوور سیغارێك و شەمچەیەکی دا دەستی، کەچی دەستی هەڵنەگرت و لە حاڵێکدا هەموو گیانی دەلەرزی و شان و پیلی دادەماڵی دیسان کوتی:

– تو خوداکەت مامە گیان! زۆر نارەحەتم دوایە بۆت دێنم، هەر ئەوجارە! بەقوربانت بم!

مام غەغوور دەیزانی چی دەوێ،... دەستی دا داشقەکەی و بەبێ وەی هیچ بڵێ وەڕێ کەوتەوە.

– مامە گیان! بەقوربانت بم!

– ...

– مامە...؟؟

–...

لەو دەمەیدا کوڕێکی دیکە لە دوور ڕا هاواری کرد:

– غەفوور هەڵێ! مەعموور هاتن!... هەڵێ غەفوور هەڵێ! غەفوور...

مام غەفوور سەری خۆی بە ردابۆوە و دەڕۆیشت. غەفوور چەند جاری دی لە بەری پاڕاوە. کە دیتی جوابی نییە و مەعموورەکانیش خەریکە دەگەنێ دەستی لێ هەڵگرت و بەزووە لە پێچی کووچەکەیدا ون بوو. پشتی کوڕ و داچەمیوی، پاڵتووە شڕە زەلامەکەی، سەرپێچ و کڵاوە کامواکەی دەگەڵ داشقەی شەمچەو سیغارەکە زۆر زوو لە نێو شەپۆلی جەماوەردا ون بوو....

١٣٨٠/٥/٦

## قامووسی کۆڵانەکانی شاری چیرۆکێکی دادە مریەم

هۆنراوەی: عەبدولقادری نیازی

بەئیشکایی لێوەکانمان

لەحەراجە بازاڕی ژوان

ماچەکانمان لێ سوێند ئەدەن

کاتێ باران

دەسۆماکانماندا دەزێ،...

بەقەد دەنکی دڵە کوتەکانی ڕامان

دەسرەی دووری و ماڵئاوایی سەما دەکەن

کاتێ ئەوەی

دەنکە هەنارەکان دەچنێ و

بەبستەباڵا دەناسرێ و

ئەوەی کەوا ملوانکەی قین
ئەخاتە گەردنی گەوهەر،
غافلانە
دەکرێتە خاوەنی گەوهەر،

***

هاوار بۆ ئەو خەیالاتەی
جلکی شەوگار لەبەر دەکەن،
داخ،
بۆ ئەو چەوتە ڕێبازانەی
بەرەو سەرابە حەوشەی خۆڵ
ڕێگا لە هەنگاو ون دەکەن،
لە حەژمەتان
گەووادخانەی ئەو ئاوێنانە دەشکێنم،
پەنجەرەیان هەڵفریواند
بۆ شەوچەلەی سیحری ژەنگ و
وێنە دەستنیشانەکانی
ئەودیوی شووشەیان شان دا،

***

ساڵگارێکە
لەودیوی دەللاقەکانی
بەهەشتە تێك قرماوەکان
لە گومانە ژوانی وەنەوز

پاتاڵە خەون دێتە دی و
لە چوارچێوەی بەندیخانەی بەرهەڵدابوونی وێڵیدا
نزایەك دادەگیرسێندرێ
شەڕ بەناڕەوا سوێند ئەدا و
کەفەڵوکەی،
قینێکی ڕەش
بەسەر باڵای
پێ هەڵنەگرتنی خۆزگەکان
دەپەژێنێ،

***

کاتێ
کیژی هەنارفرۆشی ژیان
چاوەکانی
بەکلی
کاڵبوونەوەی ڕوخساری برینەکان دادەڕێژێ
ساباتە بەر ئاوەژووەکان
لەش ڕاودەنێن
هەتا شۆڕەی
دەروازەکەی چاکە چکۆلەی دارستانە لەش پیسەکان،
حەسانەوە ئاوێزانی باڵای هەناسەکان دەبێ
وەك ئەوەی وا
لە پەراسووە ڕزیوەکەی تارماییەکی ئەودیوی خۆر

گەڕابنەوە
زەردە قۆناغی
دیوار هەڵچنین،
هاوکات
منیش
شەلاڵی ئاواتی خاك بووم
کە
هەنارەکان
بەدەستمدا تلانەوە
وەکو مەمکە کڕیارەکان،
بەڵێنییەکان لەدایك بوون
بڕیار درا
قورمی میچی ژووری ویژدان
دەرخواردی سوێندان نەدەم و
ئەمجارەیان
پەنجەی کیژێ لە سێدارەی مەشکە بەستم،
چوارچرام بۆ ڕابژێنێ
لە شەڕگەی
نێوان چوار پەکدا،
وێرانە خەیاڵی بڕوام
بۆ ئاوەدان بکاتەوە
لە دەستبازی جێ ژوانەکەی

قامك و پەلاپیتكە و چەكدا،
سەد مخابن، سەد مخابن،
لە گەرماوگەرمی گۆڕانی
تەسكە شەقامەكانی
قەڵافەتە دزراوەكانی كچاندا،
دوورگەكانی
ناخی هەستم
پڕن لە بۆنی كچ نەبوون،
بۆشكاندنی
شووشەی لەخۆبایيبوونی كوڕدا،
ئەی كۆچەری ڕێگا وتی ئەم ڕۆژگارە لە پلە بەندە
چاوم دەرێگادا ون بوو
بگەڕێوە و
دوايين سێوی
دڵەكوتەی ڕامانەكانم لێوەكە
ئەوەی ديار بێ
تاسانی بەختەوەرييەكان
تێك پێچانی هێڵەكانی
پيرۆزی سۆزی كێڵی گۆڕی ڕواڵەتانە،
بۆ نازانی؟!
ڕۆژگارێكە
كاتێ

زرِ دایکی پێ نەگەیشتن
پشتی دەستی
سۆزانگای نیگا داغ دەکا،
نیشتمانێك
بەرێژنەکانی خەیاڵات
ئەگریجەی ژانەکان دەشوا و
بەتەقەڵڵای
پەیامە جاڕزەکان
کۆبوونەوە هەڵدەسووڕێ
لە ژێر ئەشکی
ئاڵا شینەکەی خودادا و
ئەو پیرە داخانەی گزینگ
کەوا لە ژێر
بێ بەزەیی کوێرایی تاریکییەکاندا
غوسڵی جوانەمەرگی دراون
دەنێردرێنە گۆڕستانی تابووتە بێ دەرکەکانی گۆڕی وەفا،

***

دادە مریەم
لەو کاتە کە
دەستەکان،
دوو وێرانەی پڕ لە ماچی چۆڵ کراون،...
مژۆڵکە دووبەرکییەکان

خۆڵەمێشی دیسانەوە سووتێندراوی

ئاگردانی

چوار وڵاتی بەجێ ماون،...

تەنانەت

هیچ وەرزێرێك

بنە تۆوی چەپۆکیش خۆ ناچەقێنێ،

لە دڕکە جاڕی ئازاری

بێ دەنگستانی

دەواری بێ نیسێی هەتاو!،...

بڵێی کەنگێ

دەستە شکاوەکەی تەمەن

لە گەردنی ئەو هەرەسە بێتە خوارێ

کەوا لەگەڵ

وەرزە بەتەماحەکانی قاتی و قوڕی،...

دڵدارانە هاتنە بەرچاو؟!!!...

***

لە گەڕانی نێو کۆڵانی ڕابردوٚکی هەڵوەشاودا

دێرکاتێکە

بۆ داهاتووە دەنکەکانی

داچۆڕاوە مورووی ئەوڕۆ

سەماکەری یەکدی گیراوی دەریا قەتیسماوەکان

هەڵدەپەڕن

بەدەم گۆرانی ڕازی ڕۆژانەی
قامووسی ژانمان،

***

«کاڵەی قەڵەمەکان دڕا و چییان پێ نەبڕا» (١)
بەڵام،...
«دادە مریەم»
تۆ بڵێی تا کەی؟!
تۆ بڵێی تا کەی
چاوی بزە بەئاوی تووڕەیی بشۆرێ؟!
ئەمن دەڵێم
شووشە خۆ هەر دەبێ بشکێ
دەبا پێش شکان
ببێتە ژوانگەی
شێتی و سەمای خۆر،
ئەوسا لەتك و ئاو
برژێنە گۆڕێ!!؟!

٨٣/٤/٢٧

پێشکەشە بە «دادە مریەمی خۆشەویستم» و هەروەها چیرۆکەکانی کە هەموو جارێ مچۆڕکم بەلەش دادێنێ.
بەسوپاسەوە: عەبدولقادری نیازی.

---

(١) ئەم دێڕە مەسەلکێی فۆلکلۆرە و بەدەستتێوەردانێکی ساکار بەکارم هێناوە.

## پێڕست

پێشکەشە ........ ٥
پێشەکی ........ ٧
تەقینەوەیەك و ئیتر ........ ١٣
لە جێژوانێکدا ........ ١٦
بۆنی عەتر و تەزووی سەرما ........ ٢٠
خولانەوە ........ ٢٤
ئاگر و با، ئاو و گڵ ........ ٢٦
ژیان لێرەیە ........ ٣٢
شەوێکی بارانی و ماڵەکانی ڕاستەی شەقام ........ ٣٦
سەودا ........ ٣٩
بەڵام ئاوایان دەگێڕایەوە کە ........ ٤٦
قیبلەگاه ........ ٥٣
هێندێ لە مرۆڤەکان ........ ٥٨
ئەوان پەیکەرەکانیان بۆ سەماکردن دەویست ........ ٦٢
ڕەشەکوژی ........ ٦٧
هاتنە ژوور قەدەغەیە ........ ٧٠
لەبەر دەرکی نهۆمی یەکەم ........ ٧٨
قەتاڵەیەك پڕ لە خۆشەویستی و ئیتر کۆتایی چیرۆك ........ ٨٢
هەزاران جووتە چاو ........ ٨٥
چرا سەوز و سوورەکان ........ ٩٠
ئەگەر هەموو دنیاش بدەم ........ ٩٣
جەحەندەمی سارد ........ ٩٦

شەوێکـی بـارانـی ...... ١٠٢
فـرِی فـرِی ...... ١٠٨
هـاچـەری دەرەکـی ئـەو مـاڵـەی کـە فـرۆشرابـوو ...... ١١٢
خودا و هێلانەی دەعبای یوێر ...... ١١٨
تـەقـیـنـەوە ...... ١٢٢
قامووسی کۆڵانەکانی شاری چیرۆکێکی دادە مریەم ...... ١٢٨